# ڕۆژنامە

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.482 Wed 3/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 482 چوارشەممە 3/ 6/ 2009


## نانبڕین پاسەوانی بەرپرسانیش دەگرێتەوە

ل ٢



## دووڕیان یان سێ؟

ئاودێر شێخ عومەر

ل ٧

## «خروقات کەس ناگەیەنێتە دەسەڵات»

# ئایا کۆمسیۆن سزای لیستی کوردستانی دەدات؟

ل ٣




زاخۆ: لیستی کوردستانی پێش ماوەی یاسایی، هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی دەستپێکردووە
فۆتۆ: سایتی یەکگرتوو

## لێپرسراوێتی مەڵبەندی دەرەوە لەباڵی ریفۆرم سەنرایەوە

ڕۆژنامە

بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی لێپرسراوێتی مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە، لە جەمالی حاجی محەمەد سەندرایەوە، کە ئەندامی سەرکردایەتی سەر بەباڵی ریفۆرمە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی سەرچاوەیەکی بەرپرس، دوێنێ کلیلی مەڵبەندەکەیان کە ئیشوکارەکانی لەناو چەند ژوورێکی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی بەڕێدەکرا، لەپێشمەرگەکانی مەڵبەند سەندووەتەوەو مووچەی پێشمەرگەکانی بەرپرسی مەڵبەندیشیان بڕیوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە ماوەیەکە جەمال محەمەد لەوڵاتی چینە بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی برینەکانی کەساڵی ١٩٩٦ لەشەڕی نێوان یەکێتی و پارتی بریندابووە. دوێنێش نەشتەرگەریی بۆ ئەنجامدراوە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەوسەرچاوەیەی ڕۆژنامە، مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی، زیاتر لەساڵێکە لە ئەورووپاوە هێنراوەتەوە سلێمانی، تەواوی ستافی مەڵبەندەکە هەڵوەشێنراوەتەوە بەپاساوی ئەوەی سەربەباڵی ریفۆرمن.

## «پێویستە کاتی زیادکراوی پەرلەمان بۆ دەستوور بەکار نەهێنرێت»

ل ٤

## زەوی بازاڕێک دەدرێتە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی

سامان بەشارەتی

بازاڕی تایەفرۆشانی شاری هەولێر، کە نزیکەی (١١١) دوکانە، تێکدەدرێتو زەوییەکەی دەدرێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لەبەرامبەریشدا قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «حکومەت ئارەزووی خۆیەتی زەوی بەکێ دەدات، هیچ کەس ناتوانێت ڕێگریی لێبکاتو دەبێت ئەوبازاڕەش تێکبدرێت».

تایەفرۆشانی شاری هەولێر بەهۆی تێکدانی بازاڕەکەیانەوە خۆپیشاندانێکیان سازکردو داوایان لەسەرۆکی حکومەت کرد، بەدەم داواکەیانەوە بێتو ڕێگەنەدات ئەو بازاڕە تێکبدرێت، چونکە ئەو زەوییە کاتی خۆی سەرۆکی حکومەت بەدیاریی پێیداون، بەقسەی خۆپیشاندەرەکان ئەو زەوییە دراوەتە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی، ئاماژەیان بەوەشکرد «نابێت لەبەر بەرژەوەندی تاکە کەسێک بژێویی پێنج هەزار خێزان تێکبچێت لەم بازاڕەدا، ناشزانین دوکانەکانمان چۆنەو چۆن بەرماندەکەوێت». (نیهاد لەتیف قۆجە) قایمقامی قەزاری ناوەندی هەولێر، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کاتی خۆی ئەو زەوییانە دراوەتە ئەو تایەفرۆشانە بۆماوەی دە ساڵ، ئێستاش حکومەت بەباشی دەزانێت لێیان وەربگرێتەوەو لەپشت ناوچەی پیشەسازیی باشووری هەولێر دوکانیان بۆ دروست بکات».

سەبارەت بەوەی گوایە ئەو زەوییە دەدرێتە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی بۆیە ئێستا ئەوبازاڕە تێکدەدرێت، نیهاد قۆجە وتی: «ئەوە موشکیلەی ئەوان نییە حکومەت زەوی بەکێ دەدات، کەس ناتوانێت ڕێگریی لێبکات، دەشبێت ئەو دوکانانە تێکبدرێنو بگوازرێنەوە بۆ ئەو جێگایەی بۆیان دیاریکراوە».

بازاڕی تایەفرۆشان پێکهاتووە لە (١١١) دوکان، دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی کۆیە_ هەولێر، کە زیاتر لەپێنج هەزار خێزان بژێویی ژیانیان لەسەر ئەم بازاڕەیە، بەڵام ئێستا بەبڕیارێک ئەو بازاڕە تێکدەدرێت.




## بێ پسوڵەی ناوەندەکانی دەنگدان، ئاسایش مووچە بە کارمەندانی نادات

فاخیر تەلانی

ئاسایشی سلێمانی بەنووسراوی ڕەسمیی ئاگاداری ئەفسەرو کارمەندەکانی دەکاتەوە، بەبێ هێنانی پسوڵەی ناوەندەکانی دەنگدان مووچەیان بۆ سەرف ناکەنو ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنیش ئاماژە بەوەدەکات، پسوڵەی لەوجۆرە نادەنە هاوڵاتییان.

بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی بەنووسراوی ژمارە/١٠١٤٠ لە ٢٠٠٩/٥/٢٧سەرجەم بەڕێوەبەرێتیو یاریدەدەرێتی بنکەو بەشەکانی ئاسایشی ئاگادارکردووە، کە سەردانی ناوەندەکانی دەنگدان بکەن،هەرکارمەندێک پسوڵەی دەنگدان لەو ناوەندانە نەهێنێت مووچەکەی بۆ سەرف ناکرێت لەدوای دەرچوونی ئەو بڕیارەی ئاسایشی سلێمانیش، کارمەندانی ئاسایش سەردانی ناوەندەکانی دەنگدانیان کردووە، بێئەوەی لەلایەن ناوەندی دەنگدانەوە هیچ پسوڵەیەکیان بدرێتێ.

تاهیر محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەوەی ڕەتکردەوە، پسوڵەی ڕەسمیی بدەنە هاوڵاتییانو فەرمانبەرانو پۆلیسو ئاسایش، وتیشی: «لەکاتی سەردانیکردنی هاوڵاتییان تەنیا وەرەقەیەکی سادەیان دەدەینێ، ئەمەش تەنیا ناوی شوێنی دەنگدەرەکەی لێ دەنووسرێت. ئەو نووسراوەی ئاسایش لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەیەو هیچ پەیوەندییەکی بەئێمەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هاوڵاتییەک پێویستە تەئکید لەڕاستیو دروستی ناوەکەی بکاتەوە».



# چەندین پێشێلکاریی ئەنجامداوە

## ئایا کۆمسیۆن سزای لیستی کوردستانی دەدات؟

**فەلاح نەجم**

پێش دیاریکردنی وادەی یاسایی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە، یەکێتیو پارتی کەوتوونەتە بانگەشە بۆلیستی کوردستانی، هاوکات ئەندامێکی دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەسەرپێچی لەقەڵەمی دەداتو دەڵێت: «هەرلیستێک پێش وادەی دیاریکراو بانگەشەبکات سزادەدرێت».

هەرچەندە بڕیارە (٧/٢٥)ی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەڵام تائێستا بەڕەسمیی کۆمسیۆن کاتی بانگەشەی بۆئەو هەڵبژاردنە دیارینەکردووە، چونکە لێکۆڵینەوە لەکاندیدی لیستەکان تەواونەبووە، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە کۆمسیۆن دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن رادەگەیەنێت، ئەمە لەکاتێکدایە یەکێتیو پارتی لەدەسپێشخەرییەکی نایاساییدا دەستیانکردووە بەبانگەشە بۆلیستە هاوبەشەکەیان.

بەپێی وتەی سەردار عەبدولکریم ئەندامی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەولیستانەی کە سەرپێچی دەکەن کۆمسیۆن لەڕێگەی ئەو ئۆفیسانەی لەپارێزگاکاندا هەیەتی پێشێلکارییەکانیان بەدوو شێوە تۆماردەکات، یەکەم: کۆمسیۆن بەپێی گەورەو بچووکی سەرپێچییەکە بڕێک پارە لەو (٢٥) ملیۆنە دەبڕێت کە هەرقەوارەیەک لەلای کۆمسیۆن دایناوە، دووەم لەڕێگەی دادگاوە قەوارەکان دەتوانن دوای یاسایی لەسەر ئەولیستە تۆماربکەن، کە سەرپێچی کردووە لەڕێگەی دادگاوە یەکلایی دەکرێتەوە.

سەرەڕای ئەودروشمانەی ئەو دووحیزبە بۆلیستی کوردستانی هەڵیدەواسن، بەشێک لەبەرپرسانی حیزبیی بانگەشە بۆ ئەولیستە دەکەن، بۆ نموونە جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی لەیادی ٣٤ساڵەی دامەزراندنی حیزبەکەیدا وتی: «وەکو ئەندامێکی یەکێتی داوادەکەم کە ئێوە خەباتبکەن بۆئەوەی لیستی یەکێتیو پارتی زۆرترین دەنگ بهێنێت، بەڵام دەمەوێت داوایەکی تایبەتی بکەم لەئەندامانی یەکێتی لەدۆستەکانی یەکێتیو لەپاڵێوراوەکانی، لەوانەی یەکێتییان خۆشدەوێت، نەک هەر بۆلیستی کوردستانی، بەڵکو بۆ جەنابی کاک مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم دەنگ بدەن»

ئەم وتانەی تاڵەبانی بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانو رێنماییەکانی کۆمسیۆنی هەرێم دەچێتە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە بۆلیستی کوردستانی، کە بەپێی وتەی حاکم سەردار ئەگەر لێپرسینەوە بکرێت وەک سەرپێچییەک بۆ لیستی کوردستانی لە قەڵەمدەدرێت.

سەرەڕای بوونی ئەوپێشێلکاریانەی لیستی کوردستانی، بەڵام کۆمسیۆن لەلایەن خۆیەوە تائێستا هیچ جۆرە پێشێلکارییەکی بەڕەسمیی تۆمارنەکردووە، کە لەلایەن قەوارەیەکی سیاسییەوە کرابێت، کە بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.




## ڕێکخراوەکان ڕەخنە لەپێشێلکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەگرن

# «خروقات کەس ناگەیەنێتە دەسەڵات»

**هەستیار قادر**

دەستپێکردنی پێشوەختی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەلایەن لیستی کوردستانییەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نیگەران دەکاتو پسپۆڕێکی بواری هەڵمەتی هەڵبژاردنیش دەڵێت: «ئەولایەنەی بەخروقات دەسەڵات وەربگرێت گەندەڵ دەبێت».

لەگەڵ ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەهۆی کۆتایی نەهاتنی وردبینی پاڵێوراوەکانەوە وادەی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بۆ لیستەکانی پەرلەمانی کوردستان دیارینەکردووە، لیستی کوردستانی (یەکێتیو پارتی) ماوەیەکە دەستیانکردووە بەهەڵمەتی هەڵبژاردنو لەڕێگەی هەڵواسینی لافیتەی جۆراوجۆرو لێدوانی بەرپرسە حیزبییو حکومییەکانەوە.

ئارام جەمال، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی پەیمانگای کوردی بۆهەڵبژاردن (KIE) دەستپێکردنی ئەو هەڵمەتی هەڵبژاردنەی لیستی کوردستانی بەپێشێلکردنی یاسای لەقەڵەمداو وتی: «دەبوایە حیزبی دەسەڵاتدار ڕێگەی لەوهەڵمەتانە بگرتایەو ئەوهەنگاوە هۆکارێکی سایکۆلۆژی لەپشتەوەیە بۆنیشاندانی هێزی خۆیانو ناشرینکردنی لایەنی بەرامبەرو دەیانەوێت لایەنی بەرامبەریش بخەنەناو ئەو دۆخەوەو فەوزایەک دروست بکەن».

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (KIE) ئاماژەی بەوەشدا، کە ڕێکخراوەکەیان تۆڕێکیان پێکهێناوە بۆتۆمارکردنی ئەوپێشێلکارییانەو ڕوونیشیکردەوە، کە دەستپێکردنی پێشوەختی هەڵمەتی هەڵبژاردن کاریگەریی نابێت لەسەر دەنگدەری هوشیار.

هاوکات لەگەڵ لیژنەی گازندەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان تۆڕی سەربەخۆی چاودێری هەڵبژاردنیان پێکهێناوە، کە هەریەک لەڕێکخراوەکانی (KIE)و (CSI)و (DHRD)و (DHRD) لەخۆدەگرێتو بەپێی قۆناغەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانو هەڵمەتی هەڵبژاردنو ڕۆژی هەڵبژاردنو قۆناغی دوای هەڵبژاردنیش کارەکانیان دابەشکردووە بۆچاودێریکردنی پرۆسەکەو تۆمارکردنی پێشێلکارییەکان لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەو سایتو لایەنەکانی دیکەوە.

شۆڕش ئەمین ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵگەی مەدەنی (CSI) دەستپێکردنی پێشوەختی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەلایەن لیستی کوردستانیەوە بۆ دووهۆکار دەگەڕێنێتەوە، کە ئەوانیش بێهێزیی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو هەستکردنی یەکێتیو پارتییە بەوەی کە بەتەنیا خاوەنی کوردستانن دەڵێت: «بێدەنگبوونی کۆمسیۆن بەرامبەر بەوپێشێلکارییانە کۆمسیۆن دەخاتە ژێر پرسیارەوەو لەهەمانکاتیشدا یەکێتیو پارتی تەسەورناکەن ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەنو کوردستان بەموڵکی خۆیان دەزاننو لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا داموودەزگاکانی حکومەت بەکاردەهێنن ئەمەش پێچەوانەی بیرۆکەی جیاکردنەوەی حیزبە لەحکومەت».

شۆڕش ئاماژەی بەوەدا، کە بۆچوونی یەکیَتیو پارتی سەبارەت بەوەی کە هەرلەدەسەڵاتدا دەمێننەوە، دژبە خودی سیستمی دیموکراسیەو وتیشی: «یەکێتیو پارتی عوقدەیان هەیەو پێیانوایە ئەوان کوردستانیان رزگارکردووەو هەرخۆیان دەتوانن وڵات بەڕێوەبەرن»

پێشێلکاریی هەڵمەتی هەڵبژاردنیش بەڕای پسپۆڕێکی ئەوبوارە پەیوەندی بەکەلتووری کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە وەک کۆمەڵگایەکی خۆرهەڵاتی، ئاشتی حەمەساڵح، پسپۆڕ لەبواری بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کۆمەڵگای کوردی وەک کۆمەڵگایەکی خۆرهەڵاتی، تائێستا نەگەیشتووەتە ئاستێک کە تەقەبولی دیموکراسیو ململانێی مەدەنیانەی دەسەڵات بکاتو کوردستانیش لەقۆناغی وەرچەرخاندایە، بۆیە نەخەڵکو نەدەسەڵاتو حیزبەکانیش ناتوانن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن».

ئەو پسپۆڕەی بواری بانگەشەی هەڵبژاردن پێیوایە، ئەنجامدانی پێشێلکاریی لەهەڵبژاردندا بەزیانی کورد دەشکێتەوەو تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانەی هەڵبژاردن، کوردستان دەخاتە لیستی ڕەشەوە، وتیشی: «هیچ لایەنێک پێشێلکاریی هەڵبژاردن نایگەیەنێتە دەسەڵاتو گەر بگاتە دەسەڵاتیش گەندەڵ دەبێتو لەهەڵبژاردنی دواتردا دەیدۆڕێنێت»



# وتەبێژێک: ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕووی حکومەتی سپی کردووە

**ڕۆژنامە**

وتەبێژێک بەناوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە، ڕایگەیاند، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕووی حکومەتی سپی کردووە لەسەرجەم ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانی، بەهۆی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییو هەروەها یەکسان دابەشکردنی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان.

ئەم لێدوانەی وتەبێژەکەی ئەنجومەن لەدوای ئەووتارەی چیا هەوار دێت کە لە ژمارە (٤٨٨٥)ی ڕۆژی دووشەممە (٢٠٠٩/٦/١)ی لاپەڕە (٤)ی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوەو نووسیویەتی «کەموکوڕیی خزمەتگوزاریی پارێزگای سلێمانیو ئەنجومەنی پارێزگا لێی بەرپرسن».

وتەبێژەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە ئەو بودجە کەمەی لەبەردەستیاندا بووە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە خشتەی دیاریکراو پرۆژەی بۆ سەرجەم ناوچەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی جێبەجێکردووە «ئەمەش لای خەڵکی هەم جێگای دەستخۆشی بووە، هەم جێگای سەرسوڕمان بووە، کە حکومەت بەوشێوەیە ماوەی (٤) ساڵە ئاوڕ لە هاوڵاتییان دەداتەوە».

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ٢٠٠٥/١/٣١دا هەڵبژێردراوەو یەکەم کۆبوونەوەی لە ٢٠٠٥/٣/٥دا ئەنجامداوە، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٦دا بڕی (٧٩٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دیناری بەدەستگەیشتووە، کە بەپێی فۆرمی خۆراک بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشکراوە، بۆ هەر تاکێک (٥٧٠٠٠) هەزار دیناری بەرکەوتووەو سەد پرۆژەی گەورەو بچووکی پێ جێبەجێکراوە، ساڵی ٢٠٠٧ بڕی (١٦٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینار، بۆ هەر تاکێک (٨٩٠٠٠) هەزار دیناری بەرکەوتووە، (٢٥٠) پرۆژەی گەورەو بچووکی پێ جێبەجێکراوە، بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بڕی (٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینار تەرخانکراوەو بۆ هەر تاکێک (١٠٤,٠٠٠) هەزار دیناری بەرکەوتووە، (٢٧٥) پرۆژەی گەورەو بچووکی پێ جێبەجێکراوە.

وتەبێژەکە وتیشی: «بەو کەسەی وتارەکەی نووسیوە دەڵێین دەبوایە لە یادی ٦/١دا چەپکە گوڵی پیرۆزبایت ئاراستەی نوێنەرانی حیزبەکەت بکردایە، کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنن، نەک تفەنگ بنێیت بە تاریکییەوە بە ئامانجی ئەوەی بەری خۆر بە بێژنگ بگریت».

## لێدوانەکانی سکرتێری ڕۆژنامەوانی نێچیرڤان بارزانی ڕەتدەکەنەوە

# کۆمەڵو یەکگرتوو: باحکومەت بەڵگەی یاسایی لەسەر موخابەراتی وڵاتانی دراوسێ بڵاوبکاتەوە

دلێر عەبدولخالق

هەریەکە لەیەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، وتەکانی سکرتێری ڕۆژنامەوانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت ڕەتدەکەنەوە، کە تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە حیزبە ئیسلامیەکانو ڕاگەیاندنەکانیان بەفیتی وڵاتانی دراوسێ کاردەکەن، هاوکات داواش لەحکومەت دەکەن، ئەگەر بەڵگەیان لەبەردەستە پێویستە بڵاویبکاتەوە.

لەڕوونکردنەوەیەکدا بۆڕۆژنامە کە لەژمارە (٤٧٨)ی ڕۆژی پێنجشەمەدا بڵاوکراوەتەوە، محەمەد خۆشناو سکرتێری ڕۆژنامەوانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت، لەبارەی ئەگەری تێوەگلانی بەشێک لەڕاگەیاندنی کوردی بەکاری سیخوڕییو دەزگا هەواڵگرییەکان، ئاماژە بەناوی چەند ڕۆژنامەیەک دەکات، کە وەک بزووتنەوەیەکی نهێنیو شاراوە دروستبوونو بەفیتی موخابەراتی وڵاتانی دراوسێ ئیشدەکەنو بەتایبەتیش ناوی حیزبە ئیسلامییەکانی هێناوە.


نێچیرڤان بارزانی

لەبەرامبەر وتەکانی وتەبێژی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی لەڕوونکردنەوەیەکدا بەتوندی ئەوتۆمەتە ڕەتدەکاتەوەو تیایدا هاتووە: «تاوانبارکردنی زۆرینەی میدیای کوردی ئازاد، بەوەی دەستی موخابەراتی وڵاتانی دەوروبەریان لەپشتەوەیەو ناوهێنانی حیزبە ئیسلامییەکان لەونێوەندەداو تۆمەتبارکردنیان. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئەوەندەی پەیوەندی بەیەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە هەیە، بەتوندی ئەوتۆمەتە ناڕەوایە ڕەتدەکەینەوەو داواش لەسەرۆکایەتی حکومەت دەکەین بەڵگەی یاسایی لەسەر هەرکەسو دەزگایەک هەیە بڵاوی بکاتەوەو ڕێوشوێنی یاسایی لەدژی بگرێتەبەر».

لەلایەکی دیکەشەوە، وتەبێژی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی تۆمەتبارکردنی حیزبە ئیسلامییەکانو ڕاگەیاندنەکانیان بەکاری سیخوڕیی بە «پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن» ناودەباتو کە «حکومەت لەجیاتی حیزبەکان بەڕێوەیدەبات».

عەبدولستار مەجید، وتەبێژو کارگێڕی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەسەروبەندو نزیکبوونەوەی کاتی هەڵبژاردنەکان پڕوپاگەندەو تۆمەتبارکردن زیاددەکات، بەڵام «ئەوەی سەیرو ناڕێکو پێچەوانەی هەمووعورفو یاسایەکە، حکومەت هەستێت بەبانگەشەکردن بۆلایەنێک دژی لایەنێکی دیکە». وتیشی: «پێویست بوو وتەبێژەکەی سەرۆکی حکومەت ناوی ئەو کەسو لایەنانە دیاریبکات کە سیخوڕیی دەکەنو دەستی دەرەوەن، نەک بەپێچەوانەوە بۆ ناوزڕاندن ناوی حیزبە ئیسلامیەکان بهێندرێت».

وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی ئاماژەی بەوەشکرد، پێویستە حکومەت بێلایەنی خۆی بپارێزێتو یاساکان بەڕێوەبباتو وابکات بانگەشەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دروست بەڕێوەبچێت، ئەو کەسو لایەنانەی سیخوڕیی دەکەنو دەستی دەرەوەن، بدرێنە دادگاو بەپێی یاسا ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێت، حکومەت نەبووەتە هاوڵاتی بڵێت دەسەڵاتم نییە!؟ عەبدولستار مەجید وتیشی: «لەکاتێکدا ئەوتۆمەتانە ڕەتدەکەینەوەو ئەوەش ڕادەگەیەنین ڕاگەیاندنی ئێمە ڕاگەیاندنێکی نەتەوەییو ئیسلامی ڕەسەنەو هەڵقوڵاوی ناوجەماوەرو نیشتمانی خۆمانە»

# نانبڕین پاسەوانی بەرپرسانیش دەگرێتەوە

بەرهەم خالید

پاش ئەوەی لەماوەی ڕابرروودا دەسەڵاتدارانی یەکێتی مووچەی ئەوئەندامو کادیرانەیان بڕی کەکار بۆلیستی گۆڕان دەکەن، مووچەی پاسەوانانی ئەو ئەندام سەرکردایەتیانەش بڕرا کە بڕیاریانداوە کار بۆلستی گۆڕان بکەن، ئەوە لەکاتێکدایە ئەو مووچەیە تەنیا سەرچاوەی بژێویی ئەوکەسانەو خێزانەکانیانە.

پاش ئەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢ی وەک دواوادە بۆ ئەوئەندامانەی سەرکردایەتی دیاریکرد کە بەباڵی ریفۆرم ناسراون بۆئەوەی خۆیان یەکلایی بکەنەوەو ئەوانیش ئەوداوایەیان پشتگوێخست، دوێنێ ژمارەیەک لەپاسەوانانی ئەو ئەندامانە بەمەبەستی مووچە وەرگرتن سەردانی شوێنەکانی خۆیان کردووە، بەڵام مووچەیان پێنەداونو پێیانوتوون یان دەبێت واز لەوبرادەرانە بێنن، ئەگینا مووچەتان پێنادرێت.

سەیوان ڕەسوڵ، کە ماوەی (١٤) ساڵە پێشمەرگەیەو یەکێکە لەپاسەوانەکانی جەمال حاجی محەمەد، لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی یەکێتی، دوێنێ بەنیازی وەرگرتنی مووچە سەردانی بارەگای بەڕێوەبەرێتییەکەیان کردووە، بەڵام مووچەیان پێنەداوە، سەیوان ئاماژە بۆئەوەش دەکات، کە ئەو مووچەیە سەرچاوەی سەرەکی بژێویی زۆرێک لەو پاسەوانانەیەو وتیشی: «ئێمە نزیکەی (٢٢) کەسین ویستمان مووچە وەربگرین، بەڵام پێیان وتین ئێوە مووچەکەتان ڕاگیراوە لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەو برادەرانە کاردەکەنو ئەگەربەردەوامبن مووچەتان پێنادرێت».


فۆتۆ: عەبدولڕەحمان

## قوتابخانەی حەسارۆستی بنەڕەتی لە تاسڵوجە بۆ یادی یەکێتی تابلۆی قوتابخانەکە بە لافیتەی یادەکە دادەپۆشرێت

## دەستەی داکۆکیکردن لەمافی زیندانیانی سیاسیی:

# بۆسەندنەوەی مافەکانمان، لەحکومەتی خەمساردی هەرێم دەست بەخۆپیشاندانو مانگرتن دەکەین

دلێر عەبدولخالق

دەستەی داکۆکیکردن لەمافی زیندانییە سیاسیەکان، ڕەخنەی توند ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکەنو ئاماژە بەوە دەدەن، کە «پەرلەمانو حکومەت لەبەرامبەر مافی ڕەوای زیندانیانی سیاسیی تاسەرئێسقان بەرەوگەندەڵی دارمانی سیاسی چووەو دووساڵە لەبودجەی ١٧٪ی هەرێمی کوردستان دەستیان گرتووە بەسەر بیستوپێنج ملیار دینارو ئامادەنین یەک دینار بەزیندانیانی سیاسیی بدەن».

لەبەیاننامەیەکی دەستەی داکۆکی لەمافی زیندانییە سیاسیەکان، کە ڕۆژی (٥/٣١) بڵاویانکردووەتەوەو وێنەکی گەیشتووتە ڕۆژنامە، تیایدا هاتووە: «حکومەتی هەرێم بەداهاتی گشتی ١٧٪کەی کە قووتی خەڵکو نفوسی کوردستانە، بێجگە لەو هەموو باجو خەراجەش کە سەپاندوویەتی بەسەر هاوڵاتییاندا، هێشتا چاوی بڕیوەتە مافی زیندانییە سیاسیەکان، کە بۆ دووساڵ نزیکدەبێتەوە لەجێبەجێکردنی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەیاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ وەک ڕێزلێنان بۆ خەباتو تێکۆشانی زیندانیانی سیاسیی سەرجەم عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە قەرەبوو کراونەتەوە، بەپێدانی مووچەیەکی مانگانە بەبڕی پێنجسەد هەزار دینار، بەڵام مخابن حکومەتی هەرێم بڕی پارەی تەرخانکراوی تایبەت بەزیندانیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان، کە بڕی بیستوپێنج ملیار دینارە بۆهەر ساڵێکو خراوەتە سەر بودجەی ١٧٪ی هەرێمی کوردستان، دەستیان بەسەرداگرتووەو ئامادەنین یەک دینار بدەنە زیندانیانی سیاسیی».

لەبەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە: «لەکاتێکدا ئەم ناهەقیو سووکایەتییە بەمافی ڕەوای زیندانیانی سیاسیی دەکرێت، کەچی بەبەرچاوی هەمووانەوە جاش دەکرێتە پێشمەرگەی دێرین، جاسوس دەکرێتە ڕێکخستنی نهێنی، ئەنفالچی شەهیدانەی بۆ دەبردرێتەوە، ئەوانەی خیانەتیان بەگەلو نیشتمان کردبوو دەستبەسەر فایلەکانیاندا گیراو هەرئەوانیش بوون بەهەزاران زیندانی وەک ئێمەیان ڕەوانەی گرتووخانەکانی بەعس کرد، کەچی ئێستا لەناوەندی بڕیاردانی حکومەتی هەرێمن، بۆ زیاتر زەوتکردنی پایەی دەسەڵاتیان دوور لەهەموو بەهایەکی ئینسانیو دیموکراسیو نەتەوەیی ئۆتۆمبێلو دەمانچەو دەفتەرەدۆلار بەسەر دیوەخانی سەرۆک جاشەکانو ئەنفالچیەکانو فایلدارەکان دەبەخشنەوە».

لەکۆتایی بەیاننامەکەشدا دەستەکە داوای لەزیندانیانی سیاسیی کردووە، هەڵوێستیان هەبێتو دەڵێت: «لەسەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بێنە مەیدان بۆ ناڕەزایی دەربڕین، لەڕێگەی خۆپیشاندانو مانگرتن، بەئامانجی سەندنەوەی مافە ڕەواکان لەحکومەتی خەمساردی هەرێم».

# پێنج مانگ تێپەڕیوە، پەرلەمان بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی پەسەند نەکردووە

**بەرهەم خالید**

هەرچەندە پێنج مانگ لەساڵی ٢٠٠٩ تێپەڕیوە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان هێشتا بودجەی ئەمساڵی هەرێمی پەسەند نەکردووە، پسپۆڕێکی ئابووریش هۆکاری ئەوە بۆ «نەبوونی کەسی پسپۆڕو شارەزا لە دەسەڵاتدا» دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە، دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر پرۆژەکانو پلانی دارایی حکومەت، ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانیش دەڵێت، لەم خولەی پەرلەماندا بودجەکە پەسەند دەکرێت.

رۆژی ٢٠٠٩/٥/٦ پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵی هەرێم کردو لیژنەکانی راسپارد بۆئەوەی راپۆرتی خۆیان لەوبارەیەوە ئامادەبکەن، بۆئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە بەمەبەستی پەسەندکردن، ئەوە لەکاتێکدایە (٥) مانگ لەساڵی ٢٠٠٩ تێپەڕیوە.

جوتیار مەجید، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری دارایی‌و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند، دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی عێراق یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی بودجەی هەرێم، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە «لە هەرێمیش خەمساردیی هەبووە»و پەسەندکردنەکەی دواخستووە، وتیشی: دواکەوتنی بودجە کاریگەریی زۆر لەسەر هەرێم جێدەهێڵێت، چونکە دەبێت حکومەت پلانی دارایی هەبێتو ئەو بڕە پارەیە خەرج بکات، بەڵام بە دواکەوتنی کاریگەریی خراپ لەسەر بواری وەبەرهێنانو بازاڕو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەبێت، «حکومەت ناتوانێت سیاسەتی دارایی خۆی جێبەجێبکاتو ئامانجەکانی خۆی بپێکێت».

ئەندامەکەی لیژنەی دارایی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە ئەوان وەک لیژنەی دارایی، هەفتەی رابردوو راپۆرتی خۆیان لەسەر بودجەکە تەواوکردووەو سەرۆکایەتیی پەرلەمانیان لێ ئاگادارکردووەتەوە، «ئێستا چاوەڕێین سەرۆکایەتیی پەرلەمان رۆژێک دیاری بکات بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنی، بۆئەوەی بودجەکە دابەشی سەر کەرتە جیاجیاکان بکرێتو پەسەند بکرێت، چاوەڕێدەکەم لەم خولەی پەرلەماندا بودجەی ئەمساڵ پەسەند بکرێت».

بودجەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٨) تریلیۆن دینارو (٨٥٧) ملیارو (٢٦٣) ملیۆن دینارەو دوو تریلیۆنی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراوە، هەربۆیە دواکەوتنی کاریگەریی لەسەر کەمبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان جێدەهێڵێت.

د.خالید دەلۆیی، پسپۆڕی ئابووری، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «لە وڵاتانی دیکە پێش چەند مانگێک حساب بۆ بودجە دەکرێت، بۆئەوەی وەزارەتەکان بتوانن بەرنامەی خۆیان لەسەر ئەو بودجەیە دابنێن».

ئەو پسپۆڕە ئابوورییە دواکەوتنی بودجە بە هۆکارێک دەزانێت بۆ کەمبوونەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، لەبەرئەوەی پەسەندکردنی بودجەی هەرێم لە پەرلەمان زۆر دواکەوتووە، ئەوەش کاریگەری سلبی لەسەر وەزارەتەکان دروستکردووە، چونکە هیچ وەزارەتێک نازانێت بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکەی چەندەو بواری وەبەرهێنان کەمدەکاتەوە، وتیشی: «بە بۆچوونی من نەبوونی کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە ناوەندە باڵاکانو پابەندبوونمان بە حکومەتی ناوەندەوە، هۆکاری دواکەوتنی بودجەیە لە هەرێمدا».

## پەرلەمانتارێکی هەرێم: پەرلەمان ئاگای لە ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم نییە

# ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بێ ئامادەبوونی بەرپرسانی بەغدا بەڕێوەچوو

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

رێوڕەسمی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بێ ئامادەبوونی بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق بەڕێوەچوو، ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت «پەرلەمان ئاگای لە ناردنە دەرەوەی نەوت نییە».

هەرچەندە تائێستا رێکەوتنێکی رەسمیی لەنێوان هەولێرو بەغدا نییە بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم، بەڵام دوێنێ لەرێوڕەسمێکدا بێ ئامادەبوونی بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق، نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان رەوانەی دەرەوەکرا.

هیوا میرزا سابیر، ئەندامی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی هەرێم بەرۆژنامەی راگەیاند: شەرعیەتدان بەگرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم شتێکی باشەو دەتوانرێت لەرووی سیاسیەوە وەک جۆرێک لەحەسانە بۆ هەرێم سەیری بکرێت،

پێشیوابوو: «ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم لەئێستادا کە جۆرێک لەساردوسڕی تێدا بەدیدەکرێت، ئەوەش بۆ دەستتێوەردان لە سامانە نیشتمانییەکان دەگەڕێتەوەو هیواداریـن لەقۆناغەکانی داهاتوودا ئەودەستتێوەردانە نەمێنێت»

بە وتەی هیوا لیژنەی دارایی پەرلەمانی هەرێم بێئاگایە لەناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم و تەنیا لەرێوڕەسمی ناردنەدەرەوەکەی ئاگادارین، ئەوەش لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەو ئاماژەی بەوەشکرد «هەرچەندە هیچ شەفافیەتێک نییە لەوەی کە ئایا داهاتی ئەو نەوتەی دەنێردرێتە دەرەوە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان یان نا، بەڵام دەستوور ئەوەی چەسپاندووە کە پێویستە ٪١٧ی داهاتی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان بێت».

نوێنەرانو بەرپرسانی کۆمپانیا نەوتییەکانیش کە لە هەرێم کاردەکەن لە کاتی مەراسیمی هەناردەکردنی نەوتەکەدا سووربونی خۆیان دووپاتکردەوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەی گەورە، هەروەک نوێنەری کۆمپانیای DNO ی نەرویجی باسی کرد: «بەردەوام دەبین لە گەڕان بەدوای نەوتدا لەم ناوچەیە بۆ ئەوەی هەموولایەک سوودمەندبن لێی».

لەئێستادا حکومەتی عێراق سەرگەرمی راگەیاندنی ژمارەیەک گرێبەستی نەوتییە لەعێراقدا لەناویشیاندا کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، بەڵام ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم ئاماژە بەوەدەکات، دەبێت دەسەڵاتدارانی کورد بەشداربکرێن لەوبڕیارانەی حکومەتی عێراقی دەیدات دەربارەی ئەوگرێبەستانەی بۆ کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک ئیمزا دەکرێت»، وتیشی: «نابێت هیچ گرێبەستێک ئەنجامبدرێت بێئەوەی حکومەتی هەرێم ئاگادار بکرێت».

وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان وتی: «ئەوگرێبەستانەی کە حکومەتی ناوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکان ئەنجامیدەدات بۆ دەرهێنانی نەوت لەبیرە نەوتییەکانی کەرکوک، ئەگەر خراپبن، ئەوا ئێمە هەڵیاندەوەشێنینەوە»، عەلی بەلو سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرۆژنامەی راگەیاند: «ئەو بیرە نەوتانەی دەکەونە سنووری هەرێمی کوردستان نابێت حکومەتی ناوەندی بێ ئاگاداریی‌و هەماهەنگی حکومەتی هەرێم هیچ کاروچالاکیەکی تێدا ئەنجام بدات».

وتیشی، لەحاڵەتێکدا ئەگەر گرێبەستەکان لەبەرژەوەندی کورددا نەبێت کورد دەتوانێت کارئاسانیی بۆ کۆمپانیاکان نەکات، چونکە پاراستنی ئەمنیەتی بیرە نەوتییەکانی کەرکوک لەئەستۆی کورددایەو ئەگەر لەرووی ئەمنیشەوە کارئاسانی بۆ ئەوکۆمپانیانە نەکرێت، ئەواهیچ کۆمپانیایەک ئامادەنییە لەوشوێنانەدا وەبەرهێنان بکاتو بەوپێیەش گرێبەستەکان لەڕووی پراکتیکیەوە شکست دەهێنن.

بەپێی زانیارییەکان بارودۆخی بیرە نەوتییەکانی ناوچەی بەسرە زۆر خراپەو ئێستانزیکەی(٥٠٠)بیرەنەوت لەبەرهەمهێنان کەوتوونو حکومەتی عێراقیش لەهەوڵی ئەوەدایە کە لەرێگەی بیرە نەوتییەکانی کەرکوکەوە ئەو بۆشاییەی کە لەکەرتی نەوتی عێراقدا دروستبووە بەئەنجامدانی وەبەرهێنان لەبیرە نەوتییەکانی کەرکوک پڕیبکاتەوەو ژمارەیەک گرێبەستی نەوتی ئەنجامبدات.

نوێنەری کۆمپانیای ئەداکس پترۆلیۆمی کەنەدی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی بە دەستکەوتێکی گەورە وەسفکرد، وتی: «نزیکەی هەشت بیرمان هەڵکەندوە کە لە توانایاندایە بڕی ٤٤ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمیان هەبێت لە رۆژێکدا»، لەلایەکی دیکەوە نوێنەری کۆمپانیای ئێنێرجی تورکی‌ش ئاماژەی بە کاری کۆمپاینیاکەیاندا کە دانانی پاڵاوگەیەکی گەروە کە لە توانیایدایە رۆژانە ٦٠ هەزار بەرمیل لە بەرهەمە نەوتییەکان بپاڵێوێت.

پێشتر حکومەتی عێراق ویستی لەرێگەی کۆمپانیایەکی هندییەوە لەکێڵگە نەوتییەکانی گۆمۆر گرێبەستی نەوتی ئەنجام بدات، بەڵام بەوتەی سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز بەهۆی نزمی ئاستی کۆمپانیاکە حکومەتی هەرێم گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوەو رێگەی نەدا ئەوکۆمپانیا هندیە کاری وەبەرهێنان لەوکێڵگانەدا ئەنجامبداتو ئێستا لەجیاتی ئەوە کۆمپانیای دانەگاز سەرگەرمی دەرهێنانی نەوتە لەوکێڵگەیەدا،

دەربارەی ئەوەش کە ئایا تائێستا هیچ هەماهەنگیەک لەنێوان حکومەتی هەرێمو ناوەندا هەیە بۆ دەرهێنانو ناردنەدەرەوەی نەوت لەکەرکوک.

بەلو وتی: هەموو ئەو هەماهەنگیانە پەیوەستە بەیاسای نەوتو گازەوەو تائێستاش یاساکە لەململانێدایە لەنێوان هەرێمو بەغدا.

بەوتەی عەلی بەلو، حکومەتی عێراق لەبەستنی گرێبەستە نەوتییەکاندا سەرکەوتوونەبووەو لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦-ەوە تاناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ حکومەتی عێراق سەرگەرمی بەستنی چەندین گرێبەست بوو لەگەڵ (٦) کۆمپانیای گەورەو بەتوانای بواری نەوت، بۆئەوەی توانای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقی لەکێڵگە نەوتییەکانی رومێلەی باکوورو رومێلەی باشوورو کەرکوک زەربولقورنە زیاد بکرێت، بەڵام سەرجەم ئەوهەوڵانە تیۆریی بوونو سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناو کۆمپانیاکانیش پاشەکشەیانکردووە.

سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز ئەوەشی روونکردەوە، لەبواری گازیشدا حکومەتی عێراقی لەقۆناغی یەکەمدا (٦) کێڵگەی پێشنیازکرد تاکۆمپانیا بیانیەکان وەبەرهێنانی تێدا ئەنجامبدەن، بەڵام هیچ کۆمپانیایەک ئامادەنەبوو وەبەرهێنان لەوکێڵگانەدا بکاتو لەقۆناغی دووەمیشدا حکومەتی عێراق (٦) کێڵگەی دیکەی پێشنیازکرد، بەڵام ئەمجارەش هیچ کۆمپانیایەک ئامادەیی نیشاننەدا وەبەرهێنان لەوکێڵگانەدا بکات، دەربارەی هۆکاری ئەنجامنەدانی ئەوگرێبەستانەش بەلو روونیکردەوە، تائێستا بنەمایەکی یاسایی لەعێراقدا نییە بۆ چۆنێتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا، چونکە تائێستا حکومەتی عێراق یاسایەکی نییە لەبواری نەوتو گازداو هەروەک مەرجی دانانی (٣٥) ملیۆن دۆلاریش بۆبەشداریکردنی وەبەرهێنانی نەوتی عێراقی، ئێستا ئەوبڕە پارەیە بۆ نزیکەی نیوملیۆن دۆلار زیادیکردووەو ئەوەش یەکێکیترە لەو رێگرییانەی کە تائێستا حکومەتی ناوەندی نەیتوانیوە دەستی وەبەرهێنانی بیانی لەبواری وەبەرهێناندا بۆ عێراق رابکێشێت.

بەلو پێشیوایە، تائێستا عێراق سیاسەتێکی جێگیری نییە بۆ سیاسەتی نەوتیی، هەربۆیە هیچ کۆمپانیایەک ئامادەنییە (موجازەفە) بکات، ئەوەلەکاتێکدایە حکومەتی هەرێم ئێستا یاسای نەوتو گازو وەک مادەکانی (١١٥و ١١٩و ١٢١) هەیە.

پێشیوابوو، هەواڵی بڵاوبوونەوەی بەستنی گرێبەستی نەوتی لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە تەنیا (یاریکردنی سیاسی‌و بانگەشەی راگەیاندنە)، هەربۆیە ئێستا هەوڵێک هەیە بۆلێپێچینەوە لەوەزیری نەوتی عێراق.

د.خالید ساڵح، راوێژکاری وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ نوێنەری ئەو کۆمپانیایانە رایگەیاند، ئەوان لە هەوڵی ئەوەدان تا کۆتایی ئەمساڵ بڕی بەرهەمی هەردوو کێڵگەی نەوتی تەقتەقو تاوکی بگەیەننە ١٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکداو هەروەها لە دوو ساڵی ئایندەدا بتوانن رۆژانە بڕی ١ ملیۆن بەرمیل نەوت بەهەم بهێنن.



# پەلەکردن لەپەسەندکردنی دەستوور لەبەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە

# «ئەوماوەیەی کە بۆ کارکردنی پەرلەمان درێژکراوەتەوە کاتییەو ناکرێت بۆپەسەندکردنی پرۆژەیاسایەکی گرنگی وەک دەستوور بەکاربهێنرێت»

شارا عەبدولرەحمان

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان رای جیاوازیان لەبارەی پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەوەی کە لەم خولەی پەرلەماندا کە چەندرۆژێکی ماوە پەسەندبکرێت یان پەلەی لێنەکرێتو بهێڵرێتەوە بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان.

## پێویستە پەلە لەپەسەندکردنی دەستوور نەکرێت

پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لەدیباجەیەکو (١١٥) مادە پێکهاتووە، لە ٢٠٠٦/٨/٢٢ەوە ئامادەکراو خرایە بەردەستی رای گشتی خەڵکو یاساناسانو شارەزایانی بواری دەستووریيو رێکخراوەکانو حیزبو لایەنە سیاسییەکان تاناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ پێشنیازی لەسەر وەرگیرا، دواتر لیژنەیەکی کاتی بەناوی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور لەپەرلەمانی کوردستان پێکهێنرا، بۆ لێکۆڵینەوە لەئەو پێشنیازو سەرنجو تێبینیانەی لەسەر دەستوورەکە هەبوو زیاتر لەساڵێکیشە ئەولیژنەیە کارەکانیان تەواوکردووە، بەڵام تائێستا پرۆژەکە پەسەندنەکراوەو رای جیاواز لەسەر پەلەکردن لەپەسەندکردنی لەم خولەداو هێشتنەوەی بۆ خولی داهاتوو لای ئەندامانی پەرلەمان دروستبووە.

رەشید کەریم، ماوەتی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: رەشنووسی دەستووری هەرێم لەم خولەی پەرلەماندا پەسەندنەکرێتو هەڵبگیرێت تا لەخولی داهاتووی

> «ئەگەر لەم چەندرۆژەی کەماوە لەبەردەستی پەرلەماندا دەستوور پەسەندبکرێت، ئەوا شێوە هەڵپڕوکاندنێکی پێوەدیاردەبێت»

پەرلەماندا گفتوگۆی زیاتری لەبارەوە بکرێت، وتیشی: «ئەگەر لەم چەندرۆژەی کەماوە لەبەردەستی پەرلەماندا دەستوور پەسەندبکرێت، ئەوا شێوە هەڵپڕوکاندنێکی پێوەدیاردەبێت، راستە کە پێشنیازی زۆری لەبارەوە وەرگیراوە، بەڵام کە لەوماوە دوورودرێـــژەی لەبەردەستماندا بووە پەسەندنەکراوە، ئەگەر لەم چەندرۆژەدا پەسەندبکرێت ئەوا پەلەی لێدەکرێت، بۆیە پێمباشە پەسەندکردنی بخرێتە خولی داهاتوو».

بەبڕوای ئەو ئەندام پەرلەمانە «پەلەکردن لەپەسەندکردنی دەستوور لەقازانجی هیچ لایەکدا نابێت بەیەکێتیو پارتیشەوە، چونکە دواتـر هەرقابیلی گۆڕانکاریو هەموارکردنەوە دەبێت».

مەسەلەی (شـێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ناونانی نەتەوەکانی (ئاشووریو کلدانو سریان)، ئایینی ئیسلام وەک یەکێک لەسەرچاوەکانی داڕشتنەوەی دەســـتووری هــەرێـم، دامــەزرانــدنـی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی) ئەوخاڵانەبوون کە پێشتر جێیناکۆکی بـوونو یەکلایی نەکرابوونەوە، بەڵام لەئێستادا جگەلە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کە تائێستا یەکلایی نـەکـراوەتـەوە، زۆربــەی ئەوخاڵانەی دیکە چـارەســەرکـراونو رێکەوتنیان لەبارەوە کراوە، بەوهۆیەوە بڕیاروایە لەم خولەی پەرلەماندا دەستووری هەرێم پەسەندبکرێتو دوانەکەوێت.

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات کە ئەورەشنووسەی دەستوور کە ئێستا ئامادەیە «بەشێک لەئەندامانی پەرلەمان نەیانبینیوە». کوێستان محەمەد دەڵێت: «دەستوورێک کە بەشێک لەئەندامانی پەرلەمان نەیاندیبێتو ژمارەیەک لەئەندامانی پێداچوونەوەی دەستووریش ئاگاداری نەبن، چۆن دەبێت پەسەندبکرێتو دەنگی لەسەر بدرێت؟ لەبەرئەوە پێمباشە لەم خولەدا پەلە لەپەسەندکردنی نەکرێت».

ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان رای جیاوازیان لەسەر چەندمادەو بڕگەیەکی رەشنووسی دەستووری هەرێم هەیە، بەتایبەت دیاریکردنی دەسەڵاتێکی زۆر بۆسەرۆکی هەرێمو شێوازی هەڵبژاردنیو مەسەلەی دەزگاکانی ئاسایش.

بەبڕوای کوێستان محەمەد، یەکێتیو پارتی مەسەلەی دیاریکردنی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمو شێوازی هەڵبژاردنیو مەسەلەی دەزگاکانی ئاسایشیان پڕ بەباڵای خۆیان دووریـــوە، لەبەرئەوە «ئێمە هەر لەسەرەتاوە تێبینیمان هەبووە لەسەریو پەلەکردن لەپەسەندکردنی مەرامی سیاسی لەپشتەوەیە».

بەپێی بڕیارێک، پەرلەمانی کوردستان کە ماوەی یاسایی خۆی لە ٢٠٠٩/٦/٤ کۆتایی دێت، درێژکردەوە تاکو هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێو ئەنجامدانی یەکەم کۆبوونەوەی، بەڵام بەبڕوای ئەندامێکی پەرلەمان «ئەوماوەیەی کە بۆ کارکردنی پەرلەمان درێژکراوەتەوە کاتییەو ناکرێت بۆپەسەندکردنی پرۆژەیاسایەکی گرنگی وەک دەستوور بەکاربهێنرێت».

محەمەد حەکیم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە بەرۆژنامەی راگـەیـانـد: ئـەومـاوەیـەی کـە لـەدوای

> «ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان مەسەلەی ناوچەجێناکۆکەکان ئەوەندە بەگرنگ دەزانن با ریفراندۆمی دەستوور بخەنە دوای یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلانە»

٦/٤ەوە خراوەتە سەر ماوەی یاسایی پەرلەمان فەترەیەکی ئینتیقالییەو پەرلەمان کارێکی رۆتینی کـردووە لەوبارەیەوە، «لەبەرئەوە بەبڕوای من ئەوماوەیە نابێت بۆ پەسەندکردنی پرۆژەی گرنگی وەک دەستوور بەکاربێتو پێویستە هەڵبگیرێت بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان».

## لەم خولەدا دەستوور پەسەند دەکرێت؟

لـەلایـەکـیـتـرەوە پـەلـەکـردن لەپەسەندکردنی دەستوور وەک یەکێک لەبنەماکانی لەلایەن ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمانەوە بەپێویست دەزانرێتو ئاماژە بەوەدەکەن کە ئیتر کاتی ئەوە نەماوە هەرێمی کوردستان بێ دەستوور بێت.

ئەسعەد شاکر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، کەدەبوو هەرلەزووەوە دەستوور پەسەندبکرایە، بەڵام بەهۆی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانەوە دواخراوە، ئەوەشی وت: «ئـەوەی کە نەتەوەکانی ئـاشـورو کـلـدانو سـریـانو تورکمان دەیانویست لەدەستووردا چەسپیوە بەشێوەیەک کە لەدەستووری عێراقدا ئەوە بۆ نەتەوەکانی عێراق نەکراوە، لەبەرئەوە دەستووری هەرێم زۆرباشەو پێویستە پەسەندبکرێت، هەتا پەلەشی لێبکرێت باشترە، چونکە ناکرێت چیتر کورد بێ دەستووربێت».

لە ٢٠٠٨/١١/٢٦ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٨ی (یاسای پەسەندکردنی دەســتـووری هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد) کە لە (١١) مادە پێکهاتووە، بۆ دیاریکردنی میکانزمەکانی دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو یاسایە دوای تەوابوونی کارەکانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیخاتە بەرنامەی کارەوەو پەسەند دەکرێت، بەڵام زیاتر لەساڵێکیشە ئەولیژنەیە کارەکانیان تەواوکردووەو تائێستا پـرۆژەکـە پەسەندنەکراوە، لەبەرئەوە بەبڕوای غەفور مەخموری نەبوونی دەستوور کەلێنێکی یاسایی لەهەرێمی کوردستاندا دروستکردووە».

غەفوور مەخموری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەرۆژنامەی راگەیاند: پێویستە لەم خولەدا دەستوور پەسەندبکرێت، چونکە نەبوونی دەستوور کەلێنێکی یاسایی بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووەو پێویستە پڕبکرێتەوە، ئەمە جگەلەوەی داڕشتنەوەی دەستوور تەواوبووەو تەنیا میکانیزمی جێبەجێکردنەکەی ماوە، ئەگەر پەرلەمان بیەوێت بەئاسانی دەتوانێت لەم خولەدا پەسەندکردنەکەی جێبەجێ بکات.

## ناوچەجێناکۆکەکان لەدەستووردا

بـەپـێـی یـاسـای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، دوای پەسەندکردنی دەســتـوور بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بەهەموو زمانی نەتەوەکانی کوردستان بـڵاودەکـرێـتـەوەو پـاشـان دەخرێتە راپرسی سەرتاسەرییەوەو کۆمسیۆنی بـاڵا هەڵدەستێت بەسەرپەرشتی پـرۆسـەی راپـرسـی بـۆ دەسـتـووری هەرێمی کوردستان، بەڵام گەڕانەوەی ناوچەجێناکۆکەکانیش دووبــاره بـیـروڕای جـیـاوازی لای ئەندامانی پەرلەمان دروستکردووە بۆ ئەنجامدانی

> پارتیو یەکێتی لەم خولەدا پەلە لەپەسەندکردنی پرۆژەکە دەکەن، چونکە ئەوەی خۆیان دەیانەوێت لەپرۆژەکەدا جێیان کردووەتەوە

ریفراندۆم لەسەر دەستووری هەرێم، هەرچەندە لەپەرلەمانی کوردستان بۆچوونێک هەبوو کە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ریفراندۆم لەسەر دەستووری هەرێم بکرێت، بەڵام بەهۆی ئـەوەی تائێستا دەسـتـووری هەرێم پەسەندنەکراوە کارکردن بەوبۆچوونە روون نییە.

کوێستان محەمەد پێیباشە، کە دەستووری هەرێم نەخرێتە ریفراندۆمەوە تاکو ناوچەجێناکۆکەکان نەگەڕێنەوە سـەر هەرێمی کوردستان، وتیشی: «دەکرێت ریفراندۆم لەسەر دەستوور هەڵبگیرێت تائەوکاتەی کە کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان یەکلایی دەبێتەوەو مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەکرێت».

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە، کە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی هەوڵی جدیتر بدات بۆ گەڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکانی کوردستان بەتایبەت کەرکوک «ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان مەسەلەی ناوچەجێناکۆکەکان ئەوەندە بەگرنگ دەزانن با ریفراندۆمی دەستوور بخەنە دوای یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلانە».

هاوکات بەبڕوای غەفور مەخموری پێویستە سنووری کوردستان یەکلایی بکرێتەوەو ناوچەجێناکۆکەکان بخرێنەوە سـەرهـەرێـم، پاشان ریفراندۆمێکی سەرتاسەری لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامبدرێتو خەڵکی دەنگی لەسەر بـداتو ئەگەر پێویست بوو هەموار بکرێتەوە

بـڕیـاربـوو لـەمـاوەی رابــردوودا ســەرۆکــی هــەرێـم لـەگـەڵ حیزبە سیاسیەکانی کوردستاندا دابنیشێت بۆ تاوتوێکردنی ئـەومـادانـەی جێی ناکۆکین، بەڵام تائێستا ئەودانیشتنە ئەنجامنەدراوە، بڕیاریشە هەرلەسەر ئەومەسەلەیە سـەرۆکـی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی دەستووری کۆببێتەوە، هەرچەندە بڕیاربوو ئەودانیشتنە لەناوەڕاستی مانگی ئایاردا بکرێت، بەڵام تائێستا هیچ رۆژێک بۆ ئەومەبەستە دیـاریـنـەکـراوەو پـەسـەنـدکـردنـی پرۆژەکەش هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆوە نـەدیـوە، هاوکات بەبڕوای چـاودێـرانـی سیاسی پرۆژەیاسای دەستووری هەرێم کەموکوڕی زۆری تێدایە کە گرنگترینیان ئەوەیە کەمافو سەڵاحیەتی زۆری داوە بەدەزگای تەنفیزی بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم، لەبەرئەوە پێویستە پەلە لەپەسەندکردنی نەکرێتو هەڵبگیرێت بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان تادووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکرێتو ئەوخاڵە لاوازانەی کە تیایدایە چاکبکرێت، چونکە ئەگەر لەم خولەدا پەسەندبکرێت دوایی هەموارکردنەوەی قورستردەبێت.

بـەڵام شـارەزایـانو چـاودێـران پێیانوایە کە پارتیو یەکێتی لەم خولەدا پەلە لەپەسەندکردنی پرۆژەکە دەکەن، چونکە ئـەوەی خـۆیـان دەیـانـەوێـت لەپرۆژەکەدا جێیان کردووەتەوە.

## رونکردنەوە

بەڕێزان لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی مانگرتنی ژمارەیەک لە پیشەوەرانی ناوچەی پیشەسازیی، چەندین هەڵەی زەق کراوە، کە بە مافی خۆمانی دەزانین وەڵامی بدەینەوەو راستییەکان بۆ خەڵکی روونبکەینەوەو ئەو تەشهیرەشی کە بە کۆمپانیاکەمان کراوە، راستبکەینەوە:

١. سەرەتا دەبێت ئەوە راستبکەینەوە کە ئێمە (کۆمپانیای گەردین)، کۆمپانیایەکی خۆماڵین سەد لە سەدو نازانین ئەو هەواڵە ناڕاستەتان لەکوێ دەستکەوتووە کە کۆمپانیای ئێرانین.لە بڕگەیەکی دیکەدا ئەوەتان باسکردووە کە ئەو پرۆژەیە (٦ مانگ)ە کـاری تێدا دەکرێت، کە ئەمەش هیچ بنچینەیەکی نییەو لە تابلۆی کارەکەدا ئەوە نووسراوە کە ئەو پرۆژەیە لە رۆژی ٢٠٠٩/٣/٨ەوە دەستکراوە بە کار تێیدا، کە بۆ ئەو رۆژەی کە ئێوە دەڵێن (٦ مانگ)، دەکاتە دوو مانگو بیست رۆژی بێ کەمو زیاد، کە ئێمە ئێستا لەناو ماوەی یاسایی دیاریکراوی خۆماندایین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆژەیە ٣٠٪زیادی کردوە.

٢. ئێمە وەک کۆمپانیا ئەو ئەرکانەی کە بەڕێزان سەرپەرشتیارانمان لە (پارێزگای سلێمانی+ شارەوانیی سلێمانی) پێمانیان داوە، بەتەواویو بێ هیچ کەموکوڕییەک جێبەجێمان کـردووە. هـەروەک بەڕێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ئاماژەی پێ داوە کە کۆمپانیاکە کەمتەرخەمی نەنواندوە لە جێ بە جێکردنی کارەکانیدا .

٣. ســەبــارەت بــەو رســتــەیـەی رۆژنامەی رۆژنامە کە گوایە لە کەسێکی ناو خۆپیشاندانەکەیان بیستووە کە گوایە بەڕێوەبەری کۆمپانیا وتبێتی (پیاو نییە ئەو رێگایەم پێ بکاتەوە)، زۆر دوورە لە راستییەوەو ئەسڵەن بەڕێوەبەری کۆمپانیا ئەو رۆژەش لە شوێنی رووداوەکە نەبووە، ئەو وتەیەش لە ئێمە ناوەشێتەوەو ئەگەر بەڵگە هەیە دەبێت بخرێتەڕوو.

٤. دەبێت ئەوەش بڵێن ئەو پرۆژەیە کە سێ کیلۆمەترو هەشت سەد مەترەو زیاد لە (٥١) بڕگەی گەورەی تێدایە، ناکرێت لە شەوو رۆژێکدا تەواوبکرێتو هەر دواکەوتنێکیش کە بەرپرسیارێتییەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئێمە، ئێمە ئامادەین کە توندترین ئیجرائاتی یاساییمان لەگەڵدا بکرێت.

٥. ئێمە لە بێ باکی و پاکی خۆمان (تحدی) راستی یەک پارچە لەو هەواڵە لەگەڵ هەموو کەس دەکەین کە کۆمپانیای تیدا تۆمەتبار کراوە .

٦. پێمان سەیرە هاوڵاتیان داوای خزمەتگوزرای دەکەن,لەکاتێکدا بەرژەوەندی تەسکی خۆیان پێش بەرژەوەندی شارەکە دەخەن و توانای دانبەخۆدا گرتنیان نیە لەبەر کارێک کە پاشان باشترین سودی بۆ خۆیان دەبێت .

کۆمپانیای گەردین

# دووڕیـــان یـــان ســـێ؟



ئاودێر شێخ عومەر

**بەبنبەستگەیشتنی هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی یەکێتی بۆ یەکێتییەکی ڕاستەقینە، سەرکردەو کادیرە خاوەن پرۆژەکان بۆ ڕێکخستنەوەی یەکێتیو ئەو کادیرانەی کە دوا کۆنگرەی یەکێتی شەرعیەتی سەرکردەیی پێبەخشیون دەخاتە ژێر بەرپرسیارێتییەکی مێژووییەوە کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگەیەک لە دووریانی ئەوەی؛ ئەوان بە یەکێتییەوە هێزو سەنگن‌و لە دەرەوەی یەکێتی ناچارن بێدەنگی هەڵدەبژێرن‌و چاو لەو ئاشبەتاڵە لەسەرخۆیە بپۆشن کە خەریکە بە یەکێتی دەکرێت، یان ڕێگەی دووەم کە یەکێتی تەنیا ماڵ‌و پێگەی سیاسەت‌وخەبات نییەو لە دەرەوەی ئەو یەکێتییەی ئێستاش پرۆژەو قسەو بۆچوون‌و نووسراوەکانیان لەسەر کاغەز، دەتوانرێت بکرێنە کردارو ئەمری واقیع**

یەکێتی بە لێشاو کادیرو ئەندامەکانی لە خۆی دەتەکێنێتەوە، بە بێ ئەوەی ڕەهەندە سیاسیو ئەخلاقیو ئینسانییەکانی ئەو کارە ڕەچاو بکات‌و مەترسییەکانی لەسەر ئایندەی نزیک‌و دووری حیزبەکە لێکبداتەوە.

ئەم حاڵەتە(دەرپەراندنی کادیرو ئەندامان) هێندەی لە هەڵسوکەوتێکی شێلگیرانەوەو هەڵچوون‌و کاردانەوەیەکی کاتی، یان کارکردن لەژێر بەنج‌و هۆشبەر دەچێت، هێندە لە کردارێک ناچێت کە بە پلان‌و پاش لێکدانەوەی هەموو ڕەهەندە نزیک‌و دوورەکان ئەنجام بدرێت.

یەکێتی بە تەمەنێکی زۆر کورتتر لە هی پارتی، توانی لەڕووی ئاستی جەماوەرییەوە گەشەیەکی فراوان بکات، کە بەشی هەرە زۆری جەماوەرەکەی دوور لە تاکەکەس‌و بنەماڵە پەرستی لە دەوری چەند ئایدیایەکی دیاریکراودا کۆبوونەوە، کە یەکێتی لە سەرەتاوە تا چەند ساڵێک لەمەوبەر ساباتی کۆکردنەوەی ئەو ئایدیایانە بوو. ئەمەش خاڵی هەرەبەهێزی گەشەکردنی خێرای یەکێتی بوو. ئەو خاڵە ڕاستییەکی گەورەیەو خۆ لێ نەبان کردنی بە تایبەت لە لایەن سەرکردە سەرەکییەکانی یەکێتیەوە وەک خۆ نەبانکردنە لە ڕووناکی خۆر.

ئەگەر لە دوای نسکۆوە یەکێتی شائومێدی خەڵکی ڕزگاریخواز بووبێت، ئێستا بووەتە شاهی ژیان‌و دەسەڵات‌و سەڵتەنەت بۆ ژمارەیەک کەسی دیاریکراو. ئەوەی ئێستا یەکێتی یان دروستتر پەنجەی بخەینە سەر (ئەو چەند کەسەی چارەنووس‌و بڕیاری یەکێتیان خراوەتە دەست) پێڕەوی دەکەن، دروست کارکردنە بۆ داتاشینی پەیکەری یەکێتیی بەو شێوازەی لە بەرژەوەندی ژمارەیەک کەسی دیاریکراو دایە. کە لە ئەنجامی گەمەی(هەڵکێشان‌و بەخاکدا ڕۆبردن کە بە درێژایی مێژووی یەکێتی لە لایەن کەسی یەکەمی ئەو حیزبەوە بە بەشی هەرە زۆری کادیرە پێشکەوتووەکانی ئەو حیزبە کراوە)، لەم چەند ساڵەدا براونەتە لوتکەی دەسەڵاتی یەکێتی. بەبێ گوێدانە سەرئەنجامی هەم ئەوەی ئێستا یەکێتی تێیکەوتووەو هەم ئەوەش کە لە چەند ساڵی ئایندە چاوەڕێی یەکێتی دەکات.

ئەوەی ئێستا لە ناو یەکێتیدا دەگوزەرێت بە تەنیا مەترسی نییە لە چارەنووسی یەکێتی، بەڵکو مەترسییە لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی لەئێستا بەدوای هەرێمی کوردستان. پەیدابوونی ڕەوتی نوێی سیاسیی لە کوردستان لە نموونەی ئەو هێزە نوێیانەی هاتوونەتە کایەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان برێک لەو مەترسییە کەمدەکاتەوە ، بەڵام ئەمەش تەنیا بەشێک لەو مەترسیانە رادەماڵێت‌و بەشێکی دیکە وەک خۆی لە مەیدانەکە دەهێڵێتەوە، بە تایبەت مەترسی تێکچوونی باڵانسی هێز لە کوردستان، کە ئەو تێکچوونە سەرئەنجام پێویستی بە پێداچوونەوە بە هەموو هاوکێشە ناخۆییەکانی کوردستان‌و دەرەکییەکانیشە بەوانەشەوە کە لە دەرەوەی ئەم کوردستان‌و عێراقە پلان‌و ئەجێندایان هەیە بۆ پەرەپێدانی حوکمی خۆجێی کوردان. کە ئەمەش سەرئەنجام باجەکەی بزووتنەوەی کوردایەتی‌و خەڵکی هەموو کوردستانەکان دەیدەن.

کەواتە لە پاڵ بوونی ڕەوتی نوێی سیاسی، دەربازکردنی کوردستان لە مەترسی تێکچوونی باڵانسی هێز، هەرێمەکە پێویستی بە ئامرازێکی دیکەی لابردن یان کەمکردنەوەی ئەو مەترسییە هەیە. بەو پێیەش کە مەترسییەکە لە ناو ماڵی یەکێتییەوە سەرچاوە دەگرێت‌و هەموو هەوڵەکان بۆ بەخۆداچوونەوەی یەکێتی لە چەند ساڵی شکستپێهێنراون لە لایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە. سەر ئەنجام بەشی داواکارانی ڕێکخستنەوەی ماڵی یەکێتی هەر دوورترخستنەوەو دەرکردنی یەکجارەکی بووە لە یەکێتی‌و هەموو ئەو هەوڵانە نەبوونەتە مایەی ڕێگرتن لە بەرژەوەندی‌و خواستی گروپی دەستبەسەرداگرتووو دەست ئاوەڵاکراوی ناو یەکێتی، بۆیە ئومێدەکان بە بنبەست گەیشتوون‌و جیاکردنەوەی ماڵێک لە یەکێتی (وەک نەوایەک بۆکۆکردنەوە)ی هەموو ئەوانەی لە یەکێتی تەکیونەتەوە یان تەکێنراون‌و دوورخراونەتەوە هەم لە ناو کوردستان‌و هەم لە دەرەوەش دەکرێت وەک پێویستیەکی حەتمی یان یەکێک لە هەرە لەباترین چارەسەرەکان تەماشا بکرێت. دەکرێت جیاکردنەوەو ڕاگەیاندنی ئەو ماڵە وەک ئامرازو ئەگەرێکی هەرە سەرەکی بۆ چارەسەری وەزعی یەکێتی‌و داهاتووی کوردستان سەیر بکرێت. بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی لە یەکێتی دەرکراوین‌و دوورخراوینەتەوە بە هەموو خاوەن بۆچوون‌و ئایدیا جیاوازەکانەوەو دەکرێت ئەو ماڵە شوێنی ئەو یەکێتییە بگرێتەوە کە هەموو ئاوازو دەنگو بۆچوونە جیاوازەکان تێیدا شوێنیان دەبۆوە. ئەمەش هەم دەبێتە ئامێزێک بۆ گردکردنەوەی هەموو ئەو توانا جیاوازە سیاسی‌و ئیداریی‌و جۆراوجۆرانەی دڵساردکراون لە پرۆسەی سیاسی‌و ئیداری هەرێمی کوردستان‌و تەوژمێکی نوێی توانای جۆراوجۆر دەهێنێتەوە ناو کایەی سیاسی‌و ڕەوشەکە بەرەو ئاقاری ڕاستکردنەوەی هەڵەکان دەبات‌و تەکانێکیش دەداتە بەر پرۆسەی سیاسی کوردستان‌و هەم دروستبوونی ئەو هێزە نوێییەش ڕەنگە بەشێک لە سەرکردە سرکراوەکان ڕابچەڵەکێنێت‌و لەو شەورۆ (ڕۆیشتن‌و هەڵسوکەوت بەدەم خەوو بێئاگایانە) خەبەر بکاتەوە.

بەبنبەستگەیشتنی هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی یەکێتی بۆ یەکێتییەکی ڕاستەقینە، هەموو سەرکردەو کادیرە خاوەن پرۆژەکان بۆ ڕێکخستنەوەی یەکێتی‌و هەموو ئەو کادیرە پێشکەوتووانەی کە دوا کۆنگرەی یەکێتی شەرعیەتی سەرکردەیی پێبەخشیون‌و بە دوای ئەوانیشدا کادیرە پێشکەوتووو ناوەندییەکانی دیکە دەخاتە ژێر بەرپرسیارێتییەکی مێژووییەوە، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگەیەک لە دووریانی ئەوەی ئەوان بەیەکێتییەوە هێزو سەنگن‌و لە دەرەوەی یەکێتی ناچارن بێدەنگی هەڵدەبژێرن‌و چاو لەو ئاشبەتاڵە لەسەرخۆیە بپۆشن کە خەریکە بە یەکێتی دەکرێت و یەکێتییەکەی هەمووان دەکرێتە ئەو تەیرە مەعقولەی هەندێک وەهای بە مەعقول دەزانن بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئێستا سەنگی یەکێتی چەندەو پاش تەواو «مەعقولکردنیشی» چەند سەنگی دەمێنێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، یان ڕێگەی دووەم کە یەکێتی تەنیا ماڵ‌و پێگەی سیاسەت‌و ئیدارەدانی وڵات‌و خەبات نییەو لە دەرەوەی ئەو یەکێتییەی ئێستاش پرۆژەو قسەو بۆچوون‌و نووسراوەکانیان لەسەر کاغەز، دەتوانرێت بکرێنە کردارو ئەمری واقیع. لە ئاست ئەو چاوەڕوانییەی ئەو کەسانەبن ئومێدێکیان بە سەرکردە خاوەن پرۆژەکان‌و شەرعییە دوورخراوەکان هەیە بۆ دەربازکردنی یەکێتی‌و کوردستان لەو قەیرانە قوڵە.

پاش دەستبەرداربوونی شەورۆیی دەکرێت ئەوسا لە پێگەی هێزو بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی قسە لەسەر یەکێتی هەموو یەکێتییەکان بکرێت، بەڵام ئێستا جگە لەم دوو ڕێگەیە ڕێگای سێیەم هەیە؟

# تۆقێنەرە سیاسییەکان
# دوو هۆدەو هەیوانێکیشی بخەنەسەر



لومە دەروێش

کوردستان موڵکی هیچ حیزبێک نییە، هەتا هەریەکەیان بە ویست‌و ئارەزووی خۆیان لەسەر خۆیانی تاپۆبکەن‌و پارچە پارچە بە خەڵات‌و دیاریی بیدەن بە هەوادارەکانی خۆیان. ڕاپەڕین نەیتوانی کورد ڕزگاربکات، بەڵکو تەنیا کوردی لەدەست بەعس دەرهێناو خستییە دەستی دەسەڵاتێکی نیمچە دیکتاتۆری دیکەوە، هەتا ئازادیی ڕاستەقینەش نەیەتە ئاراوە، ئەم بەعسەی دیکە مامۆستایانی قوتابخانەو زانکۆکان، فەرمانبەران‌و بگرە کادیرانی خۆشی چ دەردەکات‌و چ نانبڕاویش دەکات، سیستمی سەرمایەداریی وەهایە، هەرگیز سەرمایەدارێک ڕێگانادات سەرمایەدارێکی دیکە زیانێکی وەهای لێبکەوێت هەڵنەسێتەوە، چونکە زیانی بۆ سەر ئەمیش دەبێت، هەربۆیە هەردوو گەورە سەرمایەدارانی کورد لە باشووردا (یەکێتیو پارتی دیموکرات)، دەستی یەکیان وەها توند گرتووە کە بە سانتیم لەیەکتری دوورنەکەونەوە. ئەم دووانە وەها بوون بەیەک، کە ئەگەر چەقۆ لەمیان بدەیت، ئەوی دیکەیان خوێنی لێدێت. سیاسییەکانیان لە مینبەرەکانیانەوە بانگەشەی پاراستنی مافەکانی ژن‌و منداڵ‌و خێزان دەکەن، کەچی ئەندامانی خۆیان لەپێش هەموو کەڕەکرمانجێکەوە دەستی خۆیان بە خوێنی ژن‌و منداڵ سووردەکەن، کەسیش نییە بڵێت پشتی چاوتان برۆیە.

مووچەی هەرجۆرە سیاسییەکی ئاوها لە دەمی قسەکەرەکانی خۆیانەوە، مانگانەی حیزب لەبودجەی هەرێم (٣٠) ملیۆن دۆلارە بۆ هەریەکە لە یەکێتیو پارتی. ئاخر پێمان ناڵێن: (٣٠) ملیۆن دۆلارتان بۆ چییەو بە چ هەقێک مووچەیەکی وەها بۆخۆتان دەبرنەوە؟ کامتان زیاتر خزمەت دەکەن، ئەو ڕۆژنامەنووسەی لە خەمی نیشتمانەکەیدا نان نییە بیخوات‌و بەر گوللەو شەق‌و پلاری ئێوە کەوتووە، یان هەندێک لە کادیرو بەرپرسی ئێوە لە ئەوروپا بە شێت‌و کەمئەندام خانەنشینکراو؟ ئەم شێتە خانەنشینکراوە ئەندام پەرلەمانانە خاوەنی پێناسی خانەنشینکراون، کە دێنەوە بۆ ئەوروپا لە هەموو شوێنێکدا ئینجا هەر لە فرگەوە بیگرە هەتا سوپەرمارکێتێک، بەو کارتی خانەنشینکراوییە ٥٠٪ی نرخەکانیان بۆ دادەبەزێت‌و ٥٠٪کەی دیکەی حکومەت بۆیان سەرفدەکات.

من لە ڕێگای ئەم وتارەوە داوا لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دەکەم کە پەیامنێرەکانیان بنێرن بۆ ئەوروپا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی دروست‌و نووسینی ڕاپۆرتی دیکۆمێنتاری لەسەریان، من یەکەم کەسم کە ئامادەم هاوکارییان بکەم لەڕووی کۆکردنەوەی زانیاریی‌و بەڵگەی فەرمانگا ئەوروپییەکانەوە، لە وڵاتی دانیمارکدا کۆمۆنی هەر شارێک بگریت بە سوپاسیشەوە ئامادەیە هاوکاریت بکات بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستیانە، چونکە ئەوە نەک لە کورد، بەڵکو فێڵێکیشە لە وڵاتی دانیمارک بە نموونە دەکرێت. خانەنشینێکی شێت لە ئەوروپا، پارەی خانەنشینی وەردەگرێت، کارتی خانەنشینی هەیەو ٥٠٪ی پارەی کڕینی کەلوپەلەکانی‌و سەفەرەکانی دەدات، لە کوردستانیش ئەندام پەرلەمانەو مانگی (٧) ملیۆن دینار وەردەگرێت، گۆڕان لێرەوە دەستپێدەکات، کە دەبێت دادپەروەریی سەروەربێت‌و یەکسانی هەبێت، هاوڵاتییەک لەتکەنۆک‌و ئاوی گەرم نەخوات‌و ئەندام پەرلەمانێکیش هێندە تێربێت بەری دڵی بە دۆلار گیرابێت. با بچین تەماشای کۆنتێنەی خۆڵی ماڵی ئەندام پەرلەمانێک، لێپرسراوێک بکەین‌و تەماشای ئەو تەنەکەی ڕۆنی ڤیتایە بکەین کە هی ماڵە هەژارێکە، بزانین چیان تێدا دەدۆزرێتەوە؟ بزانین کامیان ڕۆژانە خاڵیدەکرێتەوەو کامیان بە هەفتەی جارێکیش پڕنابێت.

ڕۆژانە سەدان بگرە هەزارەها کەستان لێدەبێتەوەو دێنە بەرەی گۆڕانەوە، تەنیا زوڕناژەنەکانی خۆیان پێوەماوە، ئەم سیاسییە تۆقێنەرانە بەم ڕۆژگارە لە مینبەرەکانی خۆیانەوە هاواردەکەن‌و دەڵێن: ئێوە نانی ئازادیی دەخۆن، واتا نانی ئێمە دەخۆن، چونکە ئێمە ئەم ئازادییەمان بۆ ئێوە بەرهەمهێناوە. ئەوکاتانەی ئێمە لەو شاخانە شەش مەخزەن‌و کلاشینکۆفێکمان پێبوو، ئێوەی گەنج دەستتان لە لوتتاندا بوو چڵمتان دەردەهێنا، کەسوکارەکانتان لەژێر جێگای گەرمدا دەخەوتن‌و سکتان تێربوو، ئاخر بۆیە ئەرکی گەنج ئەمرۆ وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە وتارانەی ئەم سیاسییە تۆقێنەرانەیە بە گۆڕانی سیاسی. کوردستان سەرلەنوێ دەبێت ڕاپەڕێت، ڕاپەڕینێکی مەعریفی لەپێناوی گۆڕانی سیاسیدا، لەپێناوی چەسپاندنی ئازادیدا.

سیاسییەکانی یەکێتی بۆ ڕێگاگرتن لە کۆمەڵێک جوڵانەوەی دیموکراتی، هانا دەبەنە بەر هێرشی توندڕەوانە بۆسەر لیستی گۆڕان، لەکاتێکدا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا چەندین کەسایەتیی گۆڕانخواز بەدەستی پیاوەکانی ئەوان لێدراون، ڕفێنراون، تەنانەت کەسوکاری ئەوانەش کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی یەکێتی، کە ڕەخنەیان ئاراستەی سیاسییەکانی یەکێتی کردووە. سیاسییە هەڕەشەکەرەکانی یەکێتی زۆرینەیان ساڵانێکی دوورودرێژ لە ئەوروپادا ژیاون، بگرە هەتا ئێستاش خاوەنی ڕەگەزنامەی (بەریتانی، سویدی، ئەڵمانی، دانیمارکی، هوڵەندی... هتد)ن، کەچی دوور دوورن لە ژیانی ئازادیی‌و دیموکراتییەوە، لەکاتێکدا بەدڵنیاییەوە خۆیان پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەم وڵاتانەیان بینیوە، کە چۆن دیموکراتیانە بەهێزو لاواز لیستی خۆیان دادەبەزێنن، براوەو دۆڕاو پێکەوە چەپڵە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لێدەدەن‌و یەکتری پەسەند دەکەن. سیاسییەکانی ئێمە پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراتی بە پرۆسەی دەرخستنی هێزو بازوو و چەک‌و هێرش دەزانن، جارێک (١٠،٠٠٠) دەمانچە دەکرن‌و جارێکیش (١٠،٠٠٠) پێشمەرگە دەنێرنە شاخ. ئەگەر دە هەزار دەمانچە بۆ کوێخایەتی هەڵبژاردن نەبێت، بۆچی لەپێش هەڵبژاردندا بیرتان لێکردەوە؟ ئەگەر ناردنی دە هەزار پێشمەرگە بۆ شاخ، پلانێکی هێرشکەرانەی لەپشتەوە نەبێت، بۆچی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بیرتان لێکردەوە؟ سیاسییەکی یەکێتیمان نەبینی دەربکەوێت‌و هەڕەشە نەکات‌و هێزو بازوو پیشان نەدات، گوێمان لە سیاسییەکی یەکێتی نەبوو هەڕەشەیەک ئاراستەی لیستی گۆڕان نەکات‌و سوکایەتی بە خەڵکەکانی نەکات، هەر ڕۆژەی یەکێکیان ڕیکلامی هەڕەشەلێکردن بۆخۆیان دەکەن (لیستی گۆڕان هەڕەشەی کوشتنی لێکردوین، لیستی گۆڕان پیاوەکانی دەنێرێتە سەرمان‌و... هتد)، لەکاتێکدا ئەوەی لیستی گۆڕان دەیکات تەنیا نووسینەو هیچی دیکە، واتە هێزی لیستی گۆڕان بریتییە لە هێزی بیرکردنەوەو نووسین. تەواوی سیاسییەکانی سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی خاوەنی یەک شێوازی قسەکردنن، چ لەسەر نەوشیروان مستەفاو چ لەسەر لیستی گۆڕان، تەواوی قسەکانیشیان بریتییە لە کۆیەک وشەی هەڕەشەئامێزو عەنتەرایەتی، لەکاتێکدا یەکێتیو پارتی دیموکرات بەشی هەرەگەورەی ئەم خاکەیان بۆخۆیان زەوتکردووە، هەر لە سەری ڕەش‌و قەلاچوالانەوە بیگرە هەتا مەسیف‌و دەباشان، کەچی تەنیا کۆمپانیای وشە دیارە، کە دەیان ناوونازۆرەیان لێناوە «گردی وشە، گردی کۆمپانیای فشە، گردی نەوشیروان ئاغا...هتد».

لە سەردەمی بەعسیشدا ئەگەر بەعسی بوویتایە لە هیچت کەم نەبوو، ئەگەر بەعسیش نەبوویتایە هیچت نەبوو، ئێستاش بە هەمان دەستوور، کە تۆ یەکێتی نەبوویت کەواتە دوژمنی یەکێتیت، کە دوژمنی یەکێتیش بوویت دەبێت هەڵوێستت بەرامبەر وەربگیرێت ئەی سیاسییەکانیان لە مینبەری میدیاکانیانەوە هاوارناکەن «ئێمەی پارتی، ئێمەی یەکێتی»، ئێستا ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی خۆی بە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دەزانێت‌و هی ئەوانیش خۆیان بە هی یەکێتی دەزانن، ئەوەی دەنگ بە لیستی کوردستانی نەدات نانبڕاوە، دەرکراوە.

## ڕێککەوتننامەی عێراق‌و بەریتانیا سروشتی پەیوەندییەکان چۆن دیاریدەکات؟

# «ڕێککەوتننامەکە لە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگ ناهێنێت»



عێراق لە چاوەڕوانی هێزەکانی بەریتانیادایە

**دلێر عەبدولخالق**

بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەدوایین سەردانی بۆ بەریتانیا، بیرۆکەی ڕێککەوتننامەی هەمەلایەنەی لەگەڵ ئەو وڵاتە گەڵاڵەکردووە، هەرچەندە خاڵەکانی ناو ڕێککەوتننامەکە روون نییەو تائێستا تەواونەکراوە، بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، حکومەتی عێراق بەهۆی بوونی چەند گرفتێکەوە نایەوێت پەلەبکات لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە، هەروەک ئەندامێکی لیژنەی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش پێیوایە «ئەو ڕێککەوتننامەیە بەزەحمەت لە ئەنجومەنی نوێنەران دەردەچێت‌و دەنگ دەهێنێت».

پێشتر رۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدا بڵاویکردبووەوە، خالید عەتیە، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دانیشتووە، چۆنێتی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتیان لەدوای پاشەکشەی هێزەکانی فەرەنسەوە لە عێراق تاووتوێکردووە. هاوکات ئەو بەرپرسەی عێراق داوای لە باڵیۆزی بەریتانیا کردووە هێزێکی کەمی سەربازیی بەریتانیان بمێنێتەوە بۆ مەشقکردنی هێزەکانی عێراقی، ئەم داوایەی عەتیەش وەک یەکێک لە خاڵەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوان بەغدا- لەندەن ڕێکدەخرێت.

لەساڵی ٢٠٠٣و دوای رووخانی ڕژێمی بەعس، نزیکەی (٧٠٠٠) سەربازی بەریتانی لە سنووری پارێزگای بەسرە بڵاوبوونەتەوە، دواتریش ئەو ژمارەیە کەمکرایەوە بۆ (٥٠٠٠) سەرباز، ئێستاش ژمارەی سەربازەکانی ئەو وڵاتە کەمترکراوەتەوە، هاوکات لە کۆتایی مانگی نیسانی ئەمساڵیش لە ئاهەنگێکدا ئەو هێزانە کۆتاییان بە چالاکیی‌و پرۆسەی سەربازیی خۆیان لە عێراق هێنا، بەپێی لێدوانی یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دانیشتووانی ئەو سنوورە بە خراپی باسیان لە سروشتی پەیوەندییەکانی ئەو هێزە کردووە لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە، ئەمەش کاریگەریی بەسەر نوێنەری دانیشتووانی پارێزگاکە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە جێهێشتووە.

بەگوێرەی زانیارییەکان ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لەکاتی سەردانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ بەریتانیا گەڵاڵەکراوەو تەنیا لە سێ لاپەڕە پێکهاتووە، هۆکاری ئیمزانەکردنیشی لەلایەن بەرپرسانی هەردوو وڵات دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی چەند گرفتێک، لەوانە: مەسەلەی حەسانەی ئەو سەربازانەی لەدوای کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق دەمێننەوە، کێشەی پێکهاتن لەسەر چۆنێتی دارشتنی ڕێککەوتننامەکە، ئەمەش وایکردووە سەرۆک وەزیرانی عێراق حەزەر دەکات لە بەزوویی ئیمزاکردنی.

بەپێی مادەی (٢٤)ی ڕێککەوتننامەی نێوان ئەمریکاو عێراق، هێزەکانی فەرەنسەوە لە ٢٠٠٩/٦/٣٠ لە شارەکان‌و ناوچە ئاوەدانەکانی عێراق دەکشێنەوە، لەو چوارچێوەیەدا ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بوونی ڕێککەوتننامەیەکی لەوشێوەیە، لەنێوان هەردوو وڵات بەگرنگ وەسفدەکات.

تانیا تەلعەت گلی، ئەندامی لیژنەی دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: بوونی ڕێککەوتننامەکە شتێکی باشە بۆ دیاریکردن‌و سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، بەتایبەتی کە پێویستە لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا هێزەکان لە شارەکان بکشێنەوە. وتیشی: «هەرچەندە هێشتا زانیاریی‌و خاڵەکانی ناو ڕێککەوتننامەکە بۆ ئێمەش روون نییە، بەڵام یەکێک لە خاڵەکان ئەوە دەبێت بەشێک لە هێزەکانی بەریتانیا بمێنێتەوە بۆئەوەی یارمەتیی هێزەکانی عێراق بدەن لە مەشق‌و کاری سەربازییدا».

بەبڕوای ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، «ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەگەر تەواویش بکرێت، دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بەدەست ناهێنێت‌و ڕەزامەندیی ئەنجومەن لەسەر ڕێککەوتننامەکە زەحمەت دەبێت». تانیا تەلعەت لەوبارەیەوە وتی: دوای ئەوەی وەفدی نێوان هەردوو وڵات ڕێککەوتننامەکە تەواودەکەن‌و دواتریش لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند دەکرێت، ئینجا دەنێردرێتە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گفتوگۆو پەسەندکردنی، بەڵام «لەوانەیە ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگ نەهێنێت، چونکە ئەندامانی ئەنجومەن بڕوایان وایە، دەبێت ڕێککەوتننامەکان چوارچێوەیەکی گشتگیر بەخۆیەوە بگرێت، نەک لەبواری ئەمنی یاخود ئابووریدا بێت، بەڵکو پێویستە ڕێککەوتننامەکان ستراتیژی بن».

پێشتر بەریتانیا داوای ڕێککەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ عێراق کردبوو، هەربۆیە ئەو ئەندامەی لیژنەی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران دەڵێت: «ڕێککەوتننامەکە بەزەحمەت لە ئەنجومەنی نوێنەران دەردەچێت، دەنگ بەدەست ناهێنێت، لەبەرئەوەشە حکومەت بە پەرۆش نییە بۆ ئیمزاکردن‌و گەیاندنی بە ئەنجومەنی نوێنەران».

# هیچ هەڕەشەیەک تورکیا ناوەستێنێت



ئەردۆغان دەبێتە ئەتاتورکی ئیسلامییەکانی تورکیا

**جەمال ئیختیار**

لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ لای بریندارانی تەقینەوەکەی مین کە لە ناوچەی هەکاری باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا روویدا، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند، هیچ جۆرە دژایەتییەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد، حکومەتی ئەو وڵاتە راناوەستێنێت‌و لە ئیرادەی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکە بەردوام دەبێت.

رۆژنامەی رادیکاڵی تورکی لە زاری ئەردۆغانەوە بڵاویکردەوە «هەموو کەسێک دەبێت دژایەتی ئەوانە بکات کە دەیانەوێت ڕێگربن لەبەردەم هەوڵەکانی ئاشتیدا، ئەمە مەسەلەی چارەسەرێکی سیحراوی نییە، بەڵام ویستێک هەیە بۆ چارەسەری کێشەکەو ئێمە ئێستا لەو چارەسەرە نزیکترین»، ئەردۆغان وتیشی هەفتەی داهاتوو من لە کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەوانیدا پرۆژەیەکی دامەزراندن‌و سەرمایەگوزاریی بۆ ناوچەکە رادەگەیەنم، «ئێمە دەمانەوێت کە جیاوازیی لەنێوان ناوچەکانی خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا نەمێنێت‌و دەرفەتی یەکسان پێشکەش بە هەموان بکرێت».

ئەردۆغان بێئەوەی ئاماژە بە کەسێک یان لایەنێک بدات، رەخنەی لە لایەنەکانی دیکە گرتووە بەوەی کە «ئەوان بێئەوەی دارێکیان چاندبێت، ئەمڕۆ لەژێر سێبەری ئەو دارانەدا حەساونەتەوە کە پارتی دادو گەشەپێدان چاندوویەتی».

سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەخنەی ئاراستەی هاوڵاتییانی کورد کردو وتی «هاوڵاتییانی بە رەچەڵەک کوردی تورکیا هەڵگری رۆحیەتێکن کە دەیانبەستێتەوە بە تیرۆریزمەوە، ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین کە ئەو رۆحیەتە لەناوببەین».

لە ئەنجامی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بەشێوازێکی ئاشتیانە، هەروەها پێویستی چاکسازیی بەهۆی ویستی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، ماوەیەکە گفتوگۆیەکی بەربڵاو میدیاو ناوەندە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەی داگیرکردووە، سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتە بەسەر دوو دەستەدا دابەشبوون، هەندێکیان بە ئاشکرا باس لە پێویستی چارەسەری کێشەی کورد دەکەن، تاقمێکیش دژایەتیی مەسەلەکە دەکەن.

لایەنی بەرهەڵستکار بریتین لە پارتەکانی کۆماری گەل بە سەرۆکایەتیی دەنیز بایکاڵ‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتیی دەوڵەت باخچەلی، کە لەگەڵ سوپادا بەیەک ئاراستە ئیش دەکەن (ئەگەرچی هەڵوێستی سوپا لەچاو جاراندا نەرمتربووە)، بەشداریی ئەوان بۆ چارەسەری پرۆسەی چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە تورکیا، بە پێویست دەزانرێت‌و چاودێران پێیانوایە، کە بەشداریی ئەوان دەبێتە هۆی هاوسەنگی‌و دروستکردنی ئارامی لەناو پێکهاتە نەتەوەپەرستەکانی تورکیا، کە توانای ئەوەیان هەیە کێشە بۆ پرۆسەیەکی لەوجۆرە دروستبکەن، ئەگەرچی تائێستا لە چارەسەردا بەشدارنەبوون، بەڵام لانیکەم کێشەیان بۆ دروست نەکردووە.

سێدات لاچینەر، لێکۆڵەرو چاودێرو بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتیی ئەنقەرە، لە چاوپێکەوتنێکدا بە تودەی زەمانی وتووە «تورکیا هیچ کاتێک وەکو ئێستا لە چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد نزیک نەبووە»، بەڵام هۆشداریی ئەوەشیداوە کە دەوڵەت لە تورکیاو پەکەکە بە هاوکاریی یەکتر هەوڵی ئەوە دەدەن دەرفەتەکە لەباربببەن.

بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی، رای وایە «ئەگەر ئەرگەنەکۆن‌و پەکەکە لێگەڕێن، تورکیا لە چارەسەری ئاشتیانە نزیکەو پێویستە هەمووان بە ئاراستەی چارەسەری ئاشتیانە ئیش بکەن».

لەلای خۆیەوە ئەحمەد تورک ،کەسایەتیی ناسراوی کوردو سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی، رایگەیاندووە کە لەپێناو چارەسەری ئاشتیانەدا پێویستە هەموو لایەنەکان دەست لە چەکەکانیان هەڵبگرن‌و هەستن بە راپەڕاندنی بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان لەپێناو ئاشتیدا.

چەنگیز چاندار نووسەری بەناوبانگی تورکیا، ئەو هەڵوێستەی ئەردۆگانی بە «شەهامەت‌و جوامێریی» وەسفکردووە، هۆشداریی ئەوەی داوە کە «نابێت ئەو شەهامەتە پشتگوێ بخرێت».

چاودێران پێیانوایە، کە ناکرێت تۆمەتی رۆحیەتی تیرۆریستی بدرێتە پاڵ جەماوەری کوردی تورکیا بە پاساوی ئەوەی کە پشتیوانی پەکەکە دەکەن، لەڕاستیدا بە تیرۆریست ناودێرکردنی پەکەکەش شتێک نییە جگە لە هاوکێشەیەکی بەرژەوەندیی دەسەڵاتە باڵادەستەکان لەئاستی نێودەوڵەتیدا، باشتروایە کە تورکیا لە جێگای هەڵسەنگاندنی لەوجۆرەو هەڵسوکەوتی تاکتیکی لەگەڵ ئەو کێشەیە، بەپیر ئەسڵی مەسەلەکەوە بچێت کە شتێک نییە بەدەر لە کێشەی نەتەوەکە بە قەبارەی زیاتر ٢٥٪ی دانیشتووانی تورکیا.



# هەڵبژاردن، تەحەداکان، کێشەو دەستکەوتەکانی

ئەمیر قادر/ هۆڵەند

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەماوەی داهـاتـوودا، گەرمترین بابەتی کۆڕو کۆمەڵەکانو میدیاکانەو سێبەری خۆی خستووەتە سەر سەجەم بوارەکانی دیکە، ئەوەی ئەم کایەیەی گەرمترکردووەو ئەم هەڵبژاردنە جیادەکاتەوە لەوانەی پێشوو، سەردەرهێنانی هێزی کۆنی نۆژەنکراوەو سەردەرهێنانی هێزی نوێن، هێزەکۆنە نوژەنکراوەکان ئەو سیاسیو هێڵانە دەگرێتەوە کە لە پارتە دەسەڵاتدارەکاندا بـوونو بەشداری کایەکانی دەســەڵات بوونو بە هەر هۆیەکەوە بووبێت، بازنەی دەسەڵاتی حیزبە دەسەڵاتدارەکانیان تـێـپـەڕانـدووە، بــەڵام بەشێوازێکی نوێو لــەدەرەوەی بازنــەی حیزبەوە یان بەشێوەیەکی شــاردراوە حیزب بەکاردەهێنن، ئەمە نۆژەنکردنەوەی سیاسەتو بەڕێوەبردنەو مۆدێلێکە کە لە زۆر وڵاتدا کاری پێکراوەو لە هەندێک وڵاتیشدا سەرجەمی حیزبە کۆنەکانی بەچۆکدا هێنا، بۆ نموونە لە هۆڵەندا (پیم فۆرتاون) توانی بە ڕاگەیاندنێکی نوێو لەژێر پۆششی بەرنامەیەکی هەندێک ڕاستو لیبراڵو بەشێکیش ناڕەزایەتی کۆڵانو خەڵکەوە، بە ڕەخنەگرتن لە مۆدێلی سیاسیو بە مۆدێلی بە خەڵکیکردنی سیاسەتەوەو ڕزگـارکـردنـی لە کاری نوخبەو پیاوانی پشت کورسییەکانەوەو بڕیارەکانی پشت دەرگـا داخراوەکانو دوور لە چـاوو ئیرادەی خەڵک، ببێتە هەڵتۆقینێکی هێندە چاوەڕوان نەکراو کە سەرجەم هێزەکانو خەڵکیشی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد. (فۆرتاونیزم) بوو بە مۆدێل بۆ هاتنەدەستی خەڵکو شەخسیەتەکان لــەدەرەوەی کایەی سیاسەتی بـاوەوە، فۆرتاون تیرۆرکراو تائێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە، لەدوایین ڕاپرسیدا زۆربەی هۆڵەندییەکان پێیانوایە تیرۆری فۆرتاون، کۆمپلۆی دەسەڵاتو حیزبەکانی ئەوکاتە بووە، بەڵام لیستی فۆرتاون وێڕای نەمانی عەقڵە بەڕێوەبەرەکەیو سەرە گرنگەکەی، زۆرترین کورسییەکانی بەدەستهێناو ســەرجــەم سیاسییەکانی ئــەوکـاتو حیزبەکانی بەچۆکدا هێنا، فۆرتاونیزم وێــڕای نــەمــانـی لیستەکەیو چەند پارچەبوونی، بەڵام هێشتاش مۆدێلێکی خۆشەویستو گرنگە بەجۆرێک بە هەر لە بەرامبەر وەستانەوەو دەنگ هەڵبڕینێکی جیا، باس لە فۆرتاونیزم دەکرێت.

فەشەلی دەسەڵاتی حیزبی کوردیو گەورەبوونی قەڵشتی نێوان خەڵکو دەســـەڵاتو دوورکــەوتــنــەوەی ئەم دەسەڵاتە لە فەلەکی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، زیادبوونی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە هەموو بـوارە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەکاندا لە (٦) ساڵی رابـردوودا، گەیشتووەتە کاملبوون، ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیانە بەشێوەی جیاجیا خۆیان دەرخست، ناڕەزایەتی جەماوەری لەسەر پێداویستییە سەرەتاییەکان، لەسەر ئازادییەکانو میدیا ئەهلییەکان، خەڵکو کەسوکاری ئەنفالکراوەکانو هــەڵــەبــجــەیــیــەکـان، لــە بــەرامــبــەردا فەشەلی دەســـەڵاتو نەخشەکانی لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقەوە تا مادەی (٥٨)و مەسەلەی ناوچەدابڕاوەکانو سوڕانەوەی دەسەڵاتدارانی کورد لە فەلەکی حکومەتی عێراقی، ئارامیو ئاسایشی عێراقو هەموو هەوڵێکیان بۆ قایمکردنی ژێرپێی کورسییەکانی دەسەڵاتو مانەوە لە دەسەڵاتداو دەستپێوەگرتنی دەسەڵاتو دەستکەوتە تایبەتەکان، بەهۆی سەرجەم ئەم فاکتەرانە دەســەڵات کەوتبووە بەر شەپۆلی ناڕەزایەتیی خەڵک، حیزبو ژیانی حیزبیی لەو چەند ساڵەدا بە کێرڤێکی خێرا دابــەزیــنو حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش گەورەترین بەشیان بــەرکــەوت، بــەڵام سەرجەم ئەم ناڕەزایەتیانە هێزو لایەنو گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی واقیعی نەبوون کە ڕێکیانبخاتو یان تێکەڵیان بێت، هێزو لایەن هەبوون کە لە هەوڵی سواربوونی ئەم شەپۆلانەدا بــوون، بــەڵام خەڵکو ناڕەزایەتییەکان لەوە وشیارتربوون کە بوار بەمە بدەن.

هــەڵــبــژاردن خـۆبـەخـۆ باشترین ڕووبەڕووبوونەوەیەو تا خەڵک جارێکی دیکە پێناسی دەسەڵات بکاتەوە، سەرجەم داخـوازیـیــەکـانو ناڕەزایەتییەکانو چـوونــەســەری ئاستی هـۆشـیـاریو بەرچاوڕوونییەکان، ئەم بارودۆخەیان زۆر بردووەتە پێشەوە، دەسەڵاتو بەتایبەتیش یەکێتیو پـارتـی زوو ئـەم هێمایانە تێگەیشتو هەموو ئیشارەتەکانیان زوو خوێندەوە، بەوەش هــەرزوو کەوتنەخۆ بۆ بەکارهێنانی هەموو ڕێگاکان بۆ پاشەکشەپێکردنی سەرجەم دەنگە جیاکان. خاڵێک کە گرنگی خۆی هەیە، ڕەوتی ڕوو لە گۆڕانی هاوکێشەکانە، سەرجەم هەوڵەکانی دەسەڵات نەیتوانی بەو ئاقارەدا بڕوات کە ئەم هەڕەشەو پلانانە ئامانجیان بوو، ئەگەر بۆ (٦) ساڵ لەمەوبەر دەوری چارەنووسسازیان بوایە، ئێستا کەم کاردەکەن، هەڵسوڕاندنی گۆپاڵی شەڕی ناوخۆ بەشێکی دیکەیە لەم پرۆژەیە، بەڵام ئەمەش خۆبەخۆ کەمبایەخە، بە کرانەوەی کوردستان بـەڕووی دونـیـاداو چوونە سەری دەسەڵاتی خەڵکو ویستی خەڵک بۆ دەوڵەتی دیموکراتو یاساو عەدالەت، زۆر لەوە واوەترن، لەبارێکی دیکەشەوە خۆڕێکخستنی هێزەکانی دیکە وەک لیستی چوار حیزبەکەو ژمارەیەکی زۆر لیستی سەربەخۆ، ئەم تەحەدایەیان ئاسانتر کردووەتەوە، لیستی گۆڕان فینۆمینێکی تازەیە کە نەوشیروان ڕابەرایەتی دەکات، وێـڕای بوونی سەرجەم ڕەخنەکان لە نەوشیروانو لیستەکەیو بەشێک لەوانەی لەگەڵیدانو ڕاستبوونی ئەم ڕەخنانەو یان گرنگیان، بەمەرجێک کە ئامانج تەنیا لە خستنو بێهێزکردنی ئەم ڕەوتە نەبێت، بێهێزیی ئەم ڕەخنانە لەوەدایە کە ئەم قسانە تەنیا ڕوو بەم کەسە یاخییەی دەسەڵاتی حیزبی بکەیتو لەوانی دیکە خاترجەمبیتو هیچ قسەیەک لەسەر تاڵەبانیو بارزانی نەکەیت، کە هەمیشە بەشی شێریان پێدەبڕێت، نەوشیروان ڕەنگە وریاترین سیاسیی کوردی بێت کە کەڵکی لە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی واقیعی وەرگرتو کۆمپانیای وشەی وەک سەکۆیەکی ڕۆشنبیریی کارا بەکارهێنا، بۆ سازدانو بەهێزکردنی بەرەی خۆی، ئەمە لەئاستێکدایە کە زۆرێک خەڵکی دەرەوەی یەکێتیشی لەگەڵ خۆیدا کۆکردەوە کە پێش پێکهێنانو بوونی پرۆژەکانی کۆمپانیای وشە، نە ئەم وتارە ئامانجی جوانکردنی کەسو لیستێکە، نە بەندەش هیچ پەیوەندییەکی بەم لیستەوە هەیە، بەڵام ڕاستییەک هەیە ئێمە لە دووڕیانێکی توندداین بە ئاراستەی بە یاساییبوونو بوون بە خاوەنی موئەسەسات، یان بە ئاراستەی تاڵانکاریی زیاتر سەروەتو هەیبەتی خەڵکی کوردستانو هەڕاجکردنی سـەجـەم دەستکەوتە سیاسییەکانی دەڕۆین، بۆیە وەک چاودێریی سەرجەم ڕەوەندەکان دەبێت بە وردیو ویژدانەوە قسەبکەین.

شتێک کە لەم هەڵبژاردنەدا هەیەو جێگای سەرنجە، بەپێچەوانەی سەرجەم هـەڵـبـژاردنـە نۆرماڵەکانی دونـیـاوە، کـەس باسی پـرۆژەکـانـی داهـاتـووی ناکاتو کەسیش داوای ناکات، هێندەی کەسایەتییەکان باسیان دەکرێت، هێندە دەستکەوتو بەرنامەو پرۆژەکان قسەیان لەسەر ناکرێت، وەک ئەوەی هەڵبژاردن بۆ دەموچاوەکان بێتو هیچ پەیوەندی بە ژیانو سیاسەتو گوزەرانی خەڵکو ئەمنیەتو... هتد نەبێت، کەس نازانێت هەریەک لەم لیستانە قسەو پرۆژەیان چییە بۆ چارەسەری هەژارییو ئەو قەڵشتە گـەورەیـەی کە هەیە لە دابەشکردنی دەستکەوتو ساماندا، لەسەر کەرکوکو خانەقینو ناوچە دابڕاوەکان، مەسەلەی ئەنفالو تاوانبارانی ناوخۆ، مەسەلەی لاوانو سیستمی خوێندنو گرفتەکانیان، مەسەلەی ژنـانو یاساکان، مەسەلەی بـوونـی دەسـتـووروو کـام دەسـتـوور، مەسەلەی دوژمنانی ناوخۆو دەرەکی، یاساکانی کـارو یاساکانی کاروباری شەخسی، مانەوە لە چوارچێوەی عێراقداو مەسەلەی مافی چارەنووسو ریفراندۆم، مەسەلەی بودجەو دابەشکردنی بودجەو عەدالەتیو ناعەدالەتی، لەیەک ڕستەدا سەرجەم ئەوانەی کە هەر کەسێکی سادە کە هەڵدەبژێرێتو دەیەوێت بەشداربێت، بزانێت دەنگ بە چی دەدات، لە هەمووشی خراپتر بوارنەدان بە هەڵبژاردن بوو بۆ کوردستانیانی دەرەوە، کە زۆر بێ قرەو بەئاسانی دەســەڵات ئەمەی سەپاندو خەڵکیش قبوڵی کرد.

ئۆپۆزسیۆنو هێزەکانی دەرەوەی دەســەڵات لــەم چەند ڕۆژەدا وێــڕای پێشرەوییان، خراونەتە ئاڵۆزییەوە، ئاڵۆزیی ئەوەی کە لەبەر هاوار هاوارو نەعرەتەکێشانی دەسەڵات، خەڵک خەریکە سەیری ناوەرۆکەکان ناکاتو پرسی پرۆژەو چی دەکەیتو چەندت لەدەستدێت ئەگەر هەڵبژێردرێیت؟ چۆنو بە کەم تواناو بودجە ئەوە دەکەیت، ئەمە تا ئاستێک هاتووەتە خوار کە سەرجەم میدیاکانو تواناکان بەوەوە سەرقاڵن کێ دەرکراو کێ پەشیمانبووەوە!

مەسەلەی تەحەداکانی سەرۆکایەتیی هەرێم کەمبایەختر نین لە مەسەلەی پەرلەمانی کوردستان، مەسعود بارزانی خـۆی خستە تەحەدایەکی گـەورەوەو بەتایبەتیش لەم چەند ساڵەدا زۆر کاری بۆ ئـەوە کـرد، لانیکەم بە زارەکـیو لە میدیاکاندا کە بۆ نموونە لە تاڵەبانی حاسمترە لە بەرامبەر تورکیادا، یان حکومەتی ناوەندیداو چەندجار خەڵکی کوردستانی هەتا سەر ڕۆخی موجازەفەو شەڕ برد، بارزانی پێیوایە کە بەشی هێندە خۆشەویستە کە زۆرینەی دەنگەکانی سەرۆکایەتی بهێنێت، بۆیەش خوازیاری هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بـوو نـەک لە پەرلەماندا! وێڕای نەبوونی بەرامبەری هێندە ناسراوو لەسەرپێ، بەڵام هەندێک دەنگ هەن کە ڕەنگە ئەم خەونەی مەسعود بارزانی ناخۆش بکەن، بۆ نموونە لەناو بەرامبەرەکانیدا ئەگەر د.کەمال میراودەلی بتوانێت کەمپەینێکی باش بکاتو هەندێک میدیاکانی لەبەردەستدابێت، یان هەموو لیستەکانی دیکەی جگە لە لیستی پارتیو یەکێتی دەنـگ بـەم پیاوە ڕۆشنبیرە بدەنو خەڵکی ناڕازی دەرەوەی هەموو لیستەکانیش دەنگی پێبدەن، گەورەترین تەحەدا دروستدەبێت کە پرسی گۆڕان دوولایەنەو زامنتر دەکات، هەتا لەحاڵەتی ئەوەشدا کە لیستی کوردستانی زۆرینەی کورسییەکان زامن بکات، بەڵام سەرۆک کەسێکی دیکەی سەر بە مەیلی دیموکراتیو گـۆڕان بێت، حکومەت تووشی کەوتن دەکاتو وادەکات ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات بگرێتە خـۆی، یان لانیکەم پرۆژەکانی لیستی کوردستانیو کارنامەیان لەژێر مایکرۆسکۆبی چەند لایەنەدا دەبێتو بەو ئەدایەش کە تائێستا پەرلەمانتارەکانی ئەم لیستە بوویانە، ئەرکێکی یەکجار قورسیان تووش دەبێت.

هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازە نەک بەومانەیەی کە ئاڵوگۆڕی زۆر گەورە زامن دەبێت، بەوبارەدا کە کرانەوەو شەریکبوون لە دەسەڵاتداو ئۆپۆزسیۆنبوون بواریان بۆ دەکرێتەوە، ناڕەزایەتییەکانی خەڵکو بـاوەڕ بەخۆبوونی خـەڵـکو گەمەی حکـومـەتو خـەڵـکو سـەرجـەم کایە دیموکراتیەکانی دیکە لە ڕەوتی نۆرماڵی خۆیان نزیکدەبنەوە.

hangau@gmail.com



# پانۆرامای ئەندامانی پەرلەمانی بەسەرچووی کوردستان!

پێشەوا عومەر تریفەیی

**دیمەنی یەکەم**

مانگ مانگی کانوونی دووەمــی ساڵی ٢٠٠٥، کاکی پاڵێوراوی دیاریکراو خۆی ئامادە دەکات بۆ هەڵبژاردن، بە ڕواڵەتییەوە پەرشو پەرۆشی دیارە، لەوە دەترسێت جێگای متمانەی هاوڵاتییان نەبێت! لـەوە دەترسێت دەنگی دیاریکراو بۆ چوونە ناو پەرلەمان وەدەست نەهێنێت...

بــەڵام بـەرپـرسـەکـەی، ئـەو کەسەی دەستنیشانی کردووە بۆ چوونە ناو پەرلەمان، دڵخۆشیی دەداتەوەو پێی دەڵێت:

+ مەترسە ئامۆزا، دەنگدەر دامـاوە، تۆ بڕۆ قسەی زلو بەڵێنی قەبەو هەر شتێک دێت بەدەمتدا بیدە، کورە هەر لە خۆتەوە بەڵێن بتەقێنە بە کۆمەڵ، ئیتر هەقت نەبێت!

– ئەی دوایی هیچ کەسێک لێپرسینەوەم لەگەڵدا ناکات؟ کەس پێم ناڵێت کوا بەڵێنەکانت؟

+ هاهاها، کورە کەسی چی؟ لێپرسینەوەی چی؟ دەڵێی لەم مەملەکەتەدا ناژیت؟!

– دە هەقت نەبێت بزانە چی دەکەم!؟

**دیمەنی دووەم**

بەڕێزی ســەرەوە چـووە ناو کۆڕێکی جەماوەریی بەزۆر هێنراو، بۆئەوەی وتەیەکی مێژوویان پێشکەش بکات، بەڵام لەدڵی خۆیدا دەڵێت یا ڕەبی.. تۆ بڵێی من ئەم قسانە بکەم خەڵک قاقای پێکەنین تەنگەنەفەسیان نەکات، لەتاو قاقای پێکەنین ژان نەیانگرێت، ئابڕووی منیش بچێت... نا جەنابی (گەورەم) وتی هەرچی دەڵێیت بیڵێ...

گوتارە مێژووییەکە دەستپێکرد:

–هەی دەنگدەرە بەشەرەفەکان، بەڵێندەدەم، بەڵێن .... کە دەچمە ناو پەرلەمان دەنگی ئێوەی بەڕێزبم (ئەی خوایە چیم کرد بەخۆم، خۆ کەس پەرۆش نییە بۆ گوتەکەم، چی بکەم، با شتێکی قەبەتر بڵێم).

– بـە دەنگێکی بــەرزتــر، پەنجەشی بــەرزکـردووەتــەوە: بەڵێنتان پـێـدەدەم کە جادەکانتان نەک بۆ قیرتاوبکەم، بەڵکو بیکەم بە چوارساید (چەپڵەو هاوهۆ لە هۆڵەکەدا بەرزبوویەوە).

– کاکی پاڵێوراو وەک زۆپا گەرم بوو: بەڵێنتان پـێـدەدەم هەرچی مامۆستا هەیە دایمەزرێنم، هەموو قەزایەک، کورە هەموو ناحیەیەک زانکۆو پەیمانگای تێدابکەمەوە (خەڵکی ئەمجارە هاستانەوە سەرپێو دەستیانکرد بە چەپڵەیەکی چەند دەقەیی!).

– بەڵێنتان پێدەدەم مەوقیفی پاسەکان وەک مەتاری فڕۆکەخانەکان لێبکەم.

– بەڵێنتان پێدەدەم کارەبای (٢٤) سەعات، ئاوی شەوانە ڕۆژی، کورە بۆری گازو غازو نەوت ڕاکێشینە ماڵەکانتان (جەماوەر هوتاف دەکێشنو دەڵێن: بە خوێنو بە ڕۆح، بە دەنگو بە مۆخ... قوربانتین لەگەڵتاین).

**دیمەنی سێیەم**

پاش ئەوەی بەڕێزی بێ هیچ کێشەیەک هێندە دەنگی هێنا، خۆی لەناخەوە پێدەکەنی، دەیگوت: کەی من ئەوەم خەڵکی ئاوا دەنگی بـۆداوم، بەخوا ڕاستە ئەم خەڵکە مێگەلێکی نەزانن! چاک خەڵەتاندمن....

ئێستا لە ژوورە تایبەتەکەی خۆی لەناو تەلاری پەرلەمان دانیشتووەو قاوە دەخواتەوەو قاچی خستووەتە سەر قاچ... پرسیار دەکات:

– هەنگاوی داهاتوو چییە؟

– یاریدەدەرەکەی: یەکەم شت ئۆتۆمبێلێکی فول مواسەفاتی کیلۆمەتر سفر وەردەگرین لە جەنابی سەرۆکی حکومەت.

– ئەی باشە ئـەوە خۆم دەیزانم، پێش ئەوەی بێم هەر دەمزانی، دوای ئەوە؟

– ڕەقەمی تەلەفۆنەکەت بگۆڕە با خەڵکی ئەوانەی بەڵێنەکانت پێدەدان، تەلەفۆنت بۆ نەکەنو ئیزعاجت بکەن، بەو هەموو داواکارییە قەڵبو قۆڕانە قوربان!

– ئەمەیانت هەر زۆر زیرەکانەیە! ئافەرم، کورە ئەوە کەی داواکارییە هەیانە، یەکێکیان دەیەوێت ژن بهێنێت کەچی پارەی پێ نییە؟ ئەوی دیکەیان دەیەوێت دامەزرێت کەچی واسیتەی نییە! ئەم قسە قۆڕانە؟!

+پەیوەندییەکی لە سکرتێری ئەنجومەنیو.... پێگەیشت: هەرچیمان وت تۆ دەست بەرزبکەوە، ئیتر حەقت نەبێت، خەمی زەوی، گەشتی تەرفیهی.... نەبێت هەمووی لۆت ئامادەیە.

– تــەواوە، دڵنیابە، لە جێگای متمانەی جەنابتان دەبین، کێ حــەدی هەیە قسەتان بەرامبەر بکات؟

**دیمەنی چوارەم**

بەڕێز (ئەندام پەرلەمان) لەناو ئۆتۆمبێلە فەخمو کیلۆمەتر سەفرەکەیدایە، ئەوەی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی... پێشکەشی کردووەو لەپڕ جەرەسی مۆبایلە تازەکەی لێدا:

+ ها، چۆنی....

– سەلامەتو پایەداربیت گــەورەم، هەر جەنابتان باشبن ئێمە باشین.

+ خۆ دەزانیت چۆن کچەکەتمان خستە ناو کۆلێژی پزیشکی، بەمەرجێک نمرەکەی بۆ پەیمانگاش نەدەبوو؟

– قوربان نازانم بە چ زووبانێک سوپاست بکەم، چۆن جەزای پیاوەتیت بدەمەوە.

+ئەی خۆ ئەوەشت لەبیرە کە چەند پارەمان بۆ گەشتوگوزاری ماڵو منداڵەکەت سەرفکرد، لەگەڵ ئەوەی چەندین کەس هەیە چەند ساڵە بەدەست کیمیاییەوە دەناڵێنێتو هەر گوێشمان پێنەداوە؟

– قوربان خوا پایەدارت بکات! کورە من لەژێر ئەمرو بڕیاری جەنابتدام، بە گلێنەی چاوەکانم خزمەتت دەکەم!

+ دەی بـاشــە... ئــەوە بەیانی چەند پەرلەمانتارێکی گێرەشێوێن کە بە پەنجەی دەست دەژمێرێن، دەیانەوێت ڕێگریی بکەن لەبەردەم پرۆژەی نەوتو غازەدا، وابزانم دەشیانەوێت لێپرسینەوەو شت بکەن، پرۆژەیاسایەک تەقدیم بکەن، نەهێڵن، مەشغولیان بکەن بە شتی دیکەوە، لەبیریان بەرنەوە...

– ئەمری جەنابتانە، ئەگەر بە گیانیشم بووە ڕێگریان لێدەکەم، خەمت نەبێت قوربان، ڕاحەتولبالبە.

**دیمەنی پێنجەم:**

بەڕێز (ئەوەی دوێنێ تەلەفۆنیان بۆ کرد)، لەسەر کورسییەکەی خـۆیو لەناو هۆڵی پەرلەمان دانیشتووە، بۆئەوەی ئەو ئەمرەی دوێنێ پێیانکردووە، جێبەجێی بکات، ڕێگربێت لەبەردەم ئەو چەند شتەدا، لەناکاو لەوکاتەی ئەندامان خەریکی دەستکردن بە دەنگدان بوون، لە خەو ڕاچڵەکا، بەپەلە داوای لە سەرۆکی کۆبوونەوەکە کرد تا ڕێگای قسەی پێبداتو سەرۆکی کۆبوونەوەکەش ڕێگای پێدا، بەڕێز دەستیکرد بە قسە:

– ئەم داواکارییە زۆر زەرەرمــەنـدە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەمانو پێویستە بە هەموومانەوە دژی بووەستینەوە!

+سەرۆکی کۆبوونەوەکەش زۆر تەعەجوبی لەو قسانە هاتو وتی بە (ئەندام پەرلەمانەکە): بەڕێز بۆ دژی ئەو پرۆژەیەیت؟ ئەم پرۆژەیە دەربارەی موخەسەساتو مووچەکانمانە؟

– بەڕێز (...) کە لەسەرەتا تا کۆتایی خەوتبوو، تووشی شۆک بوو، وتی: داوای لێبووردن دەکەم، داوای لێبووردن دەکەم، هەر هیچ ناڕەزاییەکم نییە لەسەر ئەم پرۆژەیە، نا نا ئەمە بۆ ئاسایشی نەتەوەیمان زۆر باشە، قوربان ئەوە لێم تێکچوو، زلەتو ئەللیسان بوو....

دیمەنی کۆتایی

دوای کۆتاییهاتنی خولی پەرلەمانیو دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی نوێ گەڕایەوە بۆ هەمان ئەو هۆڵەی کە ئەو ساڵە بەڵێنەکانی بە خەڵکەکە دابوو، ئەمجارە نازانێت چۆن قسەبکات، خۆی فەرمووی:

– هەموو دوکانەکانتان بۆ دەکەم بە سۆپەرمارکێت!

– کـورە نەک پـارە، ئاڵتون بەسەر ماڵەکانتاندا دەڕژێنم.

– دەتانبەم بۆ ئاسمانو گەشتێکی یەک مانگی بۆ هەمووتان ڕێکدەخەم بۆ سەر مانگ!

– کـورە هەر ئێوە هێما بۆ شتێک بکەن، با من وەک دێوەکەی خاوەن شکۆ بۆتان جێبەجێ بکەم .

ffarwk@yahoo.com

# گۆڕان، ئەو ویستەی هیچ هێزێک ڕایناگرێت



**هادی ئەکرەم**

لەماوەی (١٨) ساڵدا دەسەڵاتی کۆنترۆڵکراو لەلایەن پارتی‌و یەکێتییەوە نەیتوانیوە وەک پێویست گۆڕانکاریی بکات، چ لە حکومەت‌و چ لەناو خودی حیزبدا، لەناو هەردوو حیزبدا بەپێی پەیڕەوەکانیان ماوەی کۆنگرەیان زۆر بەسەرچووە، کە دەبوو کۆنگرەیان ببەستایە، هاوکات بەربەستی گرنگ‌و گەورە نەبووە تا ڕێگربێت لە نەبەستنی کۆنگرەیان.

وەک دەسەڵاتی حکومەتیش ئەگەر گۆڕانکاریی کرابێت، تەنیا گۆڕان لە دەموچاوەکاندا بووە، بەبێ ڕەچاوکردنی پسپۆڕیی لە بوارەکانیاندا، ئەم شێوازە هەرگیز پێی ناوترێت گۆڕانکاریی.

هەردوو حیزب ئەوەندەی کۆبوونەوەیان کردووە لەپێناو درێژەدان بە بەردەوامیی دەسەڵاتیان‌و مانەوەی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیاندا، ئەوەندە کاریان نەکردووە هەم بۆ جێبەجێکردنی پەیڕەوو پرۆگرام‌و ئامانجە دەستنیشانکراوەکانیان لەسەر کاغەز، هەم لەپێناو پلاندانان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵک.

هەردوو حیزب لە چەند ساڵی حوکمڕانیاندا هێندەی کاریانکردووە بۆ کاڵکردنەوەی هەستی نەتەوەیی‌و ئینتیما بۆ نیشتمان لای تاکەکانی کوردەواریی‌و بردنی هەستی نەتەوەیی‌و ئینتیما بۆ حیزب‌و تاکە سەرکردەیەک، چارەکو کەمتر لەوەش کاریان نەکردووە بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد، تەنیا لەوکاتانەی ڕووبەڕووی شکست بوونەتەوەو ڕەوشەکە بەرەو ئاقارێک لێژبووەتەوە، کە بەرژەوەندییەکانیان خستووەتە مەترسییەوە کەوتوونەتە جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی خەڵک‌و هانیانداون بۆ پشتیوانیکردن‌و بەرگریکردن لە مەسەلە نەتەوەییەکان‌و بۆ ڕاستکردنەوەی شکستەکانی سیاسەتی پارتی‌و یەکێتی.

دەسەڵاتێک دیموکراتیەتی تێدانەبێت‌و باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نەبێت بەشێوەی دیموکراتی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی زیندەبەچاڵ کردبێت، سەرپۆشی ئەبەدی بەسەر شەفافیەتدا دابێت، چۆن جەماوەر باوەڕدەکات بەڵێن‌و بڕیارەکان کە پێش هەڵبژاردنەکان دەیدەن، ئەمڕۆ دەزانن هێزێکی گۆڕان بەڕێوەیە کە هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێگای پێبگرێت، هەوڵی بەپەلەی چەندین خزمەتگوزاریی دەدەن بۆئەوەی ڕای جەماوەری پێ بگۆڕن، بەڵام هەر هەوڵێک بدەن بە قازانجی هێزی گۆڕان دەشکێتەوە، جەماوەرێک ئامادەبێت پیتاک بکات بۆ پشتیوانیکردنی گۆڕان، هاوکات سەدان کادیر ئامادەبێت واز لە بژێویی ژیانیان بهێنن، چ هێزێک دەتوانێت بەرگریی بەهێزو داخوازیی جەماوەر بگرێت، بۆیە گۆڕان لەپێناو گۆڕانکاریدا کارێکی حەتمییە.

# «دیموکراسی»

## دەسەڵاتی زۆرینەو پاراستنی مافەکانی کەمینە



**چیمەن محەمەد ڕەشید**

**دیموکراسی تەنیا کۆمەڵێک دروشمی سیاسیی بریقەدار نییە کە زۆرجار سیستمە سیاسییەکان‌و دەسەڵاتداران بەوهۆیەوە روخساری خۆیانی پێ دەڕازێننەوەو بانگەشەیەکی روکەشانەی تیۆریی بۆ دەکەن**

ئازادیی جەوهەرو چەقی دیموکراسی پێکدەهێنێت، ئەگەر لە قۆناغەکانی ژیانی بەرایی مرۆڤایەتیدا ئازادیی بەشێوە خۆرسکەکەی هەبووبێت، ئەوا لەم سەردەمەدا بەدەستهێنانی ئازادیی لە ڕێگای دیموکراتییەوە کارێکی جیاوازەو لەسەر مرۆڤ پێویستە تێبگات‌و هەوڵ‌و کۆششی لەپێناودا بۆ بدات، دوای دابینکردنیشی کار بۆ پاراستنی بکات‌و بەردەوام گەشەی پێبدات.

ئامانجی دیموکراسی بە هەموو ئاڵۆزکارییەکانی‌و شێوە جیاوازەکانییەوە، لە گرتنەبەری ڕێگاو ڕێچکەی جیاجیا بۆ بەدیهێنانی، لە کۆتاییەکەیدا لە خاڵێکدا یەک دەگرنەوە کە ئەویش ئەو ئامانجە هاوبەشەیە کە ئازادییە! بەومانایەی دابینکردنی ئازادیی تاک‌و کۆمەڵ‌و ئازادیی دەوڵەت، سەربەستی هەموو تاکەکانە لە بڕیارو بەوجۆرەی کە ئیرادەیان خوازیارییەتی.

دیموکراسی تەنیا کۆمەڵێک دروشمی سیاسیی بریقەدار نییە کە زۆرجار سیستمە سیاسییەکان‌و دەسەڵاتداران بەوهۆیەوە روخساری خۆیانی پێ دەڕازێننەوەو بانگەشەیەکی روکەشانەی تیۆریی بۆ دەکەن، کە لەڕاستیدا لەڕووی ناوەرۆکەوە پەراوێزیان خستووە! دیموکراسی بەندە لەسەر کۆمەڵێک بنەما، کە پەیوەندی بە بەرجەستەبوونی چەندین بابەت‌و پرەنسیپەوە هەیە کە پێویستە کاریان پێبکرێت‌و لە پێکهاتەوەو جومگە سەرەکییەکانی حکومەت‌و کۆمەڵدا ڕەنگیدابێتەوە، لە گرنگترین ئەو بابەت‌و پرەنسیپانەش:

١- بەرجەستەبوونی چەمکی سەروەریی بۆ گەل، بەومانایەی کە بڕیار لە پرسە چارەنووسسازەکان لەدەست گەل‌و ژێر ئیرادەی گەلدا بێت.

٢- بوونی دەستوورێکی نیشتمانیی کە چوارچێوەیەکی گشتیی قانوونی بۆ دەسەڵات‌و پرۆسەی سیاسی‌و دەسەڵاتەکانی تێدا دیاریکرابێت، هیچ دەسەڵاتێک لەو باڵاتر نەبێت‌و سنووری یاسایی بۆ دەسەڵاتەکانی دیکەی تێدا دەستنیشانکرابێت.

٣- یەکسانیی هاوڵاتییان لەبەردەم یاساداو دەستەبەرکردنی مافە مرۆیی‌و ئازادییەکان.

٤- جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکە لەیەکتری‌و بوونی هاوسەنگیی لەنێوانیان‌و چاودێریکردنیان بەسەر یەکترییەوە، تا ڕێگرییەک لە سەرهەڵدانی تەکەتول‌و بەحیزبیکردن، یا زاڵکردن‌و پەراوێزخستنی دەسەڵاتێک لە دەسەڵاتەکان نەیەتە ئاراوە.

٥- دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی سیاسی.

٦- سیستمی پەروەردە دەبێت سیستمێکی ئازادو سەربەخۆبێت بەشێوەیەک کە پەیوەستی تەنیا بۆ گەشەپێدانی زانست‌و زانیاریی بێت، ڕێبازی زانستی‌و ئەکادیمی لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانیدا بگرێتەبەرو دامەزراوەیەکی سەربەخۆبێت، هیچ لایەن‌و گروپێک دەست نەخاتە کارەکانییەوە.

٧- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەکتیڤ‌و کاریگەرییان هەبێت‌و ڕێکخراوی ئازادو سەربەخۆبن کە بتوانێت وەک ئەڵقەی پەیوەندی نێوان خەڵک‌و دەسەڵات ڕۆڵی مەدەنیانەو هێمنانەی خۆی بگێڕێت، ئەمانە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دیموکراسی پێکدەهێنن‌و ئەو بنەمایانەن کە دیموکراسی لەسەر بەندە.

دیموکراسی فۆرمێک نییە لە فۆرمە موجەرەدو وەستاوەکان، بەڵکو فۆرمێکە بەردەوام لە گۆڕان‌و گەشەکردن‌و جوڵاندایە، هەمیشە لە نوێبوونەوەو فراوانبووندایە، لەگەڵ هەموو روخسارە گەشەکانی دیموکراسی‌و سەرکەوتنی ئەم چەمکە، چ وەک سیستمێکی حوکمڕانیی، چ وەک کۆمەڵێک بۆچوونی پێکەوە گرێدراو لە ڕێکخستن‌و بەرجەستەکردنی کۆمەڵایەتیدا، بەدەرنییە لە ڕەخنەلێگرتن، لەنێو بڵاوترین‌و گرنگترین لەو ڕەخنانەش کە لە دیموکراسی گیرابێت، بریتییە لە زوڵم‌و باڵادەستی زۆرینە لە بەرامبەر دەستەبەرنەکردنی مافەکانی کەمینەدا! یەکێک لەو بیرمەندە هۆشیارانەی کە بۆ یەکەمجار دەربارەی مەترسیی زاراوەی زۆرینە دواوە، (ئەلکیس دی تۆکڤیل) بووە کە لە کتێبی (دیموکراتی لە ئەمریکادا) کە لەساڵی ١٨٣١ی زاینی بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی پێداوە، بەڵام دواتر ئەم زاراوەیە لەلایەن جۆن ستیوارت میلەوە زۆرتر بەکارهاتووەو گەشەی پێدراوەو زۆرتر بڵاوبووەتەوە، بەتایبەتی لەکتێبی (دەربارەی دیموکراتی)دا کە لەساڵی ١٨٥٩دا دایناوە، بە ڕوونی ئەم بابەتەی وروژاندووە، جۆن ستیوارت میل ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لەبری دەسەڵاتی دیموکراتی، گونجاندنی کۆمەڵایەتی (انسجام الاجتماعی) هەبێت، چونکە دەسەڵاتی زۆرینە لە سیستمی دیموکراسیدا ڕەنگدانەوەی ئیرادەو بۆچوونەکانی ئەو زۆرینە ڕێژەییەو دەربڕی ئیرادەو ڕەنگدانەوەی تەواوی ڕاوبۆچوونەکانی خەڵک ناکات، بۆیە کەمینە دەنگو ڕەنگو ئیرادەی ناگاتە شوێنی مەبەست‌و ناوەندی بڕیار، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ماف‌و ڕای کەمینە پێشێلدەکرێت‌و مافەکانی لەسایەی دەسەڵاتی زۆرینەدا نەپارێزراوە.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە ناوەرۆکی دیموکراسی دوو پرەنسیپی بنچینەیی‌و سەرەکی لەخۆدەگرێت کە پراکتیزەنەکردنی یا پەراوێزخستنیان، دیموکراسی لە ماناو ناوەرۆکە گشتییەکەی بەتاڵدەکاتەوە، ئەوانیش: پرەنسیپی دەسەڵاتی زۆرینەو پاراستنی مافەکانی کەمینەیە، جا ئەو کەمینەیە کەمینەیەکی ئایینی، سیاسی، یا نەتەوەیی‌و هەر پێکهاتە کەمینەیەکی دیکە بێت. بۆچوون‌و تێگەیشتنی جیاجیا، تێڕوانین‌و بەویست بینینی (الانتقائی) دیموکراتی لەلایەن زۆرینەوە، زۆرجار هۆکارێک دەبێت بۆ پێشێلکردن‌و نەپاراستنی مافی کەمینەکان‌و چوارچێوەی کارو هەڵسوڕانی بەرتەسک دەکاتەوە، ڕووبەڕووی چەرمەسەری‌و هەڵبژاردنی بێدەنگی‌و هەندێکجاریش بووە لە خەسڵەت‌و تایبەتمەندییەکانی خۆی داماڵراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، لێکدانەوەو بیرکردنەوەو تێگەیشتنی لەوجۆرە لە سیستمی دیموکراسی‌و دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کە زۆرینە دەسەڵاتی پێ پەیداکردووە، دوورنییە لە کۆتاییدا لە هێڵە گشتییەکەی دیموکراسی دووربکەوێتەوەو لەگەڵ تێپەڕبوونی کات‌و مانەوەو سووربوون لەسەر هەڵوێست‌و بۆچوونەکانی، زۆرینە لە سیستمە تاکڕەوو تۆتالیتارییەکان نزیکدەبێتەوە؟ چونکە کەمینەکان لە هەر ڕەنگو گروپ‌و پێکهاتەیەک پێکهاتبن، کۆمەڵێک مافیان هەیە کە پێویستە دەسەڵاتی زۆرینە لەبەرچاویان بگرێت‌و هەوڵی دابینکردنی بدات‌و بیانپارێزێت، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی زۆرینە ئامرازی ڕێکخستنی کاری حکومەت‌و وەرگرتنی بڕیاری تایبەتە لە کاروبارە گشتییەکاندا، کە ئەمە گرنگە نەک هۆکارێک بێت بۆئەوەی کەمینە لەسەر دەستی ئەو ڕووبەڕووی مەترسی‌و چەوساندنەوەو پێشێلکرنی مافەکانی ببێتەوە، کەمینەکان پێویستیان بەوەیە کە لەلایەن حکومەتەکەیانەوە (دەسەڵاتی زۆرینەوە)، مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێت‌و بپارێزرێن تا بتوانن شوناس‌و خەسڵەت‌و بۆچوون‌و تایبەتمەندییەکانیان گەشە پێبدەن، هەست بە ڕۆڵ‌و بەشداریی خۆیان بکەن لە پرۆسەی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و کلتووری‌و فەرهەنگی گشتیی وڵاتدا، ڕایەڵەکانی پەیوەندی‌و توندوتۆڵییەکی تەندروست لەگەڵ زۆرینەدا پەیوەستی‌و بەرپرسیارێتی لا دروستبکات، نەک بەپێچەوانەوە لێکبدرێتەوە بەوەی کە دەسەڵات لەبەرئەوەی ڕێژەی زیاتری بەدەستهێناوە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان یان لە هەڵبژاردنە حیزبییەکاندا، ئیتر تەواوی کاروبارەکان لەدەستی خۆیدا چڕبکاتەوەو ڕێگای خۆشنودی‌و پراکتیزەکردنی مافەکانی کەمینە نەدات‌و کەمینە لە ناوەندی بڕیارو کاروبارە گشتییەکاندا دووربخاتەوەو ڕێز لە ڕەنگ‌و دەنگی نەگیرێت، لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی کەمینە دەکات، جا ئەگەر ئەو کەمینەیە ڕێژەیەکی کەمی جیاوازی دەنگی لە هەڵبژاردنەکانیشدا لە بەرامبەر زۆرینەدا هێنابێت! کەمینەکان بەهۆی پرەنسیپی مافە مرۆییە سەرەکییەکان، مافی خۆیانە مافەکانیان دەستەبەر بکرێت‌و بۆ هیچ دەسەڵاتێکی زۆرینە نییە هەڵبژێردراو بێت یا هەڵنەبژێردراو، ئەو مافانە پێشێل بکات‌و لە کەمینەکانی زەوت بکات.

دیموکراسی بریتییە لە بوونی فرە ڕەنگی‌و فرە دەنگی، کارێک نییە یەکێتی‌و یەکگرتوویی‌و ڕیزەکانی کۆمەڵگا تووشی پەرتەوازەیی‌و لێکترازان بکات‌و مەترسیی لەسەر قەوارەو دەسەڵاتی سیاسی دروستبکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دیموکراسی یەکێتی‌و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی پتەوترو تۆکمەتر دەکات، کۆمەڵ بۆ تەبایی‌و پێکەوەژیانی ئاشتیانە هاندەدات‌و کارەکان لە ئاڵۆزیی‌و پەشێویی ڕزگار دەکات‌و ڕێخستنێکی نوێ‌و ڕێکخراوتریان بۆ دەستەبەر دەکات.

کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی‌و یەکێتیی ڕیزەکانی گەل کاتێک ڕووبەڕووی مەترسی‌و لێکترازان‌و هەڵوەشانەوە دەبێتەوە، کە دیموکراسی یا کۆڵەکەیەک لە کۆڵەکەکانی ڕاگری دیموکراسی بترازێت‌و لاسەنگی لە چەقی دیموکراسی لێبکەوێتەوە، چونکە دیموکراسی فۆرمێکی گشتی‌و هەڵگری سەرجەم توخمە جۆراوجۆرەکانە کە پەیوەندیدارو پێکەوە گرێدراون، پێکەوە مانا تەواوەکەی دیموکراسی پێکدەهێنن، دیموکراسی نە بە جیاو نە لە تەنیا لایەنێکەوە پێناسە ناکرێت‌و دەبێت لە شێوە گشتییەکەیدا لێکبدرێتەوەو ببینرێت، پێشێلکردن‌و پەراوێزخستنی هەر بنەمایەک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی، کاریگەریی تەواو لەسەر هەموو جەستەی دیموکراسی دادەنێت‌و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە! دواجاریش ئەو مەترسییە، ڕەنگدانەوەی لەسەر تەواوی ژیان‌و پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌و گروپ‌و کەمایەتییەکانی دیکە دادەنێت‌و کۆمەڵ بەرەو لێکترازان‌و دابەشبوون‌و پەرتبوون دەبات، تەنگژەی جۆراوجۆریشی بۆ دەسەڵاتی زۆرینە لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەسەڵاتی زۆرینە کاتێک جوان‌و سیمایەکی مرۆیی لە ڕوودا دەبینرێت، کە ماف‌و ئامانجەکانی کەمینە دەستەبەربکات‌و بیانپارێزێت، چونکە ئەوە کەمینە نییە کە بەرپرسیارێتی مێژوویی‌و ئەخلاقی لە حاڵەتەکانی بێ مافی‌و پێشێلکردنی ئازادییەکان‌و ئەو دەرئەنجامانەی کە لێی دەکەوێتەوە، بکەوێتە ئەستۆ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو بەرپرسیارێتییە مێژوویی‌و ئەخلاقی‌و مرۆییە، کارێکە لەئەستۆی دەسەڵاتی زۆرینەدایەو دەبێت ئەو بچێتە ژێرباری ئەو بەرپرسیارێتییەو ئەو دەرئەنجامانەی کە لێی دەکەوێتەوە.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- صالح السنوسي: ثلاثية استبداد السلطة وعجز الأغلبية وعنف الأقلية.
٢- من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة.
٣- عدنان الصالحي: تأمين الديمقراطية ومفهوم التعددية.

# تۆمەتباركردنی میدیاو ڕۆژنامەنووسان



هەورامان محەمەد

ماوەیەک بەر لەئێستا دەزگای ڕاگـەیـانـدنـی هـــەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، کتوپڕ لە هەڵمەتێکی چـاوەڕوان نەکراوو بە عەقڵێکی عەسکەرتاریانە، زمانی هێرشکردنیان خستـە سـەرپـێ لـە قـەرەولـە نادیموکراتییەکەیانەوە، تا بۆیان کرا سێرەیان لە پێگەی میدیای ئەهلیو بیروڕای جیاوازو ڕۆژنامەنووسانی بـەدەر لە عێلی ئایدۆلۆژیاکانی خۆیان گرت. بە وتەکانیان لەسەر شـێـوازی تەشهیرو نـاوزڕانـدن درێغیان پێنەکرد، جارجارەش لەناو کـۆڕو کۆبوونەوە داخراوەکانی خۆیاندا شانازییان بەم هەڵمەتە نەشازەوە دەکرد، بێگوێدانە عورفو عاداتی مرۆڤایەتی، بەردەوامیی خۆیان بەرامبەر بە بیروڕای جیاواز نیشانداو لەو دیدگایەوە بەهیوابوون، کـە لـەو کـەنـاڵـە دەستپێکردنی ناووناتۆرەیەوە بتوانن جارێکی دیکە بێنەوە نـاو کۆمەڵگاو ئەو پێگەو مەقامەی کە لەڕووی متمانەی میللەتەوە لەدەستیاندابوو، بەدەستی بهێننەوە.

ئەم هەنگاوانەی دەسەڵاتی حیزب کە بەرامبەر بـیـروڕای جیاوازو کاری میدیای ئەهلیو گۆڕانەکان هـاتـووەتـە گـۆڕێ، سـەبـارەت بە دەسـەڵات شتێکی نوێ نییە، بگرە هەر لە منداڵدانی هزریانەوە ئەم عەقڵە بیرۆکراتیەتەیان لەگەڵدایە، بـەڵام لەوکاتەدا دەریـدەبـڕن کە هەست بە نزمبوونەوەی لەدەستدانی بڕوابوونی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا دەکەن، لەئاست جوڵانەوە ناتەندوستە سیاسیو ئیدارییەکانیاندا ئەوجا بەرامبەر کۆمەڵگا دەکەونە حاڵەتی شینو واوەیلاکردن، دەیانەوێت بە زەبری ناوزڕاندنو تەشهیر دەنگی بوێرییو دلێریی کۆمەڵانی خەڵک لەئاست کەموکوڕییەکانیاندا پەک بخەن، ئەمە جگە لەوەی کە خودی دەزگـاکـانـی حیزبی دەسـەڵاتـدار کـەوتـبـوونـە خـۆسـازدانـی ئەو شـاڵاوە ناشرینو بێوێنەییەی کە دەستیاندابوویە، لەهەمانکاتیشدا چەندینجار لە بەرنامەی تیڤییەکانیاندا چەند کەسانێکی بەناو میوانی بەرنامە لەسەر بیروڕای جیاواز هەمان تەشهیرو ناوزڕاندنیان دەستپێدەکردەوە، هەرکەسێک بە وردی بیروانیایە ئەوجۆرە قسانە، هەستی دەکرد کە تەنیا لە هێلنجی نەخۆشێک دەچوو کە لەسەر جێگا کەوتبێت.

بـەکـۆی گشتی ئـەم هـەمـوو هـێـرشـانـەی کـە لـە سـەنـگـەرە شکستخواردووەکانی حیزبەوە سەرهەڵدەدات، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـە ترۆپکی رەخـنـەی سیاسیو ئیداریی هەرکاتێک گەیشتە داوێنی سنووری هێڵە سوورەکانو مەترسیی هەبێت بـۆ سـەر بـەرژەوەنـدی سـیـاسـیو ئـابـووریـی هـەردوو «قائیدە زەرورەکـە»ی ناو یەکێتیو پارتی، ئیدی لـەلای ئـەوان رەخنە قابیلی قبوڵ نابێت، هەربۆیە میلی زمانیان دەهێننەوەو چی لە بڕشتی قسەکانیاندا بێت، ئاراستەی ئەمڕۆی بیروڕای جیاوازو میدیای ئەهلیو ڕۆژنامەنووسانی غەیرە بەرەبابیان دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری هـەڵـدانـەوەی دەمامکی چەندین ساڵەیان، دەیانەوێت بەم ڕێچکەیە چاوی ڕۆژنامەنووسان بترسێننو چیدی باس لە بەرژەوەندییەکانیان نەکرێت، ئەمە هەمووی لەلایەک، بـەڵام ئـەوەی جێگای سەرنجو باسکردن بێت، ئـەوەیـە کە ئەم دوو حیزبە دەسـەڵات بەدەستە جگە لـەوەی کە بە بەرپرسەکانی دەزگـــای ڕاگەیاندنەکانیان بۆ هێرشکردنە سەر میدیای ئەهلی بیروڕای جیاواز ناوەستن، بەڵکو لەم چەند ڕۆژەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەغزای خۆی بەرامبەر بە میدیای ئەهلیو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە سـەر بە موکافەئەو پێدانی زەوی روکنی شارەوانییەکانی خۆی نین، خاڵی کردەوەو تاوانی جاسوسی دایە پاڵ ئەو میدیاو ڕۆژنامەنووسانە. لێرەدا هەقە بپرسین چ ڕۆژنامەنووسێک لـەم هەرێمەدا توانای تێدایە بۆ وڵاتـانـی ئیقلیمو زلهێز کـاری جاسوسیی بکات؟! ئەگەر پاڵپشتێکی بەهێزی حیزبیانەی نەبێتو لەسایەی حیزبدا تەوجیهی پـێـنـەدرێـت؟! ئەگەر بە فیعلی دەتانەوێت باس لـە جاسوسی ڕۆژنـامـەنـوسـان بکرێت، ئەوا کارێکی باشە، بەڵام پێشوەختە پێویستە مەلەفی ئەو ڕۆژنامەنووسانە هەڵبدرێنەوە کە لەپاڵ کـاری ڕۆژنامەنووسیدا بە دەزگای جاسوسی حیزبیی (موتوربە) دەکرێنو دەنێردرێنە ناو تەواوی کایەکانی کۆمەڵگا، ئەگەر وانییە، ئێمە دەتوانین ڕاشکاوانەو بە داتا قسە لەسەر شێوازو جۆری ئیمتیازاتو موکافەئاتو کارە جاسوسییەکان بکەینو یەک بەیەک پەنجە بخەینە سەر هەڵدانەوەی مەلەفەکانیان.

کـاری جاسوسیی بە میدیای ئەهلیو ڕۆژنامەنووسی بێ پشتو پەنا ناکرێت، ناشچینە ناو قوڵایی ئەم چەند ساڵەی کە دەزگاکانی هەردوو حیزب بۆ مـزایـەدەی نیشتمانیی لەسەر یەکتر، چ کارەساتێکیان لە فەرهەنگی سیاسیدا خولقاندووە، بـەڵام دەکرێت تازەترین نموونە لەسەر کاری جاسوسیی دەزگاکانی هەردوو حیزب بکرێت، کە کاتێک لە ڕۆژنامە ئەهلییەکاندا قونسوڵگەری ئێران ڕاشکاوانە خۆی دەڵێت: «ئێمە لەلایەن هاوکارە کوردەکانمانەوە ئاگادارکراوینەتەوە، کە (پـژاک) لەلایەن ئەمریکاوە مەشقی پێدەکرێت، تۆپبارانکردنی سنووری هەرێمی کـوردسـتـان لـەلایـەن هێزەکانی ئەرتەشو پاسدارەوە بە ئاگاداری هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بووە»!

لێرەدا ئەو پرسیارە بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دێتە ئـاراوە، باشە هـەردوو حیزب کە هەمیشە سەری زمانو بنی زمانیان پارێزگاریی ئاسایشی نەتەوەییە، ئایا ئەم جاسوسیکردنو تۆپبارانکردنە میدیای ئەهلیو ڕۆژنامەنووسی بێلایەن دەیکەن، یا بەرپرسەکانی ئالی مەقامی ناو هەردوو حیزب؟؟!!

دەکرێت سەرۆکی حکومەت پێمان بڵێت چۆن زاتیکرد جاسوسیی بخاتە پاڵ میدیای ئەهلیو ڕۆژنامەنووسانی غەیرە حیزبیی؟! کە لەکاتێکدا ئەو تـاوان خستنەپاڵە پێویستی بە بەڵگە هەیە، ناکرێت هـەرواو بێ بەڵگەی ئاشکرا تاوانی وا بداتەپاڵ ڕۆژنامەنووسان!

awramanmhammad@yahoo.com

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای باری کەسیەتی هەولێر

ژمارە/٣١/ت/٢٠٠٩
بەروار/٢٠٠٩/٥/٣١

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستی بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە(٤٤٢٨٩) هەولێر جۆری (ئۆپل ئۆمیگا سالۆن)، مۆدێل ١٩٩١كە بەناوی خواڵیخۆشبوو(طة حمدامین خضر) لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٠كاتژمێر١٢دوانزەی نیوەڕۆ جا هەرکەس دەیەوێـت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراوە پارەی یاسایی کە دەکاتە١٠٪باڵەگەڵ خۆیدا بیهێنێـت ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەبری ٦٠٠٠٠٠٠شەش ملیۆن دینار.

قازی یەکەم
مصطفى عباس عزیز

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق/
ئەنجومەنی دادوەری

ژمارە٦٨/ب/٢٠٠٩
رۆ/٢٠٠٩/٥/٣١

بابەت/جاردان

داواکار/(ابوبكر بایزرسول)لەجیاتی «کورە»ناکامەکەی «حسین»
داوالێکراو /ڕاستگری بری شارستانی حاجیاوا(سەرەرای کارەکەی)
داواکار/(ابوبكر بایز رسول)لەجیاتی کورەناکامەکەی (حسین)داوایەکی لەسەر ڕاستگری باری شارستانی حاجیاوا سەرەرأی کارەکەی بەژمارە ٦٨/ب/٢٠٠٩ لەم دادگایەتۆمارکردووە وتیلیداداوای گۆرینی ناوی کورەناکامەکەی دەکات لە «حسین»ەوە بۆ(هێدی)پشت بەست بەماددەی (١/٢١)لەیاسای باری شارستانی .بریاردرا بەبلاوکردنەوەی لەرۆنامەیەکی رۆژانە ,هەرکەسێک رەزامەند نەبێت لە»گۆرینی»ئەم ناوە لەماوەی «١٠»رۆژ دوایبلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە یاپەوەندی بکات بەمەدادگایە,بەپیچەوانەوە دادگا ئەم داوایە ساغ دەکاتەوەبەپێی یاسا.

دادوەر
عبدللە عثمان خزر

---

**کۆمپانیای (محمد عزیز خضر) بۆ بازرگانی گشتی/ تاک هەڵدەستێت بەکەمکردنەوەی سەرمایەی کۆمپانیاکەی لە ٣٠٠٠٠٠٠٠ملیۆن دینار بۆ ١٠٠٠٠٠٠یەک ملیۆن دینار جا هەر کەسێ لاری هەیە باسەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکات لەماوەی یەک مانگدا.**

**بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو**
**محمەد عزیز خچر**

---

بسم الله الرحمن الرحيم
هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی کەرکوک لە سلێمانی
دادگای باری کەسێتی چەمچەماڵ
ئاگاداری

ژمارە : ٢٨١ / ش /٢٠٠٩
بەروار : ٢٥ / ٥ /٢٠٠٩

داواکار / جبار حمە عبدالرحمن رسول
داوالێکراو / کوێستان عبدالرحیم احمد
که ئێستا ناونیشانت نادیارە

داواکار ( جبار حمە عبدالرحمن رسول ) داوایەکی بە ژمارە (٢٨١ / ش /٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لە سەرت و لەم داوایەدا هاتووە کە تێدا داوای پەسەند کردنی ئەو تەڵاقە دەکات کە لە دەرەوەی دادگا داوتە لەبەرواری (٣١ / ١/ ٢٠٠٩ ) وە لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت . دادگا بڕیاری دا ئاگادارت بکاتەوە بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ، بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری (٤ / ٦ / ٢٠٠٩) کاتژمێر ٩ ی سەر لەبەیانی ، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادە نەبیت خۆت یان بریکارێک نەنێریت ئەوا دادگا داواکە دەبینێت بە پێی یاسا .

دادوەر
شوان حبیب صالح

---

بسم الله الرحمن الرحيم
هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی کەرکوک لە سلێمانی
دادگای باری کەسێتی چەمچەماڵ
ئاگاداری

ژمارە : ٢٢٩ / ش /٢٠٠٩
بەروار : ١٤ / ٥ /٢٠٠٩

داواکار / ئەڤین فتح الله نجم
داوالێکراو / هەرێم عابد حکیم
که ئێستا ناونیشانت نادیارە

داواکار (ئەڤین فتح الله نجم ) داوایەکی بە ژمارە (٢٢٩ / ش /٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لە سەرت لەم دادگایە، وە دادگا بڕیاری خۆی دەرکرد لەبەرواری (١٤ / ٥ / ٢٠٠٩) بە ( جیابوونەوە ) لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت . دادگا بڕیاری دا ئاگادارت بکاتەوە بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ، ئەگەر لەماوەیی یاسایی هەڵنەسیت بە تانە لێدانی یان پێداچوونەوەی بڕیارەکە ، ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە حەقت بەپێی یاسا .

دادوەر
شوان حبیب صالح

---

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
**سامان بەشارەتی** ٠٧٥٠٤٩٨٩٨٥٣

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان و .. دەروازەیەک بۆ گۆڕان



سیروان ژاژڵەیی

کاتێک خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ راپەڕینی کردو رزگاری بوو لەژێر دەستی دیکتاتۆرییەتی بەعس، لەکەرنەڤاڵێکی بێ وێنەدا لەیەکەم پرۆسەی هەڵبژاردندا نوێنەرانی خۆی بۆئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دیاریکردو دامودەزگای حوکمڕانی پێکهێنا.

ئــەو پــەرلــەمــانو حکومەتە بــووە جێگەی ئومێدی تەحقیقکردنی خواستو مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام بەداخێکی زۆرەوە هەرلەسەرەتاوە ئەوحکومەتو پەرلەمانە نەیتوانی ببێتە نێوەندی دەستەبەرکردنی خواستەکانی خەڵک.

یەکێتیو پارتی وەک دووحیزبی باڵادەست دەستیانگرت بەسەر تــەواوی جومگەکانی حکومڕانیو بەهەمان بیرکردنەوەو عەقلیەتی شاخو شۆڕشگێڕییەوە دەیانڕوانیە شێوازی فەرمانڕەوایی، هەردوو حیزب بەشێوەیەکی زۆر نادیموکراسیانە ململانێی یەکتریان دەکرد لەپێناو هەرچی خێرا پاوانکردنی دەسەڵاتەکانی حکومڕانیو سڕینەوەی یەکتری تاسەرئەنجام، ئەوجۆرە رووحیەتو بیرکردنەوەیە، پرۆسەی سیاسی گەیاندە پڕمەترسیترین دۆخ ئەویش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی براکوژیی، خوێنی هــەزاران گەنجو لاوای بەدەستی یەکتری رشت، تائەم ساتە ئاسەوارەکانی هەرماون.

لــەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە پێکهێنانی سیستمێکی نوێی حکومڕانی، هاوکاتیش هەرێمی کوردستان بۆ جارێکی دیکە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئەنجامدایەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی بەهێزو کارا نەتوانراوە پەرلەمانێکی کاراتر بێتەئاراوە، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی جدی لەبەرامبەر هەژمونگەرایی پارتیو یەکێتی، وایکرد کە دۆخی سیاسیو ئیداریو ئابووری کوردستان رۆژبەرۆژ گەندەڵترو لاوازتر بێتو جارێکی دیکە هــەردوو حیزب بەبێ حسابکردن بۆ خواستو بەرژەوندییە گشتیەکانی میللەت.

لەسۆنگەی تەسکی حیزبیو هــەردوو بنەماڵەی بارزانیو تالەبانی تەنیا خۆیان بەفریادڕەسو نوێنەری خەڵکی زانیوە، بەڵام سەیردەکەین رۆژانە لەراگەیاندنەکانیانەوە بەپێچەوانەوە سەیری خواستەکانی خەڵک دەکــەنو ئــەوەشــی کــردوویــانــە رۆژانــە لەمیدیاکانیانەوە بەخەڵکی دەفرۆشنەوە، وەک ئەوەی بەخەڵکی بڵێن ئەوەی کردوومانە ئەرکی ئێمە نەبووە، بەڵکو ئێمە لەچاکەو پیاوەتی خۆمانەوە ئەوکارانەمانکردووە.

لێرەدا وتەی یەکێک لەبەرپرسەباڵاکانی یەکێک لەدوو حیزبەکە سێ ساڵ لەمەوبەر دەیهێنینەوە یاد لەکۆبوونەیەکی فراوانی کادیرانی حیزبدا وتویەتی، ئەگەر میللەت بزانێت حکومەتو هەردووحیزب ساڵانە چەندی پارەو پولی دێتە دەستو بەمجۆرە خزمەتی خەڵکی دەکەین، خەڵکی ئەمەمان لێ قبوڵ ناکاتو بەردبارانمان دەکــەن!!، کەواتە گەندەڵیو ناعەدالەتیو بەهەدەردانی پارەوپولی میللەتو فەرامۆشکردنی خەڵکی حەقیقەتگەلێکن تەنانەت ناتوانن خۆشیانی لێ بدزنەوە.

ئەمرۆش کــەوادەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان نزیکدەبێتەوە، هاوکاتیش لیستی بەهێزو خــاوەن نفوسی جەماوەری بەشداری کێبڕکێی هەڵبژاردنی ئەمجارە دەکەن، یەکێتیو پارتی بەجۆرێک تووشی هەڵوێستەو شۆکو وەستان کردووە!! ، نازانن چۆن بڕوای خەڵکی بەدەستبهێنن هەرچی دەیڵێنو هەرچی دەیکەن ناتوانن تۆزقاڵێک کار بکەنەسەر بیرو هەستی خەڵکی، چونکە ماهیەتو شوناسی راستەقینەی ئەم دووحیزبە بۆ هەموولایەک ئاشکرا بووەو دەزانن تەنیا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا خەڵکیان بیردەکەوێتەوە، خەڵکی لەوەجهەکانی یەکێتیو پارتی بێزارن، بەهەرشێوەیەک بێت دەخوازن گۆڕان لەدۆخی سیاسیو ئەوواقیعە نەخوازراوە بکرێت، هەلومەرجێکی نوێتر بێتەئاراوە، کە بەهەموو پێوەرەکان جیاوازتربێت لەم دۆخە چەقبەستووەی ئەمرۆی کوردستان.

یەکێتیو پارتی خۆیان بەپارێزەری ئەزمونی هەرێم دەزانو لیستو گورپی دیکە بەنادڵسۆزو نەیاری دەستکەوتەکانی هەرێم دەزانن، لێرەدا گرنگە بپرسین تەنیا دەستکەوتو ئەزمونی هەرێمی کوردستان هەرلەسەردەستی سەرکردایەتی هەردوو حیزبیش هاتوونەتەدی ئەوانەی ئێستا لەدەرەوەی ئەو دووحیزبەدا بیروڕایان جیاوازە بەشێکی گرنگی ئەوشۆڕشە نەبوون؟! باشە بۆ ناپرسن ئەوکاتە هێزەکانیان لەودیو سنوورەکان بوون گەر جەماوەری داخ لەدڵی کوردستان نەبوایە دەیانتوانی تەنیا یەک رەبایەی سەربازیش بگرن؟ باشە دەپرسین کێ بوو بەرنامەی پلانی راپەڕینی دارشت؟ خودی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا دانی نابەو راستیەدا کە نەوشیروان مستەفا ئەندازیاری راپەڕینی ١٩٩١ی کوردستان بــووە، هەر نەوشیروانە داوا دەکات کایەکانی حکومڕانی باش بکرێن پارەوپولی کوردستان بەهەدەر نەڕوات لەبوارەکانی ئابووریو ئاوەدانکردنەوو خزمەتگوزارییەکاندا بەکاربهێنرێتو ئێستا سەرۆکایەتی لیستی گۆڕان دەکاتو ئومێدی زۆری لێدەکرێت بشبێتە فاکتی کاریگەر لەگۆڕانی دۆخی سیاسیو باشکردنی سیستمی حکومڕانی هەرێم..

دواتــر جــێــگــەی خــۆیــەتــی بپرسین بەدامەزارەوەکردنی دامودەزگاکانی حکومەتو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریو بیناکردنەوەی حکومەت لەسەر بنەمای کەسی شیاو لەشوێنی شیاوو ئاشتکردنەوەی جەماوەرو دابینکردنی مافو خواستەکانی خەڵک مەترسییە لەسەر ئەزمونو دەستکەوتەکانمان؟ یان خراپی سیستمی فەرمانڕەوایی تەشەنەسەندنی دیاردەی گەندەڵی بوونی ناعەدالەتی پێشلکاریی مافی مرۆڤو نەبوونی شەفافیەتو لاوازبوونی گیانی دیموکراسیو دابــڕانــی جەماوەر لەدەسەڵاتو بەرزبوونەوەی رادەی بێزارییو نیگەرانیەکانی خەڵکی بەگشتی مەترسییە لەسەر ئەزمونەکەمان؟ وەڵامەکە زۆر ئاسانە کامیان مەترسی لەسەر دەستکەوتەکانمان دادەنێتو کامیان رووی گەشمان بۆ دۆستو دوژمنەکانمان دەردەخــات، بەپێچەوانەوە کامیشیان رووی دزێوی حکومڕانی کوردستان نیشاندەداتو دەبێتە مایەی مەترسی بۆ لاوازکردنی پێگەی حکومڕانیو دابڕانی نێوان خەڵکو دەسەڵات ..

سندوقەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردنی کوردستان دەروازەیەکی گرنگە بۆهەڵبژاردنی چەند ئاراستەی جیاواز، دواجــار ئەوەی پرۆسەکە بەدیموکراتیزە دەکــات بوونی فرەلیستیو فرە دەنگییو ئاراستە جیاجیاکان لەبەردەم ئیرادەو ویژدانی تاک بەتاکی خەڵکی کوردستان، جا ئایا مانەوەی ئەم دۆخەی ئەمرۆی کوردستانیان قبوڵ دەکەنەوە یان لەگەڵ گۆڕانی دۆخی نەخوازراوی هەرێمدان؟

# ئێمە (جەماوەر)و ئێوە (لیستەکان) هاوپەیمانیمان لەسەر چییە...؟!



زمناکۆ ئیسماعیل

لە نێوەندی شەقامی کوردستانیدا هەنووکە دەنگۆی هەڵبژاردنەکان بووەتە جێگای تێڕامانی هاوڵاتییان، بەجۆرێک چەندین پرسیارو چەندین ئەگەری کەسەکان لێوردبوونەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، بەوەی هەریەکەو بەشێوەیەک لە دەرئەنجامی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکان رادەمێنێت، هەرکەسەو لەئاراستەیەکی سیاسیو گۆڕانێکی ستراتیژی وردگەری جیاوازی بۆ دەکات، رەنگە لە رووکەشدا ئەوە بەشێک بێت لە سروشتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان خۆی، بەڵام ئــەوەی لە قوڵاییدا دەبینرێت، ئەوەی زۆرترین کەسەکانی بەلای خۆیدا راپێچکردووە، هێنانەکایەی پرسی گۆڕانو ئەگەری چاکسازییە، ئەمەش لەو دەنگۆ جەماوەرییەدا دێتەوەیەک بــەوەی کەسەکان لە چــاوەڕوانــی گۆڕاندا بەرەو چاکسازیی هەنگاودەنێن، رەنگە ئەم گۆڕانەیان جیاوازبێت وەک لە بانگەشەکردنی گۆڕاندنەکانی دیکە، تەوەری گۆڕان لەمجارەی پرسی گۆڕاندا لەژێر سایەی هەڵبژاردنەکاندا دەبینرێت، ئەوەش بۆخۆی هزرێکی ناسەنگینو جێگرەوەیەکی نــادیــاری گــۆڕاو لەپشتی ئەمجارەی گۆڕاندندا دەهێنێتەکایەوە، لەودیوی عەقلیەتی بانگەشەکاری هێزە کاندیدکراوەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکاندا ئەوە دەبیسترێت، لــەدوای هەڵبژاردنەکان تــەوەری گــۆڕان دەبێتە جێگرەوەی ئەو گۆڕانکارییەی کە زۆرترین کاتو زۆرترین کەسەکانی بەدیار خۆیەوە وابەستەکردووە، لێرەدا مەبەست لەو گۆڕانکارییەی رابردووە کە لە چاوەڕوانکردنیدا هەژدە ساڵ تاکی ئەم هەرێمەی بردە فەتاربوون، لە ئاوابوونی هــزری کــوردیو ناسیۆنالی نەتەوەییبووندا عەقلیەتێکی ونی نادیاری پێبەخشین، واتە گــۆڕان دەبێتە جێکەوتەی گۆڕانی رابــردوو، رەنگە ئەوە بیرۆکەیەکی چەقبەستووی بانگەشەکاری ئەمجارەی هەڵبژاردنەکان بێت، بەڵام لەئێستادا ئەوەی بەلای زۆرترینی کەسەکانی ئەم نیشتمانەوە گرنگە، گۆڕانکارییە لە چۆنێتی دەسەڵاتو ژیانی هاتووی ئەم مەملەکەتە غەمگینە، چاکسازییە لە ژیانی هاتووی مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە، لە هەمانکاتدا گۆڕانکارییە لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکانو چۆنێتی مامەڵەکردنی دەسەڵاتە لەگەڵ کۆمەڵگاو عەقلیەتی تــاک، چۆنێتی چاکسازیکردنە لە پەروەردەکردنی عەقلیەتی مرۆڤەکان. لەپشتی گۆڕانەکانی ئەمجارەوە ئەوەی دەبێتە تەوەری تێڕامان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەو پرسیارگەلەی خەڵکییە کە دەیکەن، لەودیوی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەربارەی کردەکانی دوای هەڵبژاردن، بەوەی لــەدوای هەڵبژاردنەکان چیتان پێدەکرێت.. لەودیوی گۆڕاندنەوە دەتوانن چی بکەن.. چۆن دەتوانن مامەڵە بە دەســەڵاتو دەستکەوتو هاوپەیمانە هاونیشتمانییەکانتان بکەن..؟! واتە هاوپەیمانیی ئێمەی جەماوەرو ئێوەی لیستی بانگەشەکار لەسەر چی دەبێت..؟!

رەنگە ئەمانە پرسیارگەلێکی هەنووکەییو خێرابن، رەنگە ئێوەش نەتوانن وەڵامێکی هەنووکەییو یەکلایەنەمان پێببەخشن، چونکە هەموومان ئەوە دەزانین هەڵبژاردنەکان فاڵ نین، بەڵام لەنێو ئێمەدا فالگرەوەکان هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەن، لێرەدا مەبەست لە هیچ کەسو مرۆڤێکی بینراو نییە، بەڵکو مەبەستمان لەو بیرۆکە چێنراوەیە کە دەتوانێت بە هزرە ناسروشتییەکانی خۆی، عەقلیەتی کەسەکان بگۆڕێت، ئەمانەشمان لە هەڵبژاردنەکانی رابــردوودا بە قوڵی بینیوە، لەم نیشتمانەدا هەرچی هەڵبژاردنێک کرابێت، بەتەنیا دوو فۆرمی سەرەکی تێیدا کارابوون، ئەوانیش ((هێزی پارەو هەڵسەنگاندنی ئەخلاق))ە.. پارە بەوەی کەسایەتییە کورت فیکرینەکانیان پێکڕیونو دەنگو متمانەیان بە لیستەکانیان پێبەخشیون، زۆرتــریــن لــەو کەسانەشیان بەکارهێناوە بەوەی دەتوانن کاری ساختەو دەنگی زیادەیان پێبدەن، لە هەمانکاتدا چەندین دەنگو چەندین ناو تۆمارکراوە بێ لەوەی بوونیان هەبێت، بێ لەوەی کوردستانیینو رەنگە هەندێکیشیان لە ژیاندا نەمابن.. بەڵام کەسانێکی ساختەکار لەبری ئەوان بۆ دەنگ زۆریی، دەنگیان بۆداون.. فۆرمی دووەمیش بەکارهێنانی فرۆشتنەوەی ئەخلاقە، ئەو ئەخلاقە دەستوورییەی مرۆڤ نا کە لە باکگراوندێکی مەعریفییەوە مرۆڤی خاوەن عەقڵ دەبیزوێنێت، بگرە لێرەدا مەبەست لە ئەخلاقێکی کلتووریو عەقلیەتێکی سەپێنەری دەشتەکییە بەڕووی هاونیشتمانیاندا، بەوەی ئەگەر تاکی کورد دەنگی خۆی بە هێزە شۆڕشگێڕەکانی رابردووی گۆڕەپانی کوردستانی نەدات، ئەوا بە تۆمەتی خائینو تێکدەرو نانەتەوەیی ناوزەد دەکرێت، ئەمەش لەگەڵ هیچ یەک لە بنەما دیموکراسییەکانو تەوەرە هزرییەکانی مرۆڤدا ناگونجێت).. بەڵام لێرەدا.. لەم وتارەدا.. لەودیوی تەزویرکردنو پارە بەخشینەوە قسەدەکەم، لەمدیوی هەڵبژاردنێکی پاکەوە ئەم ئەگەرە هەڵدەسەنگێنم، نابێت ئەوەمان لەبیربچێت هیچ یەک لە هەڵبژاردنەکان بێ وردگەرییو هەڵسەنگاندن نابێتە ئەگەرێکی جێگرەوەی بەهێز، بەتایبەتی لە هەرێمی ئێمەدا، چونکە تاکی کوردی ئەم هەرێمە، زۆرترینی هەڵبژاردنەکان دەنگو متمانەیان بە نوێنەرەکانیان بەخشیوە، بێ لەوەی هیچ یەک لە بەڵێنو ئەگەرێکی واتایی ببینن، بێ لەوەی ئەو گوتارانە لە کاردا ببینین کە لەپێش هەڵبژاردنەکاندا دەنگۆی زۆرترین کەسەکانی پێدەکرن..ئەوەش پاساوێکی پەسەندە بەوەی ئەگەر بمانەوێت زۆرترین وردبوونەوەو هەڵسەنگاندن بۆ لیستە کاندیدکراوەکان بکەین..

ئەگەرچی لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی ئەم هەرێمەدا زۆرترینی هەڵبژاردنەکان بەتەنیا بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتو هێشتنەوەی کەسایەتییە دیــارەکــانــی نێو حیزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی بووە، بەڵام ئەمەش ئەو دەرئەنجامە خراپەی ئەمرۆی لێکەوتووەتەوە، بەوەی نەتوانراوە چاکسازیی لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیو هەرێمی بکرێت لە کارو فۆرمو پلانی هاوڵاتییانو کۆمەڵگادا، نە رێگاش بەو هێزە ئۆپۆزسیۆنە دراوە دەربکەوێت کە دەتوانێت چانسێکی دیکەی چاکسازیی بە هاونیشتمانیانی خۆی ببەخشێت، لە هەمانکاتدا رێگاش نەدراوە بەو کەسایەتییە ریفۆرمخوازەی کاتێک لەنێو حیزبو لیستی خۆیاندا دەیانویست چاکسازیی لــەڕووی خزمەتکردنی جەماوەرەکەیاندا پێشکەش بکەن.. رەنگە لەم بۆچوونەدا چەندە دەســەڵات کەمتەرخەم بووبێت، ئەوەندەو زیاتریش هاوڵاتییانو جەماوەرەکەیان پشکی کەمتەرخەمبوونیان بەربکەوێت..دەبێت جارێکی دیکە لە گرنگیی هەڵبژاردنو بانگەشەی هزرە سەرنجبەرەکانی هەڵبژاردنەوە دەستبەکاربین، دەبێت لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە دەتوانێت ئێمەو ئەوان پێکەوە گرێبدات، ئەو کردەیەی وەک بانگەشەیەکی نێو گۆڕەپانەکان بەکاریدەهێنن و خەڵکی پێ دەنێرنە بــەردەم سندوقەکانی دەنگدان..

ئەو خاڵەش بەتەنیا لە کردەیەکی گۆڕانو چاکسازیدا کۆنابێتەوە، بگرە لە هەموو ئەو هزرە بانگخوازانەدا دێتەوەیەک کە لەگەڵ گۆڕاندا دەتوانێت عەقلیەتێکی گۆڕاوی بزوێنەر دروستبکات. دەبێت گۆڕانکاریی بەتەنیا بۆ گۆڕینی کورسیو روخسارو کەسەکان نەبێت، بەتەنیا بۆ هەڵسەنگاندنی هێزو شوێنکەوتەو یاریکردن بە هزری جەماوەرییو عەقلیەتی کەسێتی نەبێت، دەبێت لەدوای هەڵبژاردنەکان دادپەروەرییو حاکمیەتی وڵات بەتەنیا بۆ یاسا بێت نەک بۆ حیزبو میلیشیا، دەبێت ئەوەی لە رۆژنامەکاندا نووسیومانەو بەڕووی خەڵکیدا وەک گوتارێک بانگەوازمان بۆ کــردووە، بیهێنینە ئەرزی واقیع، لە هەمانکاتدا بیکەینە کردەیەکی کارا تا لەو روانگەیەوە هەرزوو خزمەت بە هاوڵاتییانمان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بکرێتە کردەیەکی چاکسازیی، هەموو ئەوجۆرە بیرۆکانەی بانگەشەی هەڵبژاردنیان پێدەکرێت، لە حەقیقەتدا بەکاری بهێنین، ئەگەر پێش هەڵبژاردنەکان دەستێوەردانی حیزبیو کەسێتی لە دامودەزگا حوکمییەکاندا هەبووبێت، کاتی خۆیەتی لەدوای هەڵبژاردنەکان ئەوجۆرە دەستێوەردانە نەمێنێت، ئەگەر دەتانەوێت هاوپەیمانی نــێــوان لیستو جــەمــاوەر، هاوپەیمانییەکی ئەلتەرناتیڤ بێت، دەبێت حاکمیەتی یاسا، مووچەو زەویو سامانی وڵات بەیەکسانی دابەش بکات، نەک کەسێتی سـەرۆکو حیزبو میلیشیای حاکم، ئەمەش وادەکات لە رێگای ئەو کردە یاساییەوە کارەکانی وڵات بەکردەیەکی رۆشناییدا بڕوات، بەوەش دەتوانرێت حیزب لە کردە ئابوورییەکانی وڵات دووربخرێتەوە، لە هەمانکاتدا دەبێتە یاسایەک بــەڕووی حیزبو رێکخراودا، لەو رێچکە یاساییەوە دەتوانرێت کەرتی تایبەتی ئابووریی حیزبی بکرێتەوە بە کەرتی تایبەتی دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی یاسا گۆشەگیر دەکرێت..

ئەگەر دەتانەوێت هاوپەیمانی هاونیشتمانیان بەدەست بهێنن، دوای هەڵبژاردنەکان یەکەم هەنگاوی دەسەڵات بەڕووی هاونیشتمانیاندا، دەبێت دانانی دەســتــوورو جێبەجێکردنی کردەکانی دەستووری هەرێم بێت.. نازانم چۆن بەخۆمان دەڵێین کۆمەڵگاو خاوەنی دەستوورێکی دانراوی یەکانگیر نین..!؟ ئەگەرچی هەریەکە لە هێزو لیستی بانگەشەکاری سیاسی لە ئێستادا بانگەشەی گۆڕانکاریی دەکەن، ئاخۆ لە کوێوە دەتانەوێت دەست لە گۆڕاندن بدەن..؟!. لە دانانی دەستوورەوە بەرەو دەستوورێکی تەواومان دەبەن، یاخود لەبەردەم دەستوورەکانی حیزبیدا بە رەفیق حیزبیمان دەکەن..؟! نابێت ئەوەمان لەبیربچێت گۆڕاندنی بێ دەستوور وەک کردەیەکی نەگۆڕ دەردەکەوێت، هەموو تاکێکی خــاوەن عەقڵ ئەوە دەزانێت کــردەی گۆڕان کردەیەکی سانا نییە، کردەیەک نییە بووەستێتو بمەبێت، کاتێک لە بانگەشەی ئەمرۆدا گوتافی گۆڕاندن لێدەدەن، دەبێت بزانین چۆن گۆڕان دەکەین، چونکە گۆڕان لە قۆناغێکی مەحاڵو قاڵبێکی چەپێنراودا دەبینرێت، لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا دەوترا (کوردستان دەکەینە ئەوروپا، هەولێر دەکەینە دوبــەیو سلێمانی دەکەینە نیویۆرک..).. نازانم چی عەقلیەتێکی سیاسی توانیویەتی شارێک بکاتە وێنەی شارێکی دیکە، ئەگەر عەقلیەتی شارستانیی مرۆڤەکانی بە سیاسەت کەتمان کردبێت...

کردەی هەڵبژاردنەکان لەنێو ئێمەدا بووەتە کردەیەکی ئابووری، بووەتە گوتاری بازاڕیی، بێ لەوەی لە گوتاری سیاسیو دەستووری بچێت.. «من تۆ دەگۆڕم، تۆش من هەڵبژێرە، ئەگەر هەڵمنەبژێری، نە دەسەڵات جێدەهێڵم، نە تۆش دەگۆڕێیت».. ئەمانە گوتارگەلێکی نامۆن، گوتارگەلێکن بەتەنیا لە عەقلیەتێکی ناسەنگیندا دەردەچێت، دەبێت ئەوە بەڵێنێکی کردەیی بێت بەوەی لەدوای هەڵبژاردنەکان جیاوازییەکی تــەواو بخەنە نێو گۆڕەپانی جەماوەرییو ژیانی کەسێتی، رەنگە ئەوەش بەشێک بێت لەو هزرە یۆتۆپیانەی بەردەوام کەسێتی کورد لە بانگەشەو هێنانە پێشەوەی پلاندا باسی دەکات، بەڵام لە تەوەری عەقڵدا ئەوە بەتەنیا بانگەشەیەکی سەرزارەکییەو ناچێتە گیرفانی هیچ یەک لە هزرە بنەماییەکانی عەقڵەوە، بەڵکو دەبێت جەماوەر لە هەموو ئەو گفتو بەڵێنانە دڵنیابێت کە لیستی بانگەشەکار بە جەماوەری دەبەخشێت.. ئەگەر بەتەنیا چاکسازیی وەک کردەیەکی بانگەشەکاری هەڵبژاردنەکان بهێنرێتە باسو بزواندن، ئەگەر بەتەنیا وەک راگەیەنراوێکی سەرزارەکیو هەمەجی بهێنرێتە بەردەم هاونیشتمانیان، ئەوا بۆ هیچ کات ناتوانن دەسەڵاتێکی فرەدەنگو کۆمەڵگایەکی فرەچەشن پێکبهێنن، بێ لەوەش پێگەی نەتەوەی کورد لەبەردەم نەتەوەکانی جیهاندا وندەکەن...

zmnakoplayer@yahoo.com

# ئەزمونی گەلی كوردستانو ڕۆبرت مۆگابی



مەجید سالح

بەرپرسەكانی ئێستای هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری كوردستان، ماوەیەكە ئەم دێڕە بووەتە بنێشتەخۆشەی سەرزمانیان «هێشتا ترس لەسەر ئەزموونی گەلی كوردستان كۆتایی نەهاتووە»، بەڵام هەرگیز لەقسەكانیاندا ئەوەمان پێنالێن ئەو مەترسیانەی سەر ئەزموونی كوردستان چین، چەندنو لەكوێوە دێن. گریمان ئەوان لەبەر حەساسییەتی كاتەكە ناتوانن وەڵامی ئەوپرسیارانە بدەنەوەو قسەكانی ئەوان راستەو ئەزموونەكەمان لەخەتەردایە. با وای دانێین سەرچاوەی خەتەرەكانیش بریتین:

خەتەری یەكەم: لە بەغداوەیە. ئەوبەغدایەی كە سەرۆك كۆمارو جێگری سەرۆك وەزیرانو جێگری سەرۆكی پەرلەمان سوپاسالارو دەیان وەزیرو بەڕێوەبەری دیكەی ئیدارەكەی كوردبێت، ئەی كەواتە بۆ لەبەغدایەك بترسین ئەو هەموو بەرپرسەمانی لێیەو ساڵانەش ١٧٪ بودجەكەی خۆیمان بۆ دەنێرێت. ناشێ ئەوبەرپرسانەی ئەمانترسێنن، بڵێن وەڵا ئەوان لەوێ دەسەڵاتیان نییەو نوری مالیكی دیكتاتۆریانە رەفتار دەكاتو حسابیان بۆناكات؟

گریمان خەتەری دووەم: لەتوركیاوە دێت، ئەو توركیایەی كە بەقسەی بەرپرسانی كوردستان (١٠٠٠) كۆمپانیای لەكوردستاندا مەشغولی كاركردننو لەساڵی ١٩٩٧-ەوە چوار بنكەی سەربازیی لەسەرخواستی یەكێك لەپارتەكانی دەسەڵات لەكوردستاندا هەیە. توركیایەك كە دڵنیابێت «دەوڵەتی كوردی خەونی شاعیرانەیە»، ئیتر بۆ دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئەزمونێك كە بەدڵی بێتو لەكاتی پێویستیشدا ئامادەبێت شەڕی بۆبكات.

با وایدانێین خەتەری سێیەم: لەدراوسێ رۆژهەڵاتییەكەمانەوە، ئەو دراوسێیەی كە بەقسەی بەرپرسی ئەوبەرپرسانەی كە بەهەڕەشەی دەرەكی دەمانترسێنن «ئێران لەسەردەمی معارەزەو لەئێستاشدا دۆستو پشتیوانمانە»، ئەوئێرانەی كە نیوەی ١٧٪ بودجەی كوردستانمان لەڕێگەی ناردنی خواردنی بەسەرچوو لێدەكێشێتەوە.

ئەوە شتێكی سەلمێنراوە، هەڕەشە دەرەكییەكان لەهەركوێوە بێن دەبنەهۆی زیاتر یەكگرتوویی‌و یەكڕیزیی كۆمەڵانی خەڵك، ئەوە تیورییەكی باوەڕپێكراوەو ئەمریكا لەسەرئەوە دەژی، بەڵام لەساڵی (١٨٦١) كە ئەمریكا سەربەخۆیی وەرگرتووە تاوەكو ئێستا بەبیانووی هەڕەشەی دەرەكی ئازادیی‌و مافی هاوڵاتیبوونی پێشێل نەكردووەو بۆ تاقەجارێكیش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نەبەستووەتەوە بەخەتەری دەرەكییەوە. لەڕاستیدا ئەوشێوازی كاركردنەی كە حیزبە دەسەڵاتدارەكانی كورد پەیڕەوی دەكەن، نەك هەر بووەتە هۆی بێ ئومێدیی‌و رەشبینی‌و لێك هەڵوەشانەوەی یەكێتی ریزەكانی گەل‌و پەیوەندی خەڵك بەحكومەتەكەیانەوە، بەڵكو نیوە زیاتری خاكی كوردستانی باشووریشیان داوەتە گورگانە خوارد. نەبوونی شەفافیەت لەخەرجكردنی بودجەی كوردستان، نابەرامبەری لەنێوان بەرپرسێك‌و هاوڵاتییەكی سادە بەرامبەر بەیاسا، بەتاڵانبردنی ئاشكرای مانگانە (٣٥) ملیۆن دۆلار لەلایەن هەردوو حیزبەوە، بوون بەشەریك لەهەموو پرۆژەكانو دروستكردنی دەیان كۆمپانیای وەهمی بۆ پرۆژەی وەهمی‌و پرۆژەی نیوەوناچڵ، ئازارەكەی گەورەترە یان هەڕەشەیەكی نوری مالیكی!. چۆڵكردنی مەندەلی‌و سەعدیەو جەلەولاو قەرەتەپە، گورچكبڕتره یان خۆگێڤكرنەوە لەپشتی خانەقینەوە!. مساومەكردنی سیاسی لەسەر ئایندەی كەركوك كۆستكەوتنە، یان هەڕەشەكانی فیرقەی (١٢) كە نیوەی كوردن.

ترساندنی خەڵكی بەوەی لیستی دیكە، ئایندەی كوردستان دەخاتە مەترسیەوە، تەنیا بۆ ئەوەیە درێژە بەدەست بەسەراگرتنی موقەدەراتی خەڵك بدەنو خۆڵ بكەنە چاومانەوە. لەكوێی دونیادا هەڵبژاردنو بوونی لیستی جیاواز بووەتە هەڕەشە بۆسەر ئایندەی گەلێك، مەگەر لەلای «ڕۆبرت مۆگابی» لەمۆزەمبیقو سەركردایەتی سیاسی كوردستان.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

ئابووری

ژمــاره (482) چوارشەممە 2009/6/3 aburi.rozhnama@gmail.com



محەمەد کەریم

## «حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە هاوڵاتیان لەهێڵی هەژاری بهێنێتە دەرەوە»

ل٤

بەهای یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکا لە بازاڕەکانی جیهاندا لە (٦١)دۆلارەوە دابەزی بۆ (٦٠)دۆلاری ئەمریکی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونی خواست لەسەر نەوت

%0.01

بەهای دۆلاری ئەمریکی لەبەرامبەر دیناری عێراقی لە (١١٨,٥٥٠)هەزار دینارەوە دابەزی بۆ (١١٨)هەزار دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕان لە ڕێژەی خواست لەسەر دۆلار لە بازاڕەکاندا.

% 0.004

نرخی یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە (٢١) لە بازاڕەکانی کوردستاندا لە (١٥٩)هەزار دینارەوە دابەزی بۆ (١٥٧)هەزار دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری لە بەهای ئاڵتوندا.

% 0.012

# ناردنە دەرەوەی نەوت

# ئامانجە سیاسییەکان بەرەو کوێ دەبات؟

ل٢



فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

### ئۆتۆمبێلی (پیکاب دێر) لەڕێگەی دەروازەی حاجی ئۆمەرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت

بورهان نەوزاد

ئۆتۆمبێلی چینی جۆری (پیکاب دێر)، لەڕێگەی دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەرانەوە، هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت.
دەرسیم تەحسین تەها، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی گومرگی حاجی ئۆمەران رایگەیاند: بۆ یەکەم جارو بەسیستمی ترانزێت ١٧٠ ئۆتۆمبێلی چینی جۆری (پیکاب دێر) لەوڵاتی چین لەڕێگەی بەندەرعەباسەوە لەلایەن کۆمپانیای (موهەنەد)و لە دەروازەی حاجی ئۆمەرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کرا.
دەرسیم وتیشی «هاتنی ئۆتۆمبێل لەوڵاتانی پێشکەوتو بۆ هەرێمی کوردستان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر داشکانی نرخی ئۆتۆمبێل لەهەرێمی کوردستاندا.
پێشتریش هەر لەڕێگەی ئەو دەروازەیەوە لەوڵاتانی یابان وفەرەنسا وئێرانەوە ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل لەجۆری سەنی و بیجۆ هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە.

www.netewe.com

## بەڕێوەبەری کۆمپانیای بازرگانیو دانەوێڵە:

# «هیچ نرخێک دیارینەکراوە بۆ کڕینەوە دانەوێڵە لە جوتیاران

هێمن محەمەد
ئارام شێخ وەسانی

جوتیاران باس لەوەدەکەن کە تائێستا بڕیاری کڕینەوەی دانەوێڵە هیچ دەنگێکی نییە، بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێرو کۆمپانیای بازرگانیو دانەوێڵەش ئاماژە بەوەدەکەن کە تائێستا لەلایەن حکومەتی بەغداوە هیچ ڕێنماییەک دەرنەکراوە بۆ کڕینەوەی گەنمو جۆی جوتیارانی کوردستان.

پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە پێویستی دەزانن پەلەبکرێت لە دانانی نرخو کڕینەوەی دانەوێڵە لە جوتیاران، بەو پێیەی ئەگەر حکومەت ئەو کارە نەکات پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ «ئەو دروشمانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ دەیکات بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ».

قادر محێدین، جوتیارێکی دەشتی هەولێرە، زیاد لە (٢٥) تەن گەنمی هەیە، بەڵام تائێستا گەنمەکەی داناوە، چونکە هیچ کەسێک داوای ناکات و نافرۆشرێت، قادر وتی: «پێویستە حکومەت ئەو دانەوێڵە خۆماڵیانە بکڕێتەوە بۆئەوەی کشتوکاڵ بەردەوام بێتو بەرەوپێش بڕوات».

ئەو جوتیارە وتیشی: «تووشی سەرسوڕمان دەبین کە حکومەت باسی بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ دەکات، لەکاتێکدا ئەوەتا ئێمە بەروبوومی ئەمساڵمان ماوەتەوە، دەنگێک نییە لە حکومەت تا بیکڕێتەوە، ئەگەر ئەو شتە ئەمساڵ وا درێژەبکێشێت، ئەوا خەڵک دووردەکەوێتەوە لە کشتوکالکردن».

قادر محێدین بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد کە بەروبوومی ئەمسالی گەنمو جۆ لە ئاستێکی باشدا بووە، بەڵام کە کڕیار نەبێت، چ سوودێکی هەیە، وتیشی: «جوتیاران بەهۆی خۆشیی بەهارەکەوە دلخۆشبوون کە بەروبوومەکەیان باشتر دەبێت لە ساڵانی ڕابردوو، بەڵام با بەروبوومەکەش باش بێت، کە کەس لێی نەپرسێتەوە، چ سوودێکی هەیە».

سەبارەت بە کڕینەوەی دانەوێڵەی ئەمسالی جوتیاران، فارس مەجید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بازرگانیو دانەوێڵەو سایلۆی هەولێر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا بۆ ئەمساڵ بڕیار لە حکومەتی عێراقەوە بۆ ئێمە نەهاتووە تا دەستبکەین بە کڕینەوەی دانەوێڵە، بەتایبەت گەنمو جۆ، بۆیە ئێمە ناتوانین ئەو دانەوێڵەیە لە جوتیاران وەربگرین تا بڕیارمان بۆنەیەت».

دەربارەی ئەوەی دەنگۆ هەیە کە کڕینەوەی دانەوێڵە وەستابێت، چونکە سایلۆکان پڕبوونو جێگا نییە، فارس مەجید ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوەو وتی: «کێشەکە لە جێگادا نییە، چونکە ئێمە ئێستا تەنیا لە سایلۆی هەولێر جێگای (١٦) هەزار تەن بەتاڵە، لە سایلۆی مەخموریش جێگای (١٠٠) هەزار تەن هەیە، بۆیە ئەو بابەتە پەیوەندی بە جێگا هەبوونی سایلۆکانەوە نییە».

بەپێی زانیارییەکان گەنمی ناوخۆی عێراق کە وەردەگیرێتەوە، ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێتەوە لە دروستکردنی ئارددا، ئەو ئاردەی کە لە ڕێگای بڕیاری (٩٨٦)ی نەتەوەیەکگرتووەکانی نەوت بەرامبەر خۆراک دەدرێت بە هاوڵاتییان، دەربارەی ئەوە بەڕێوەبەری کۆمپانیای بازرگانیو دانەوێڵە وتی: «ڕاستە ئەو گەنمەی کە لە بەرهەمی ناوخۆوە دەستماندەکەوێت، دەینێرین بۆ ئاشەکان لە هەولێر، بۆئەوەی بکرێتە ئاردو دابەشبکرێت بەسەر هاوڵاتییاندا، بەڵام ئەو برە گەنمەی بەرهەمی ناخۆ هەیەتی، کەمە، بۆیە لەگەڵ بڕێکی دیکە تێکەڵ دەکرێت کە لەدەرەوە دەهێنرێت، بۆ نموونە لە کەنەدا».

فارس وتی: «ئێمە بەهۆی ئەوەی تائێستا بەرهەمی گەنمی ناوخۆی ئەمساڵمان نەکڕیوەتەوە، لە مانگی ڕابردوودا تەنیا پشت بە گەنمی هاوردەکراو بەسترا بۆ دابینکردنی ئارد».

بەشێک لە هاوڵاتییان باس لە جۆری ئاردەکان دەکەن کە لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی دیکە جیاوازە، سەبارەت بەم حاڵەتەش فارس مەجید وتی: «ئەگەر گەنمی ناوخۆ لەگەڵ بەشێک لە گەنمی هاوردەکراو تێکەڵ بکرێت، ئەوا جۆری ئاردەکەی زۆرباش دەبێت».

سەبارەت بە دواچارەسەر بۆ کێشەی نەکڕینەوەی گەنمو جۆ، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بازرگانیو دانەوێڵە وتی: «ئێمە نرخمان بۆ نەهاتووە کە بە چەند ئەو گەنمە خۆماڵییە بکڕینەوە، بۆیە ئێمە ناچارین ئەو گەنمە لە ٦/١-ەوە وەربگرین لە جوتیاران بەبێ ئەوەی نرخەکەی دیاری بکەین، دواتر کە حکومەت نرخەکەی دیاریکرد، پێویستە بەنرخەکە ڕازیبن، ئەگەر نا، دەبێت چاوەڕێ بکەن».

پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵ ئاماژە بەوەدەکەن ئەگەر حکومەتی هەرێم پەلە لە کڕینەوەی دانەوێڵە نەکات، زیانی گەورە بە کەرتی کشتوکاڵ دەگەیەنێت. لەوبارەیەوە د.فوئاد محەمەد، مامۆستا لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی کۆیە، وتی: «دیارینەکردنی نرخ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو دروشمو بەڵێنانەی کە دەیدات بە جوتیاران، چونکە هیچ پێویست ناکات چاوەڕێی حکومەتی ناوەندی بکات».

د.فوئادو تیشی: «حکومەتی هەرێم پلانی خۆی هەیە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، دەبێت نرخێکی زیاتر لە بازاڕ دیاریبکات بۆ کڕینەوەی یەک تەن دانەوێڵە لە جوتیارن، تا ببێت بە هاندەرێکی باش بۆئەوەی بەردەوامبن لە کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵدا».

ئەو مامۆستایەی کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی کۆیە، هۆشیاریدایە حکومەتی هەرێم کە پەلەبکەن لە کڕینەوەی دانەوێڵە لە جوتیارین، هەروەها وتی: «ئەو جوتیارانەی کە ئێستا لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان کاردەکەن، ڕێژەیەکی کەمن، ئەگەر حکومەت دەیەوێت ئەو بەرنامەیەی خۆی جێبەجێبکات بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، دەبێت هاوکاریی تەواوی جوتیاران بکات، نەک گرنگیی بەو بەرهەمانە نەدات کە ئەوان ماندووبوون پێوەیو کاریان تێدا کردووە».



**وەزیری دارایی هەرێم: ناتوانین سوود لەسەر سولفەی عەقار لابدەین، بەهۆی ئەو مەرجانەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دایناوە**

# بۆ یەکەم جار لە مێژوودا
# کوردستان نەوت دەنێرێتە دەرەوە

ئارا ئیبراهیم

لە دوو رۆژی رابردوودا حکومەتی هەرێم ناردنە دەرەوەی نەوتی ئەنجامدا، کە رۆژانە لەسەرەتادا (١٠) هەزار بەرمیل نەوت رەوانە دەکرێتو دواتر زیاد دەکرێت بۆسەد هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا.

پێش چەند هەفتەیەک وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم ناردنە دەرەوەی نەوتی لەکێڵگەکانی تاوکیو تەقتەق ئاشکرا کرد.

لەبۆنەیەکدا کە لە هەولێری پایتەختی هەرێم ئەنجامدرا، هەریەکە لەتالەبانیو بارزانی قوفلی کردنەوەی ناردنە دەرەوەی نەوتیان پێکەوە کردەوە.

تالەبانیو بارزانی لەوتەکانیاندا جەختیان لەوەکردەوە، کە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەستووردایەو لەبەرژەوەندی هەموو گەلانی عێراقە.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لەوەکرد، کە ئەم ناردنە دەرەوەیە بۆ مێژووی هەرێمی کوردستانو عێراق رۆژێکی گرنگە، وتیشی «ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێراق گرێبەستەکانمان ئەنجامداوە، داهاتی ئەو نەوتەی کەدەنێردرێتە دەرەوە بۆ هەموو گەلانی عێراقە نەک تەنیا بۆ کورد».

هەروەها دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم وتی «سەرەرای ئەوەی کە لەپێنج ساڵی رابردوودا بەربەستی زۆرمان هاتووەتە رێگە بۆ ئەنجامدانی گرێبەستە نەوتیەکان، بەڵام ئێمە بەردەوامبووین لەسەر کارەکانمانو ئێستاش هەر بەو شێوەیە کار دەکەین».

وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە ناردنە دەرەوەی نەوت کاریگەری ئیجابی هەیە بۆ ئابووری عێراقو کوردستان، چونکە هەناردەی نەوت زیاتر دەکات، ئەمەش بەگشتی کاریگەری لەسەر ئابووری عێراق هەیە.

لهۆن نەسرەدین هەورامی، شارەزا لەبواری نەوتدا، بە رۆژنامەی وت: «ناردنە دەرەوەی نەوت زیاتر قازانجێکی سیاسییە وەک لەوەی ئابووری بێت بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە دەتوانێت لەو رێگایەوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زیاتر بەهێزبکات».

تائێستاش وەزارەتی نەوتی عێراق گرێبەستە نەوتییەکان بەنایاسایی دەزانێتو ئەو کێشەیە لەنێوان حکومەتی هەرێمو ناوەندا بەهەڵپەسێردراویی ماوەتەوە، بەڵام هاوکات رەزامەندییان لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

لهۆن هەورامی وتیشی: «ئەگەر حکومەتی هەرێم دەیەوێت کێشەی گرێبەستەکانی نەوتی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی چارەسەربکات، دەبێت هەموو ئەو گرێبەستانە بەشەفافیو بە وردەکاریی ئاشکرابکات بۆ وەزارەتی نەوت، بۆئەوەی هیچ بەهانەیەکی وەزارەتەکە لەسەر نایاسایی‌بوونی ئەو گرێبەستانە نەمێنێت».

هەرچەندە بەفەرمی نەوتی هەرێمی کوردستان نێردرایە دەرەوە، بەڵام چاودێرانی سیاسیو ئابووری پێیانوایە کە حکومەتی ناوەندیی بەناراستەوخۆ دانی ناوە بەگرێبەستە نەوتییەکاندا، بەو پێیەی رێگای داوە نەوتی هەرێم هەناردەی دەرەوە بکرێت.



## سەرۆکی هەرێمی کوردستان:
## هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بەرۆژێکی مێژوویی بۆ خەڵکی کوردستانو عێراق دادەنرێت

# هەڕاج، یەکەم بازاڕی ئەلەکترۆنی لەعێراق

**لەسایتی نیقاشەوە**

بازاڕی هەڕاج، یان (سوق هەرەج)، یەکێکە لەوبازاڕە ناسراوو بەناوبانگانەی عێراق، کە لەسەرجەم شارەکاندا هەیەو تێیدا هەموو کەلوپەلێک دەفرۆشرێت، بەتایبەت کەلوپەلی بەکارهاتوو.

بەناوبانگترین ئەو بازاڕانەش لەعێراقدا، ئەوەیە کە لەناوچەی مەیدانی نزیک وەزارەتی بەرگریی کۆنی بەغدای پایتەختدایە.

ئەوەی ئێستا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە بازاڕی هەڕاج، لەسەر شەقامی شارەکانەوە گواستراوەتەوە سەر شاشەی کۆمپیوتەرو لەدووتوێی پێگەیەکی ئەلەکترۆنیدا، بەهەمانشێوە، کراوەتەوە.

ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە تازە نییەو پێشتر لەوڵاتانی پێشکەوتوودا هەبووە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە لەعێراقدا هەنگاوێکی لەوجۆرە بنرێت بەشێوەیەک بتوانیت لەماڵەکەی خۆتەوە ئەو کەلوپەلانە بکڕیت کە لەبازاڕو هەڕاجە ئەلکترۆنییەکەدا نمایشکراون.

بەقسەی سەرپەرشتیارانی ئەم بازاڕە ئەلەکترۆنییە، یەکێک لەخاڵە گرنگو بەسوودەکانی ئەم ماڵپەڕە، ئەوەیە کە یارمەتی هاوڵاتییان دەدات نەچن بۆ نێوبازاڕو لەمەترسی هەر ڕووداوێکی توندوتیژیی بەدووریان دەگرێت، بەتایبەت کردەوە خۆکوژییەکان، چونکە بەهۆی ئەم ماڵپەڕە نوێیەوە، کڕیار دەتوانێت لەماڵەکەی خۆیدا لەپشت شاشەی کۆمپیوتەرو بەدەم خواردنەوەی چای گەرمەوە، کەلوپەلەکانی خۆی بکڕێت.

مەهدی ئەجوەدیی گەنجێکی عێراقییەو وەک دیزاینەری پرۆگرام کاردەکات. ئەم گەنجە کە لەهەمانکاتدا سەرپەرشتیاری بازاڕی هەڕاجە ئەلکترۆنییەکەیە، بەنیقاشی ڕاگەیاند: «بازاڕەکە (٧٢٩) بەشداربووی فیعلی هەیەو ئێستا لەلایەن ژمارەیەک خەڵکەوە بەڕێوەدەبرێت، کە بەحەماسن بۆ بیرۆکەی بازاڕی ئەلەکترۆنییو بەتەمای ئەوەن ئەم خزمەتگوزارییە نوێیە بخەنە نێو بازاڕی عێراقەوە».

ناوبراو وتیشی: «لەوکاتەوەی کار بەم بیرۆکەیە دەکرێت، ماڵپەڕەکە بەچەند قۆناغێکی پەرەسەندندا گوزەری کردووە لەپێناو زانینی سروشتی خەڵکی عێراق بۆ قبولکردنی ئەم بیرۆکەیە.

لەبەر ئەوەی ئەم بازاڕە ئەلەکترۆنییە هێشتا تازەیە، شتومەکە نمایشکراوەکان بۆ فرۆشتن تێیدا کەمنو ڕێکخستنی کارەکانیش لەنێوان کڕیارو فرۆشیاردان ئاسانن.

بەمەبەستی ڕاگەیاندنی کاتی مەزادی ئاشکرا بۆ فرۆشتنی شمەکو کەرەستەکان، خشتەیەکی تایبەت لەپێگە ئەلەکترۆنییەکەدا ئامادەکراوە، کە جۆرو نرخی شمەکەکەو ناوی خاوەنەکەیو دواکاتی مەزادەکە لەخۆدەگرێت.

پاش ئەوەی شمەکێکی دیاریکراویش لەلایەن کەسێکەوە دەکڕدرێت، ئیدارەی بازاڕەکە لەڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بەهەردوو لایەنی کڕیارو فرۆشیار دەکاتو کاتی گۆڕینەوەی شمەکو پارەکە دیاریدەکات، چونکە هێشتا لەعێراقدا خزمەتگوزاریی بانکیی لەوئاستەدا نییە، کە لەڕێگای ئینتەرنێتەوە نرخی شمەکەکان بدەیت.

مامەڵەکردن لەم بازاڕەدا تەنیا بەهەردوو دراوی دیناری عێراقیو دۆلاری ئەمریکییە، ماڵپەڕەکەش هیچ زیادەو باجێک ناخاتە سەر نرخی کڕینو فرۆشتنەکە، بەڵکو ئیدارەی پرۆژەکە لەپارەی گیرفانی خۆیان خەریجی بازاڕەکەیان دەردەکەن، تائەو کاتەی ماڵپەڕکە گەشەدەکاتو دەرفەتی ریکلامکردنو وەرگرتنی باجی بۆ دەڕەخسێت. لەمبارەیەوە سەرپەرشتیاری بازاڕەکە (ئەجوەدیی) دەڵێت: «ئێمە وەبەرهێنان بۆ داهاتو دەکەین».

خاوەنی بیرۆکەکە ڕوونیدەکاتەوە، بازاڕی هەڕاج چەند یاسایەکی هەیە کە پێویستە بەشداربوو پەیوەست بێت پێوەی، ئەوانەش: هەڵبژاردنی ناوێکی ناساندنو دانانی ئیمەیڵو ژمارە تەلەفۆنو ناونیشانی ڕاستەقینە لەخانەی ئەندامانو سەرپەرشتیارانی بازاڕەکەش گرەنتی ئەوە دەدەن ئەم زانیارییانە بەنهێنی بمێننەوە، مەگەر بەشداربوو خۆی بیەوێت ئەو زانیارییانە دەربخات.

بازاڕەکە دەرفەتی فرۆشتنی هەموو شمەکێک دەڕەخسێنێت (ئۆتۆمبێل، کەرەستەی کارەبا، کەرەستەی ئەلەکترۆنیو پەیوەندیکردن، کەرەستەی ناوماڵ ...هتد)، بەڵام بەمەرجێک شمەکەکە لەشەریعەتی ئیسلامیدا یاساغ نەبێت، وەک خواردنەوەی کحولیو گۆشتی بەرازو کەرەستەکانی قومارکردن ...هتد.

جگەلەوەش، بازاڕەکە خۆی بەدوور دەگرێت لەچەکو ئاسەواری دزراوو شمەکی حکومییو ئەو شمەکانەی دیکەی کە ئابڕووبەرن، وەک وێنەو کتێبی ئیباحی.

بەڕێوەبەرانی ئەم بازاڕە، خۆیان یاسایەکی سزادانی تایبەتیان هەیە کاتێک کە بەشداربوو هەوڵی فرۆشتنو ساغکردنەوەی شمەکی یاساغو حەرام بدات.

لەحاڵەتێکیشدا زانیاری ناڕاست لەسەر شمەکەکان بڵاوبکرێتەوە، ئەوە ئیدارەی بازاڕ سەرنجێک لەدۆسییەی ئەو کەسەدا دەنووسێت کە کار دەکاتەسەر ناوبانگی لەبازاڕەکەدا، ڕێگاش نادرێت بەبێ نیازی کڕین بەشداری بکەیت لەمەزادەکەدا، چونکە «لەشەریعەتی ئیسلامیدا یاساغە»، بەپێی قسەی ماڵپەڕەکە.


حەیدەر کازم، موشتەرییەکی بازاڕی هەڕاجکردنی ئەلەکترۆنییە، وەک خۆشی ئاماژەی پێدەکات، لەم ماوەیەدا چەندین کەرەستەو کەلوپەلی لەوبازاڕە کڕیوە، وەک مۆبایلو کۆمپیوتەرو کەرەستەی ماڵو کاژێر لەڕێگای مەزادی ئاشکرا، یان کڕینو فرۆشتنی ڕاستەوخۆ. لەمبارەیەوە کازم دەڵێت: «مەبەستی سەرەکیم لەبەشداریکردن لەم بازاڕەدا دەستخستنی قازانجە»، ئەمە جگەلەوەی «خۆم لەو کەلوپەلانە رزگاردەکەم کە کارم پێیان نەماوە.

هەرچەندە، بڵاوکراوەی بازاڕەکە دەگاتە نزیکەی (٥) هەزار ناونیشانی ئەلەکترۆنیی لەهەفتەیەکدا، هەروەها وادەی سازکردنی مەزادو ریکلامکردنی زیاتری تێدایە، بەڵام هێشتا سەردانکەرانی کەمنو ئەو شمەکانەشی هەفتانە دەخرێنەڕوو لەپەنجەی دەست تێناپەڕن.

یەکێک لەوانەی شمەکیان خستووەتەڕوو لەبازاڕداو نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، باسی لەوەکرد کە پێنج هەفتەیە کۆمپیوتەرێکی داناوە بۆ فرۆشتنو کەس لێی ناپرسێتەوە، ئەو وتی: «هەرگیز ناکرێت ئەم ماڵپەڕە بەماڵپەڕی کەرەستە فرۆشتنی (ئی بای- eBay) ڕۆژئاوایی بەراورد بکرێت، بەڵام من ویستم تاقی بکەمەوە.

ئەجوەدیی سەرپەرشتیاری ماڵپەڕەکە، کەمی سەردانکەر بەنیشانەی شکستهێنانی بیرۆکەکەی نازانێتو دەڵێت: «تائێستا ریکلامکردن بۆ بازاڕەکە پشت بەئیمکاناتی تاکەکەس دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی بەشداربووان هێدی هێدی زیاد دەکەنو ئێمە سورین لەسەر پەرەپێدانی ماڵپەڕەکە، بۆئەوەی زۆرترین سەردانکەری هەبێت.

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیشیدا، ناوبراو هۆکارێکی دیکەی کەمی سەردانکەرانی بازاڕەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە شەقامی عێراقیی لەسەرخۆ ئەم بیرۆکەیە وەردەگرێتو هۆکاری ئەمەش «سنووردارییی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە لەلایەن زۆرینەی خەڵکی عێراقو لاوازیی هونەری ریکلامکردنو لاوازیی خزمەتگوزاریی بانکییە»، ئەمە جگە لە «بێ متمانەیی لەبارەی وەها بیرۆکەیەکەوە لەعێراق». هەروەها ڕوونیکردەوە «ئیدارەی بازاڕ سورە لەسەر زیادکردنی خزمەتگوزاریی نوێ، کە دەشێت ببێتە هۆی ڕاکێشانی سەردانکەری زیاتر.



لە پێناو گرنگیدان بە بەرهەمی ناوخۆیی، حکومەتی هەرێم باجی زیاتر لەسەر هاوردەکردنی خشت دادەنێت

www.netewe.com

## سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان

# حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە هاوڵاتیان لەهێڵی هەژاریی بهێنێتە دەرەوە

سازدانی. ئیحسان ئاکرێی

**سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان، بڕیاردەری بڕیارەکانی ئابووری ئیداریْ بەنەشارەزا دەزانێت لەدروستکردنی بڕیارەکانداو باسلەوە دەکات، کە بودجەی هەرێم بەبێ پلانی خەرجدەکرێتو ڕەخنە لەحکومەت دەگرێت بەوەی کەنەیتوانیوە هاوڵاتییان لەهێڵی هەژاریی بهێنێتە دەرەوە.**



محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان وتی: «بودجە لەهەرێمی کوردستاندا دووچاری قەیرانی سیاسیو بێ پلانیو قەیرانی ئابووریو بەفیڕۆچوون بووەتەوە، بەڵام یەکێک لەگەورەترین قەیرانی بودجەی هەرێم بریتییە لەقەیرانی کۆمەڵایەتی».

محەمەد کەریم، وتیشی: «کاتێک بودجە بەبێ پلان خەرج دەکرێت بەشێکی گەورەی بەفیڕۆ دەڕواتو ساڵانە چەند مانگێک دوادەکەوێتو بەشێک لەبڕگەکانی بەنایاسایی بەڕێدەکرێت».

لەگەڵ ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان لەکاتی خۆیدا ناچێتە پەرلەمانی کوردستانو گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، بەڵام پشکێکی کەم لەبودجە بۆ بواری وەبەرهێنان دەچێت، لەگەڵ ئەوەی تەنیا سێ چوار مانگ دەتوانرێت کاری وەبەرهێنان بکرێتو وەرزی بارانبارین دەستپێدەکات.

هەروەها سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان وتی: «لەماوەی ساڵانی رابردوودا فەراغێکی گەورە لەبودجەی هەرێمدا هەبووە لەبواری وەبەرهێناندا بەتایبەتیش لەبواری پیشەسازییو کشتووکاڵدا، چونکە کە بودجەیەکی باش بۆ بواری وەبەرهێنان تەرخان نەکرێت کاریگەریی خراپی دەبێتو ڕەنگدانەوەی بەدوو ئاقار لەبواری کۆمەڵایەتیدا دەبێت، یەکێک لەوانە بێکاریی زۆر دەبێتو ناتوانرێت هەلی کارکردن بڕەخسێنێت بۆ هاوڵاتییان، لەلایەکی دیکەشەوە هێڵی هەژاریی لەکۆمەڵگادا، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرزدەکاتەوە».

هەژارییو بێکاریی پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، چونکە کەیەکێک بێکار دەبێت واتە بێبەش دەبێت لەداهات.

محەمەد کەریم ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە سیستم لەئابوورییەوە گوازرایەوە بۆ کۆمەڵایەتی جارێکی دیکە دەگوازرێتەوە بۆ سیاسیو لەئەنجامدا «توندوتیژییو تەتەڕوفی سیاسی لەکۆمەڵگادا دەخولقێنێتو وادەکات سەروەریی یاسا کەمبێتەوەو وردەوردە بەرەو نەمان هەنگاو بنێتو دیکتاتۆرییەت دروستببێت».

بەڵام وەک ئەو وتی: «کاتێک بێکاریی زۆر دەبێت واتە هێڵی هەژاریی لەگەڵیدا بەرزدەبێتەوە، بەرزبوونەوەی هێڵی هەژاریی وامان لێدەکات لەحاڵەتێکی ئابوورییەوە بۆ حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی بگوازرێتەوە، ئەمەش وادەکات وردەوردە چینی ناوەند بپوکێتەوە».

هەروەها وتی: «کۆمەڵگا دەکات بەدوو بەشەوە، بەشێکی کەم، بەڵام زۆر زۆر دەوڵەمەند، بەشێکی زۆر، بەڵام هەژارو داماو دەستکورت، کە ئەمەش دروستبوو ناجێگیری لەکۆمەڵگا ڕوودەداتو کۆمەڵگا بەرەو دواکەوتوویی هەنگاو دەنێت».

سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان بەکارهێنانی بودجە بەچەکێکی زۆر کاریگەر ناودەبات، لەوبارەیەوە وتی: «ئەگەر سەرکردەی سیاسی بەشێوەیەکی ئەکتیڤ بەکاری بێنێت دەتوانێت هەلی کارکردن بڕەخسێنێت، بەتایبەتی لەسەروەتو سامانی سروشتیدا».

ئەو وڵاتانەی کە سەرمایەی سروشتییان هەیەو لەبواری وەبەرهێناندا بەکاریناهێنن‌و تەنیا لەبواری بەکاربردن بەکاری دێنێت، ئەو سامانە سروشتییانە لەماوەی چەند ساڵێکدا کۆتایی پێدێت وەک سامانی نەوتو گاز.

محەمەد کەریم بەپێویستی دەزانێت کە گوتاری سیاسی دووربڕوانێتە شتەکان‌و سەیری ئەو سامانانە بکاتو پرۆژەی ستراتیژی بۆ داهاتوو هەبێتو کۆمەڵێک ژێرخانی ئابووری بۆ نەوەی داهاتوو دابینبکات.

بەڵام وەک ئەو دەڵێت: «ئەگەر سەیربکەین ئەوا دەبینین لەهەرێمی کوردستاندا لەماوەی هەژدەساڵی دەسەڵاتدارێتی کوردیدا، کە بڕیاری سیاسیو بڕیاری ئابووریْ لەدەست خۆی بووە، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٩٦دا بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک داهاتێکی باش ڕوویکردە هەرێمی کوردستان، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس پارەیەکی باشو بودجەیەکی زۆر هاتە هەرێمەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە باش بەکاریبهێنێت».

لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ساڵی ٢٠٠٨ زیاتر لە (٣٥) ملیار دۆلار هاتووەتە هەرێمی کوردستان، لەوبارەیەوە سەرۆکی مونتدای ئابووری وتی: «سەرەڕای ئەم قەبارە گەورەیە لەپارە، حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە گۆڕانکارییەکیْ گەورە بکات، یان توێژەکانی کۆمەڵگای هەرێم لەهێڵی هەژاری بێنێتە دەرەوە یاخود بیگوازێتەوە بۆ حاڵەتێکی گونجاو لەکاتێکدا کەپارەیەکی زۆر هاتووەتە هەرێمی کوردستانەوە».

محەمەد کەریم، نەبوونی ئەوکارە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە هۆکاری سەرەکی نەبوونی «عەقڵی ئابووریو عەقلی زانستی ئەکادیمی لەجومگەکانی دەسەڵاتدا فەرامۆشکراوە، «بڕیاردەری بڕیارەکانی ئابووری ئیداریش بەنەشارەزا دەزانێت لەدروستکردنی بڕیارەکانداو پێشیوایە کە لەژووری داخراودا بڕیارەکان دەردەکرێن».

سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان ئاماژەی بەوەکرد: «ئیرادەی هاتنەدەرەوە لەداوی مێز، ئیرادەی هاتنەدەرەوە لەژووری داخراو، تائێستا لەلای سەرکردەی سیاسی لەکوردستاندا دروست نەبووە، بەڵام ئەم قۆناغە وادەخوازێت کە ئیدی چیتر بودجەی هەرێمی کوردستان بەهەدەر نەدرێت، پێویستە وەک مافێکی تاکی کورد مافێکی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکانیان کەبریتییە لەتاکی کوردو لەخزمەتی هاوڵاتییاندا خەرجبکرێت، نەک ئەمو ئەو».

**لەماوەی هەژدەساڵی دەسەڵاتدارێتی کوردیدا، کە بڕیاری سیاسیو بڕیاری ئابووری لەدەست خۆی بووە، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٩٦دا بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک داهاتێکی باش ڕوویکردە هەرێمی کوردستان، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس پارەیەکی باشو بودجەیەکی زۆر هاتە هەرێمەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە باش بەکاریبهێنێت.**

## فەلاح سودانی وەزیری بازرگانی عێراق، بەهۆی تێوەگلانی لەگەندەڵیو بەڵگەکانی لیژنەی نەزاهەوە لەشاری سەماوە دادگایی دەکرێت

www.netwe.com

ئەندازیار وریا خەفاف:

# بەرهەمی یەک ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵیی یەکسان بوو بە پارەی نەوتی هەموو عێراق

ستاره عارف

**ئەندازیارێکی شارستانی باس لەوەدەکات کە کەمیی بودجەو نەبوونی شارەزایی گرفتی سەرەکین لەبەردەم کەرتی کشتوکاڵدا، پێکهێنانی دەستەیەکی شارەزاو باڵا بە پێویست دەزانێت بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ.**



**رۆژنامە: کێشەکانی بەردەم گەشەنەکردنی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

* ماوەی سی ساڵ شەڕ لە وڵاتەکەماندا بەڕێوەچوو کە پاشماوەیەکی خراپی لەم بوارەدا بەجێهێشت، ئێستاش ئەگەر کشتوکاڵی هەرێم بەمشێوەیە بمێنێتەوە کە بەرەو لەناوچوون دەچێت، خراپتر دەبێتو نامێنێت، ئەرکی گەشەپێدانەوەی دەکەوێتە سەرشانی هەر هاوڵاتییەکی ئەم دەڤەرە، وەک خۆشەویستییەک بۆ ئەم خاکە، کە بە هەموومان هەوڵی بۆ بدەین‌و بیهێنینەوە سەر شێوازی جارانی خۆی، کێشەکانی بەردەم کەرتی کشتوکاڵ لە بوونی کەمیی بودجەو نەبوونی شارەزایدایە، لەم بوارەدا پێویستە ئەو دوو شتە بە گرنگ وەربگیرێتو هەوڵبدرێت ئەو کێشانە چارەسەربکرێت، کشتوکاڵ واتە بڕبڕەی پشتی ئەو وڵاتە، کە وڵاتێک کشتوکاڵی نەماو لەناوچوو، زۆر بێهێز دەبێت، ئێستا ئێمە بە هەرێمێکی بەکاربەر ناسراوین وەک لەوەی بەرهەمهێنەربین، ئەوەش خاڵێکی لاوازەو پێویستە چارەسەری بکەین.

**رۆژنامە: تا چەند کەرتی کشتوکاڵو پیشەسازیی بە هەماهەنگی کاریان تێدا بکرێت باشترە بۆ گەشەپێدانی ئابووری؟**

* کەرتی کشتوکاڵی‌و پیشەسازیی تەواوکەری یەکترین، ئەگەر نموونەیەک باسبکەم، ئێمە کە دارستانمان هەبێت، واتە کەرتی پیشەسازیش کاردەکات، کە بەرهەمی کشتوکاڵیمان هەبێت دەتوانرێت لە بەکارهێنانەوەو کارپێکردنی پیشەسازیشدا سوودی لێوەربگیرێتەوە، لە هەمانکاتدا توانای ناردنە دەرەوەی ئەو کاڵایانەشمان دەبێت، ئێمە پرۆژەی ئاودێریی کەرکوکمان لەساڵی حەفتاکاندا هەبوو، کە من وەک ئەندازیار کارم تێداکردووە، لەگەڵ کۆمپانیای فەرەنسیدا کارمان دەکرد کە کاتی خۆی ئەو زەوییەمان لەو پرۆژەیەدا ژمارد، زەوییەکە یەک ملیۆن دۆنم بوو، لەنزیک دوبز- کەرکوکەوە هەتا عوزێم، هەمووی زەوی کشتوکاڵیی بوو، ئەم زەوییە کە دەکرا بە کشتوکاڵ، بەرهەمەکەی کە دەرماندەهێنا یەکسان بوو بە بەرهەمهێنانی نەوتی هەموو عێراق، واتە بەرهەمی یەک ملیۆن دۆنم کشتوکاڵ یەکسان بوو بە پارەی نەوتی هەموو عێراق، بۆیە کشتوکاڵ لە وڵاتی ئێمەدا گرنگیی زۆرەو دەبێت بەسەرەکی وەربگیرێتو کاری تێدا بکرێت بۆ بوژاندنەوەی.

**رۆژنامە: لەماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا حکومەت توانای بوژاندنەوەی رێژەیی بواری کشتوکاڵو بەرهەمی ناوخۆییشی نەبوو، ئەرکی حکومەت پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بوو بە لادێکان، بەڵام تائێستا ئەوە نەکراوە؟**

* دەبێت رەخنە لە حکومەتو خۆشمان وەک هاوڵاتی‌و رێکخراوەکانیش بگرین، چونکە کارمان لەسەر ئەم بوارە نەکردووە، هەموومان لێی بەرپرسیارین، خۆ سەندیکای کشتوکاڵیی‌و جوتیارانیش بوونیان هەیە کە نەیانتوانیوە ئەو رۆڵەی خۆیان بگێڕن بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت رۆڵی نەبووەو کاری گرنگی بۆ نەکردووە لە پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزاریی بە دێهاتەکان‌و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ، دەرئەنجام هەموومان بێ رۆڵ بووین لەم بوارەدا، هیوادارم بۆ لەمەولا گرنگیی پێبدرێتو پشتگوێ نەخرێت.

**رۆژنامە: لەئێستاو داهاتوودا چی بکرێت بۆئەوەی کەرتی کشتوکاڵ گەشەپێبدەین‌و بەرهەمی ناوخۆمان زیادبکەین؟**

*بەڕای من پێکهێنانی دەستەیەکی شارەزاو باڵا پێویستە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، هەروەها کەسانی بواری ئاودێریی‌و ئەندازیاریش کە پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە، ئەرکیان پێ بسپێردرێت، ئەو دەستەیە لەسەرەتادا لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی کەرتی کشتوکاڵ بکەن، واتە سەرەتا دەبێت لە لێکۆڵینەوەی کەرتەکەوە دەستپێبکەین، لەدواییدا ئەو لێکۆڵینەوانە بکرێتە سەرەتایەکی ئامادەو بدرێت بە حکومەت، لەوبڕوایەدام حکومەتیش سوود لەوە دەبینێت کە بەراورد بکرێت، بزانرێت کام رێگاچارە باشەو کامیان باش نییە، ئەوکاتە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەدرێت بە دیزاین‌و نەخشەسازیی‌و پاشان ئەو ئەنجامە لەبواری کرداریدا بەکاردەهێنرێت.

**رۆژنامە: پێتوانییە دەبێت حکومەت ئەو دەستەیە دروستبکات؟**

* دروستکردنی ئەم دەستەیە زۆر پێویستەو گرنگە، بوونی دەستە لە هەموو بوارێکدا نەک هەر لەبواری کشتوکاڵدا، لە هەر بوارێکدا کە لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا پێکهاتبن زۆر بە گرنگو پێویستی دەزانم.

**رۆژنامە: بوونی سەرچاوە ئاوییەکان لە کوردستاندا تا چەند رۆڵی هەیە لە بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵدا، بەتایبەت بەڕێزتان کاری راوێژکاریتان لە ئەمریکاو ئەوروپادا هەبووەو شارەزاییتان لەبواری بەنداوەکاندا هەیە؟**

* حکومەتی هەرێم دەبێت هەوڵبدات بەنداوی زیاتر دروستبکاتو گرنگیی بدات بە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان، چونکە وەک بینیمان ساڵی رابردوو وشکەساڵی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو، ناکرێت ئێمە هەر چاوەڕێی ئاوی باران بین، بۆیە هەموو ئەو بەنداوو سەرچاوە ئاویانە دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکان، حکومەتی هەرێم ئێستا پلانی پێنج ساڵەی داناوە بۆ کەرتی کشتوکاڵ، دەبێت لەو پلانەیدا رەچاوی ئەوەی کردبێت ئەو زەوییانە پێویستیان بە ئاوی زۆرە.



**پسپۆرانی ئابووری: قەیرانی دارایی جیهان تا دێت بێکاریی‌و هەڵاوسان لەوڵاتاندا زیاد دەکات**

# (١٣٠) تەن خۆراکی بەسەرچوو گەڕێنراوەتەوە بۆ ئێران

**بورهان نەوزاد**

بەرپرسی بنکەی کۆنترۆڵی جۆریی حاجی ئۆمەران رایگەیاند، کارمەندەکانیان لەماوەی چوار مانگی رابردوودا، دەستیان بەسەر (١٣٠) تەن خۆراکی بەسەرچووودا گرتووە، کە تێکڕای ئەو خۆراکانە رەوانەی ئێران کراونەتەوە.

رێبین رەشاد، بەرپرسی بنکەی کۆنترۆڵی جۆریی حاجی ئۆمەران، بە رۆژنامەی وت: «کارمەندەکانی بنکەی کۆنترۆڵی جۆریی لەماوەی چوار مانگی رابردوودا دەستیان بەسەر (١٣٠) تەن خۆراکو خواردنەوەدا گرتووە، کە ویستراوە لە رێگای دەروازەی حاجی ئۆمەرانەوە بهێنرێتە کوردستان».

روونیشیکردەوە، ئەو خۆراکو خواردنەوانە بریتی بوون لە (شعریە، کێک، پەنیر، چیپس، فستقی خاو، شیری وشک، ئایس کرێم، چوکلێت، شەربەت، بیبسیو ئارد)، هەروەها وتیشی: «بەهۆی نەبوونی ئەو مەرجانەی ئێمە کە بۆ بازرگانەکانی دەخەینەڕوو، هەموو مادەکان بۆ ئێران گەڕێنراوەتەوە، وەک نەبوونی بەرواری عەرەبیو ئینگلیزی لەسەر کاڵاکان، هەروەها ئەو خواردنو خواردنەوانەی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت مەرجە ماوەی دوو لەسەر سێی کاتی بەسەرچوونی مابێت، ئینجا ئێمە رێگا بە هاوردەکردنی دەدەین».

دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران بە هەرسێ بنکەی کۆنترۆڵی جۆرییو کەرەنتینو یەکەی وەرگرتنی نموونەی خۆراک، رۆژانە سەرقاڵی پشکنینی ئەو خواردنو خۆراکانەیە کە لە ئێرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن.



# ٥٠٪ی کارەکانی پرۆژەی هایدرۆپاوەری بێخاڵ تەواونەبووە

**ئەحمەد باڵەکی سۆران**

پرۆژەی هایدرۆپاوەری بێخاڵ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، کە وەزارەتی کارەبا لە رێگای ئەندازیارانی بەڕێوەبەرێتی دابەشکردنی کارەبای سۆرانەوە سەرپەرشتی دەکات، لە سەدا پەنجای کارکردن تێیدا تەواونەبووە.

لەوبارەیەوە ئازاد موختار، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای سۆران، رایگەیاند: پرۆژەی هایدرۆپاوەری بێخاڵ کە لەسەر بودجەی کۆیکای کۆریا بە (٧) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دۆلار جێبەجێی دەکات، پتر لە ٥٠٪ی کارەکانی پرۆژەکە تەواوبووە، هەردوو تۆربابینەکەی پرۆژەکە کە کێشی هەریەکەی ٧ تەنو ٥٠٠ کیلۆگرامە، کۆمپانیایەکی نەمسایی دروستیدەکاتو گەیشتووەتە بێخاڵ.

هەروەها ناوبراو وتیشی: «لە پێویستییەکانی پرۆژەکە جگە لە دانانی (٢) تۆربابین بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەباو دروستکردنی رێگاکە لەگەڵ پردێکی پەڕینەوە، کە هەردوو رووباری رەواندزو بێخاڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە بە درێژایی نزیکەی (٣٥٠) مەتر، هەروەها هێڵێکی گواستنەوەی کارەبا کە پرۆژەکە بە وێستگەی (١٣٢) کەی ڤیو (١١) کەی ڤی قەزای سۆران دەبەستێتەوە».

بە تەواوبوونی پرۆژەکە، دەتوانرێت بە سوودوەرگرتن لە ئاوی بێخاڵ، بڕی (١,٢) مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنرێت، گرنگیی پرۆژەکە لەوەدایە کە بەردەوام بەهۆی ئاوی بێخاڵەوە، ئەو بڕە وزە کارەبایە بەرهەم دەهێنرێت.

پرۆژەکانی هایدرۆپاوەر لە سنووری بەڕێوەبەرێتی دابەشکردنی کارەبای سۆرانەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، لە رێگای سەرچاوەی ئاوی گوندەکان سوودی لێوەرگیراوە، لە سنووری قەزای چۆمان سێ پرۆژەی هایدرۆپاوەری لە گوندەکانی ئازادییو رایاتو رێزانی برایم ئاغا، لەسەر بودجەی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێت.

# زیاتر لە یەک ملیۆن لیتر بەنزینو گازوایل هاوردەی کوردستان دەکرێت

**بورهان نەوزاد**

بۆ ماوەی یەک هەفتە هاوردەکردنی سووتەمەنی لە دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران راگیرا، لەکاتێکدا کە رۆژانە زیاتر لە یەک ملیۆن لیتر بەنزینو گازوایل هاوردەی کوردستان دەکرا، لەوبارەیەوە سەلام عارب، جێگری بەڕێوەبەری گومرگی حاجی ئۆمەران، بە رۆژنامەی راگەیاند: راگرتنی هاوردەکردنی سووتەمەنییەکە دەگەڕێتەوە بۆ تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد، کە لە ئێستادا هاوردەکردنی سووتەمەنی دەستپێدەکاتەوە، دووبارە موزایەدە کراو گرێبەستەکە لەگەڵ سێ کۆمپانیای دیکە ئەنجامدراوە.

جێگری بەڕێوەبەری گومرگی حاجی ئۆمەران وتیشی: «ئەو سووتەمەنییە کە رۆژانە ملیۆنێک تا ملیۆنێکو ٥٠٠ هەزار لیتر لە گازوایلو بەنزین هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا، لەئێستادا راگیراوە».

پێشتر ئەو بڕە سووتەمەنییە بەنێو خاکی تورکیاو لە رێگای گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بەڵام لەئێستادا لە رێگای هەرسێ وڵاتی (ئەرمەنستانو تورکمانستانو ئازەربایجان)، بە سیستمی ترانزێت لە رێگای بەندەری (ئەنزەلیک) بۆ خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران هاوردە دەکرێت، رۆژانەش ملیۆنێک تا ملیۆنێکو ٥٠٠ هەزار لیتر سووتەمەنی لە گازوایلو بەنزین دەهێنرێتە هەرێمی کوردستانەوە.



## پۆزش


لەلاپەڕە دووی پاشکۆی ئابووریداو لەراپۆرتێکدا سەبارەت بەبودجەی هەرێم، باس لەو کۆنفرانسە کراوە کە یەکێتی خاوەنکارانی کوردستان تایبەت بەبودجە سازیانکردبوو، بەڵام لەبری ئەوەی ناوی یەکێتی خاوەنکاران برابێت، نووسراوە یەکێتی ناردنکرانی هەرێمی کوردستان، داوای لێبووردن لەخوێنەرانی بەڕێزو یەکێتی خاوەنکارانی کوردستان دەکەین.

## ئێران هەناردەکردنی غازی کوردستان بۆ ئەوروپا بەکارێکی سوودمەند ناو دەبات

www.netewe.com

## نزیکەی پێنج سەد هەزار ئۆتۆمبێل لەهەرێمدا هەیە

# لەکوردستاندا نرخی ئۆتۆمبێل بەرەو دادەبەزین دەچێت



**ئارام شێخ وەسانی**
**ئارا ئیبراهیم**

فرۆشتی ئۆتۆمبێل بەرەو لاوازیی دەچێتو بەپێی وتەی خاوەنی پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل نرخی هەندێک ئۆتۆمبێل نزیکەی دووهەزار دۆلار دابەزیوە، هاوکات پسپۆڕێکی بواری ئابووری هۆکارەکەی بۆ هاتنەناوەوەی ئۆتۆمبێلێکی زۆر بۆناو کوردستانو قەیرانی دارایی جیهانی دەگەڕێنێتەوە.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست رۆژنامە کەوتووە نزیکەی (٥٠٠)هـەزار ئۆتۆمبێل لەهەموو جۆرەکان لەهەرێمی کوردستاندا هەن، لەکاتێکدا کە دەرگـای سنوورەکان والآکراوە بۆ هێنانی ئۆتۆمبێلی زیاتر.

محەمەد حسێن لەپێشانگای کاروان بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێل وتی: «پێش چەند مانگێک نرخی ئۆتۆمبێل لەبەرزبوونەوەدابوو، بەڵام ئێستا بازاڕەکە وەستاووەو نرخی ئۆتۆمبێل بەگشتی دابەزیووە بەتایبەت ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز».

محەمەد وتیشی: «ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە مۆدێلیان لەسەرووی ٢٠٠٧وەیە نرخیان زیاد لەدوو هەزار دۆلار دابەزیوون».

ئـەو نموونەی ئـەوەی هێنایەوە، کە «ئۆتۆمبێلی ئەڤیۆی ٢٠٠٨ نرخی لەسەروو دەهـەزار دۆلارەوە بـووە، بـەڵام ئێستا بەهەشت هەزار دۆلار دەکردرێت».

خاوەنی پێشانگای کـاروان پێیوایە، دابەشکردنی ئۆتۆمبێل لەلایەن حکومەتو کەرتی تایبەتەوە بەشێوەی قیست ئەو هۆکارەی دروستکردووە، وتیشی: «دابـەشـکـردنو فـرۆشـتـن بەقیست لـەلایـەن حکومەتو کـەرتـی تایبەتەوە هۆکاری سەرەکییە، چونکە ئێستا چەندین کۆمپانیا هاتوون ئۆتۆمبێل بەقیست دەدەنە هاوڵاتییان ئەمەش کاریگەریی لە سەربازاڕ دروستکردووە».

عامر شێخ جەبار، کە لەپێشانگاکانی سلێمانی کاری کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەکـات، وتی: «دابەزینی نرخی ئۆتۆمبێل بەپێی جۆری ئۆتۆمبێلەکانە، بەڵام بەگشتی لەنێوان دووهەزار دۆلار بۆ سێ هەزار دۆلار نرخی ئۆتۆمبێلی مۆدیل بەرز دابەزیوە».

عامر هـۆکـاری ئـەو دابـەزینـەی بۆ ئـەوە گـەڕانـدەوە کە «ئۆتۆمبێلێکی زۆر

> **هاتنەناوەوەی ڕێژەیەکی زۆر لەئۆتۆمبێل بۆناوخۆی هەرێمی کوردستان، وایکردووە کە خستنەڕووی زۆربێت، ئەمەش ناهاوسەنگییەکی دروستکردووە لەگەڵ خواست بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن هاوڵاتییانەوە.**

دەهێنرێتە ناو هەرێمی کوردستانەوەو لەلایەن بەڕێوبەرایێتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستانەوە ژمارەیان پێدەدرێت بەنرخێکی دیاریکراویشە».

بەپێ ئامارێک کە لە ٢٠٠٨/٥/٢٦ لەبەشی ئاماری بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی هەولێرەوە دەست رۆژنامە کـەوتـووە، ڕێـژەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەناو شاری هەولێر هەیە بەشێوەیەکی گشتی زیاد لە (١٨٦) هەزار ئۆتۆمبێلە، بەمجۆرە ئۆتۆمبێلی تایبەت ١٠٤ هەزارو ٥٥، تەکسی ٢٣ هزارو ٣٣٣، بارهەڵگر ٥٣هـەزارو ٨٠٠، ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی ٣هـەزارو ٦٩٢، ئۆتۆمبێلی بیناسازیی (١١٥٨).

هەروەها لە ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی دهۆکدا هاتووە کۆی گشتی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە تۆمارکراون لەبەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی دهۆک ژمارەیان (١١٠) هەزار ئۆتۆمبێلە.

زیاتر لە (٢٣٠) هەزار ئۆتۆمبێل لەشاری سلێمانیدا هەنو زیاتر لە(٢٠) هەزار تاکسیو (٣٠) هەزار ئۆتۆمبێلی تایبەتو (١٣) هەزار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو تراکتۆرو ئۆتۆمبێلی بیناسازیی هەن.

پسپۆڕێکی بواری ئابووری باس لەوە دەکات بەهۆی قەیرانی دارایی جیهانییەوە نرخی ئۆتۆمبێل بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.

د. خالید دەلۆیی، ئەندامی مونتەدای ئابوریی کوردستان وتی: «قەیرانی دارایی جیهانیی کاریگەریی راستەوخۆی هەیە، چونکە ڕێـژەی خواست لەسەر ئۆتۆمبێل کەمبووەتەوە، بۆیە کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل ناچار نرخەکانیان داشکاند».

د.خالید ئـامـاژەی بـەوەکـرد، لەهاتنە نـاوەوەی ڕێژەیەکی زۆر لەئۆتۆمبێل بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان وایکردووە کـە خـسـتـنـەڕووی زۆر بـێـت، ئەمەش ناهاوسەنگیەکی دروستکردووە لەگەڵ خـواسـت بـۆ کڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن هاوڵاتیانەوە.

دەلـۆیـی وتیشی: «بـەهـۆی قەیرانی داراییەوە خستنەڕووی پارە کەمبووەوەو هاوڵاتیان پارەکانیان خەرج ناکەن، چونکە ئەو قەیرانە بێکارییەکی زۆری دروستکرد».

ئـەو پسپۆڕە ئـابـووریـیـە ئـەوەشـی روونکردەوە، کە دابەزینی نرخی ئۆتۆمبێل درێـژە دەکێشێت تائەو کاتەی قەیرانی دارایی جیهانیی بەرەو چارەسەر دەچێت، وتیشی: « قەیرانی دارایی تاشەش مانگێکی دیکە بەردەوام دەبێت، بۆیە تاچارەسەرێکی بۆ دەدۆزرێتەوە، نرخی ئۆتۆمبێل بەرەو دابەزین دەچێت».

لە لایەکیترەوە ئیسماعیل مەجید وەک ئابووریناسێک وتی: «بەهۆی کرانەوەی سنوورەکانی عێراق بـەڕووی وڵاتانی دەوروبـەرو هاتنی ڕێـژەیـەکـی زۆری ئۆتۆمبێلی مۆدێل بـەرز بۆناو هەرێمی کـوردسـتـان ئـەو حـاڵـەتـەی بەگشتی دروستکردووە، هەرشتێکیش کە زۆربوو نرخی کەمدەبێتەوە».

وڵاتـانـی بەرهەمهێنەری ئۆتۆمبێل بەهەموو جۆرێک رازیبوون بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێل، ئەویش بەهۆی ئـەو قەیرانە ئابوورییەی جیهانی گرتووەتەوە، ئیسماعیل مەجید ئاماژەی بەوەکرد، کە بێگومان ئەو قەیرانە کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی تووشی ئیفلاس بوون کردووە.

سەرپەرشتیار
محەمەد شێخ فاتح
٠٧٧٠ ١٤١ ٦٠٠٦
ئارا ئیبراهیم
٠٧٧٠ ١٥٠ ٩٠٣٣